# هونەری شـــەڕ

عومەر باڵەکی

**پێشکەشە بە گیانی هەموو ئەو فەرماندەو پێشپەرگانەی کە لە ڕێگای ئازادی و سەربەستی کوردستان دا شەهید بوون.**

## هونەری شەڕ

نووسین : سون تزو

وەرگێران بۆ فارسی : حسن حبیبی

گۆڕین و ئامادەکردنی : عومەر باڵەکی

کوردستان : ٢٠١٧ میلادی - ١٣٩٦ هیجری/شمسی

کاری هونەری : ئاگری باڵەکی

تایپ : ئارا باڵەکی

تیراژ : ١٠٠٠ دانە - هەولێر

ژمارەی ( ) سپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

# ناوەرۆکی کتێب


| | |
|---|---|
| دەروازە | ٥ |
| پێشەکی بۆ وەرگێرانی فارسی | ١٥ |
| بەشی یەکەم : هەڵسەنگاندی هەل و مەرج (بارودۆخ) | ٢٩ |
| بەشی دووەم : بارودۆخی شەڕ | ٤١ |
| بەشی سێیەم : ستراتیژی هێرشبەری | ٤٩ |
| بەشی چوارەم : ئامادەیی | ٦١ |
| بەشی پێنجەم : هێز | ٦٧ |
| بەشی شەشەم : خاڵە لاوازەکان و خاڵە بەهێزەکان | ٧٥ |
| بەشی حەوتەم : مانۆڕ | ٨٣ |
| بەشی هەشتەم : نۆ بگۆڕەکان | ٩٧ |
| بەشی نۆیەم : جووڵەکان | ١٠٣ |
| بەشی دەیەم : زەوی | ١١١ |
| بەشی یازدەیەم : نۆ جۆری زەوی یا مەیدانی شەڕ | ١١٩ |
| بەشی دوازدەیەم : هێرش بە ئاور | ١٣١ |
| بەشی سێزدەیەم : کەڵک وەرگرتن لە مەئمورینی نهێنی | ١٣٥ |

# دەروازە...

خوێنەری خۆشەویست، ئەو کتێبەی لەبەر دەستان دایە باس لە هونەری شەڕ دەکا، نووسەرەکەی کەسێکە بە ناوی «سون تزو» کە لە سەدەی یەکەمی زائین لە یەکێک لە ناوچەکانی چین دا ژیاوە. ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا بە دروستی دەیزانی کە شەڕ دیاردەیەکی قێزەون و ماڵوێرانکەرە بەڵام شێوەی بەرێوەبەری و فەرماندەهی شەڕ بە هونەر دەزانی و سوورە لەسەر ئەوە ئەگەر کەس یا کەسانێک لە مەیدانی شەڕدا خاوەنی هونەری شەڕ نەبن ناتوانن سەرکەوتن بە دەست بێنن.

لە حەوزەی جەنگ دا ئەو کتێبە بە زمانی چینی بە شێوەیەکی ساکار نوسراوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٢٢وەرگێردەراوەتەوە سەر زمانی فەرانسەوی و لە دوای ئەوەدا سرنجی ئەفسەرانی بریتانیایی بۆ لای خۆی ڕاکیشاوە و لە ساڵی ١٩٠٥وەرگێردەراوەتە سەر زمانی ئینگلیسی و هەتا ئێستا وەرگێردەراوەتە سەر دەیان زمانی جۆراوجۆری دنیا و لە زانستگا نیزامی یکاندا وەک ماددەیەکی خوێندن دەخوێندرێ.

لە سەردەمی ئێستا دا بەو هەموو پێشکەوتنە لە بواری جوراوجوری شارستانیەت وپیشەسازی ودەرکی ئەو ڕاستیە کە دیاردەی شەڕ مەترسیدار و تۆقێنەرو ماڵ کاوڵکارە

بەڵام دیسان شەڕ لە نێوان کۆمەڵگا جیاجیاکاندا لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە و ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە شەڕ لەگەڵ هەموو مێژووی مرۆڤایەتی هاتووە و ڕوونیش نییە هەتا کەی لەگەڵ مرۆڤ دەستەملان دەبێ. بە داخەوە دەتوانین بڵێین شەڕ لەگەڵ هەموو کەلێن و کە لە بەرەکانی ژیانی مرۆڤ تێکەڵاو بووە و لە بابەتەکانی وەک چیرۆک و شێعر و پەخشان و تەنانەت ئاین و مەزهەبیش دا ڕەنگی داوەتەوە. سون تزو لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە شەڕ دەبێتە هۆکار بۆ خەسار و زیانی ئابووری بۆیە پێداگری دەکاتەوە و دەڵی نابێ توشی شەڕ بین و ئەگەر توش بووین تەنیا دەبێ بیر لە سەرکەوتن بکەینەوە.

ئەو کتێبە نەچۆتە سەر بابەتی دیاردەی شەڕ کە ئایا شەڕ لە زاتی مرۆڤ دایە؟ یا مرۆڤ بە درێژایی میژوو بۆ مانەوەی خۆی لەسەر ئەو گۆی زەویە بە ناچاری تووشی بووە و ئێستا بۆتە بەشیک لە ژیانی، بەڵکو نووسەرگرینگی داوە بەچۆنیەتی شەڕکردن لە قۆناغی جۆراوجۆردا و منیش هەوڵم داوە بە وەرگیرانی ئەو کتێبە یارمەتێکی بچووکەم کردبێ بە هێزی پێشمەرگە،کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دژی داگیرکەران لە حاڵی شەڕدان.

بە داخەوە کوردستان بە درێژایی مێژووی بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی یا مەیدانی شەڕی ئیمپراتوور و پاشا زێدە خوازەکان بووە یا رۆلەکانی کوردستان بە دژی داگیر کەران و زاڵمان ڕاپەڕیون. واتە لە هیچ قۆناغێکدا شەڕ بەرۆکی کورد وکوردستانی بەرنەداوە و لە سەردەمی ئێستاش دا بە داخەوە لە سەر رووبەری خاکی کوردستان شەڕ هەر بەردەوامە و کورد نەی توانیوە وڵاتەکەی رزگار بکا کە ڕەنگە هۆکاری جۆراوجۆری هەبێ کە بە خاتر جەمی دەتوانین شارەزا نەبوون لە هونەری شەڕبە یەکیک لە هۆکارەکان دابنێین، ئەوە ڕاستە و حاشای لی ناکرێ کە رۆڵەی کورد لە مەیدانی شەڕ دا ئازا و بەجەرگە و بە هەزاران جار هێزی کۆک و پۆشتەی دوژمنیان لە بەرەکانی شەڕ تێک شکاندوو بەڵام دوای ماوەیەک هێزی دوژمن بە کەلک وەرگرتن لە هونەری شەڕ هاتۆتەوە مەیدان و هێزی شەڕکەری کوردی ناچار بە پاشەکەشە کردووە و زیان و زەرەرێکی زۆری ئینسانی و ماددی لەکورد داوە بۆیە وەک ئەرک و پێویستی لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تایبەتی فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەیە لە هەر

چوار پارچەی کوردستان لە ئەزموونی خۆیان و ڕابردوو کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی باشتر بتوانن لە مەیدانی شەڕدا لە هونەری شەڕ کەلک وەربگرن و بەسەردوژمندا زاڵ بن.

بە تێپەر بوونی کات ئوسوولی شەڕ ئالوگۆڕێکی وای بە سەر دانەهاتووە و هەموو پسپۆرانی شەڕ گەیشتوونەتە ئەوباوەرە کە بە هاتنە کایەی چەک و ئامرازی نوێی شەڕ، ئوسوولی شەڕ گۆرانێکی ئەوتۆیان بەسەر دا نایە و لە شوێن و جێگای پێویست بە پێی هەل و مەرج کەلکیان لێ وەردەگیرێ. یەکیک لە فەرماندەکانی رۆژئاوایی دەڵێ : «ئەو فەرماندەی تەنیا پشت بە چەک و تەقەمەنی دەبەستێ و لە هونەری شەڕ شارەزا نییە و ئوسووڵی شەڕ لەبەر چاو ناگرێ لە مەیدانی شەڕ دا دەستەوەستان و داماوە.» واتا ئوسووڵی شەڕ دەبێ لە مێشکی فەرماندەدا جێگیر بێ بە شێوەیەک کە لە کاتی پێویست دا بە شێوەی خودکار عەمەل بکا هەر بۆیە هەموو هەوڵی سوون تزو لە و کتێبەدا ئەوەیە کە پێویستە و دەبێ فەرماندەی نیزامی شارەزای هونەری شەڕکردن بێت.

لێرەدا بە کورتی باس لە ئوسوولی شەڕ لە سەردمی ئێستادا دەکەین کە لە زۆربەی ئەرتش و سپاکانی وڵاتە جیاجیاکان پێڕەوی دەکرین و کاتێک کتێبی هونەری شەڕ دەخوێنینەوە ئەو ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێ کە لە سەرەوە باسمان کرد کە ئوسوولی شەڕ ئاڵوکۆڕێکی ئەوتۆیان بە سەردا نەهاتووە. ئوسوولی شەڕ بەو رێ و شوێنانە دەگوترێ کە بەگشتی رێنوین و بەرێوەبەری شەڕن و دەتوانین لە ٩ ئەسڵ دا باسیان بکەین کە لە زۆربەی هێزە نیزامیەکانی دنیادا لەو ٩ ئەسڵە پێرەوی دەکەن :١- ئامانج ، ٢- هێرش،٣- ناوەندیەتی «مرکزیت»، ٤-دەست پێوەگرتن وپاشەکەوتی هێز، ٥- مانووڕ و جووله، ٦- غافڵگیری، ٧- پاراستن، ٨- سادەیی، ٩-یەکیەتی فەرماندەیی. فەرماندەی مەیدانی شەڕ بە کەڵک وەرگرتن لەو ئەسڵانە دەتوانی لە مەیدانی شەڕ دا نەخشی سەرەکی بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا بگێرێ. لێرەدا پێویستە ئیشارە بەوە بکەین کە ئەو ئەسڵانە پێوەندی نزیک و تەنگاوتەنگیان پێکەوە هەیە و بە پێی بارودۆخی مەیدانی شەڕ و شێوەی کەلک لێ وەرگرتنیان کاریگەری پۆزتیف یانگەتیف یان لە سەر یەکتر دەبێ.

**١-ئامانج:** ئامانج ویست و داوایەکە، کە هەموو توانایەکی و ماددی و ئینسانی بۆ

تەرخان دەکرێ.

**٢- هێــرش** : هێــزی نیزامــی بە هێرش دەتوانێ ویســت و ئیرادەی خۆی بە ســەر دوژمن دا بســەپێنێ چونکە چۆنیەتی بەرێوە چوونی هێرشــەکە هێرشکەر دیاری دەکا واتا ڕێبەری کردنی مەیدانی شەڕکە دەکەوێتە دەستی هێرشبەر.

**٣- ناوەندیەتی :** بریتیە لە بەرەو ژوورتر بردنی هێزی شەڕ لە کات و جێگای لەبار بۆ وەشاندنی زەبر لە خاڵی لاوازی دوژمن بە جۆرێک کە ئارایشی هێزی دوژمن تێک بچی و توانای شەڕکردنیان نەمێنی. بە کارهێنانی ئەو ئەسڵە لەگەڵ ئەسڵەکانی دیکەی شەڕ ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوە کە هێزیکی بچووک بتوانی سەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنێ.

**٤- دەســت پێوە گرتن :** بریتیە لە بــە کارهێنانی لانی کەمی هێز لە یەک یا چەند ناوچەی شەڕ بە مەبەستی بە کارهێنانی هێزی زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی شەڕ و یان بە مەبەستی کۆ کردنەوەی لانی زۆری هێز بۆ لێدانی زەربەی کۆتایی لە دوژمن کە ئەوە دەبێتە هۆی پاراستنی هێز.

**٥- مانۆڕ:** مانۆڕ بریتیە لە گۆرینی جێگای نەفرات لە مەیدانی شەڕ لە کات و شوێنی لەبار بۆ بەجێ گەیاندنی مەئموریەتی پێ ســپێردەراو. بە واتایەکی دیکە مەبەســت لە دانانی هێزەکان بە شــێوەیەک کە دوژمن بخاتە بارودۆخێکی نالەبار و ســەرکەوتن بۆ خۆمان دەستەبەر بێ. زۆربەی فەرماندەرانی رابردوو (ئەنیبال، ناپلئۆن، جورج واشنگتۆن ...هتد» سەرکەوتنی خۆیان لە بەجێ گەیاندنی دروستی مانۆر دەزانن. ڕادەی خێرایی مانۆر بە لەبەر چاوگرتنی پێشکەوتنی کەرەسەی هاتووچۆ لە پیادەوە بۆ سواری ئەسپ و لە دوایی داگۆردەراوە بۆ قەتار و ترۆمبیل و تەیارە خێرایەکی سەیری بە خۆیەوە دیوە.

**٦-غافڵگیری :** غافڵگیری بە مانای زەبر وەشــاندن لە دوژمنە لە کات و شــوێنێک دا کە چاوەروانی ناکرێ ودەبێتە هۆی شــپرزە بوونی هێزەکانی دوژمن. فەرماندەرێک کــە بە خێرایــی هێزەکانی کۆ دەکاتــەوە و بەر لــەوەی دوژمن دەرفەتــی دژکردەوەی

هەبێ زەبری خۆی دەوەشـێنێ دەبێ لەو ئەسـڵە کەڵک وەربگرێ. غافڵگیری دەتوانێ پارسەنگی هێز بە قازانجی ئەو فەرماندە بگۆرێ کە بەرامبەرکەی خۆی غافڵگیر کردووە. ئەسلی غافڵگیری بە پاراستنی نهێنیەکانی هێرش، خۆ حەشاردان، جووڵان و خێرایی و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر دوژمن سەردەکەوێ. کاتێک باشترین ئاکام لە شـەڕ دەست دەکەوێ کە ئەسـڵەکانی دیکە پێکەوە لەگەڵ ئەسلی غافلگیری بەرێوە بچێ.

**٧- پاراستن** : پاراستن بریتیە لە خۆ لادان بەرامبەر بە غافلگیری، چالاکی جاسووسی، خرابـکاری، چالاکی لێـدان و هەڵاتـن و چاوەدێـری دوژمن بۆ ڕاگرتنی هێزی شـەڕ پێوێستی یەکی بێ ئەملاو ئەولایە. بە ڕەچاوکردنی ئەسڵی پاراستن دەتوانین ئازادی بە کردەوەمان هەبێ و پێش بە غافلگیر بوون بگرین و هەر لەو کاتەدا دەتوانین دوژمنیش غافلگیربکەین.

**٨- ئەسڵی سادەیی** : بریتیە لە ڕوون بوون و سادەیی فەرمان و گەڵالە نیزامیەکان. نەخشـە و گەڵالـەی نیزامی دەبێ ڕوون بـێ و هەڵەی تێدا نەبێ. گەڵاڵەیەک سـادە دارێژرابێ لەوانەیە سـەرکەوتن بە دەست بینێ بە پێچەوانەش گەڵالەیەکی هەرچەند رێک و پێکێش بێ کە ئەسڵی سادەیی تێدا ڕەچاو نەکرابێ لە وانەیە تووشی شکان بێت.

**٩- یەکیەتـی فەرماندەیی** : یەکیەتـی فەرماندەیی برێتیە لە بوونی دەسـەڵات و ئیختیاراتی پێویست و بەکارهێنانی لانی زۆری تێکۆشانی هەموو هێزەکان بۆ گەیشتن بـە ئامانجی نیهایی. یەکیەتی فەرماندەیی دەبێ ببێتـە یەکیەتی بەکردەوە لە رێگای گەیشـتن بەئامانج. یەکیەتی فەرماندەیی هـاوکاری و کردەوەی بە کۆمەڵ پیک دێنێ و بۆ دابین کردنی ئەم هاوکاریە دیسیپلین و دڵسۆزی یەک یەکی تاکەکانی پێویستە.

سۆن تزو لە سێزدە بەشی جیاوازدا کە هەرکامیان باس لە بابەتێک دەکا کە لە شەڕدا فەرماندە و ئەفسەرەکان و هێزی شەڕکەر دەبێ بیزانن. (هەڵسنگاندنی بارودۆخی وڵات

و خەڵک، باردۆخی مەیدانی شــەڕ، ستراتیژی هێرشــبەری، ئامادەگی، وزەو هێز، خاڵە لاواز و بەهێزەکان، مانۆر، نۆبگۆڕەکان، جووڵەکان، زەوی، نۆ جۆر مەیدانی شــەڕ، هێرش بــە ئاور، کەلک وەرگرتــن لە مەئمورینی نهێنی) کە ئەوانە هەمان ئەو ئوســووڵانن کە لەســەرەوە باســمان کردن. دیارە کاتێک کتێبەکە دەخوێنیەوە توشی هیندێک بابەت دەبی کە ڕەنگە وا هەســت بکرێ لەگەڵ شەڕی ســەردەمەی ئێستا دا ناگونجی بەڵام لە ڕاســتی دا فەرماندەی نیزامی شارەزا لە هونەری شەڕ دەزانی وانییە چونکە مرۆڤ و زەوی ئێستاش دوو کەرەسەی ئەساسی و بنەرەتین بۆ بەرێوە بردنی شەڕ.

بــەڵام دەتوانین لە ڕوانگەی دیکەوە بێجگە لە شــەڕ بڕوانینە ناوەرۆکی ئەو کتێبە و لــە ژیانی رۆژانە دا کەلکی لێ وەربگرین چونکە ســەرکەوتن تەنیا تایبەت بە مەیدانی شەڕ نییە بەڵکو لە هەموو مەیدانەکانی دیکەی ژیاندا پێویستە سەرکەوتن بە دەست بێنین. کتێبی هونەری شەڕ باس لەو بنەمایانە دەکا بۆ سەرکەوتن کە لە ژیانی رۆژانەش دا دەتوانین بەکاریان بهێنین، بۆ نمونە ســون تزو دەڵێ : «ئەگەر دەتانهەوی شــتێک وەدەست بێنن و ئەو شتە لای ئێوە بایەخی هەیە هەرگیز هەوڵ مەدەن ریسکی لەسەر بکەن تەنیا ئەو کاتە جوڵە بکەن کە لێتان ڕوون بێت سەرکەوتن بە دەست دێنن» ئەو بابەتە ڕاستە لە مەیدانی شەڕ دا ستراتیژی نیزامی یە بەڵام هەر ئەو ئوسووڵانە دەتوانرێ لــە ژیانی رۆژانەش دا لەبەر چاو بگرێن و تەنانەت دەبێ بەســتێنی ســەرکەوتنیان بۆ ئامادە بکەین.

سون تزو لە بەشی ئاخری کتێبەکەی دا باس لە سیخورەکانی شەڕ دەکا و دەڵێ: «بۆ وەدەســت خستنی سەرکەوتن بە جێگای بە هەدردانی وزە و توانای ئینسانی و ماڵی وا باشــترە لە سیخورەکانی شەڕ کەلک وەربگرین واتە لە ڕێگای ئەو سیخورانەوە زانیاری تەواو لەســەر دوژمــن کۆبکەینەوە و ئەو کات هێرش بکەینە ســەر دوژمن» هەر ئەو ئەسڵە دەتوانین لە ژیانی رۆژانەش دا لەبەر چاوی بگرین واتە پێش دەست پێ کردنی هەر کارێک پێویســتە زانیاری کۆ بکەینەوە، بۆ نمونــە دەمانهەوی کارێکی بازرگانی و توجاری بکەین پێویســتە پێش ئەوەی دەســت بە کاری توجارەت بکەین ئەوەندەی بۆمان بکرێ لەسەر ئەو بابەتە زانیاری کۆبکەینەوە.

لە روانگەی ســون تزو شــەڕ بۆ دەوڵەت گرینگی خۆی هەیە هەر بۆیە خویندەنەوە

و موتاڵا و توێژینەوەی پێویستە. دەبینین سۆن تزو نزیک بە دووهەزار ساڵ لەوەو پێش بەو ئەنجامە گەیشتووە کە دەوڵەتی بە هێز پێویستی بە هێزێکی شەڕکەرو سازماندەراو هەیە کە شارەزایی لە هونەری شەڕدا هەبێ. هەر وەها ناوبراو بە دوای ئەو ڕێکارانەدا دەگەڕێ کە چۆن بتوانی سپایەکی بەهێز پێک بینی ولەهەمان کاتدا ئیشارە بە خاڵیکی گرینگ دەکا کە بۆ سەرکەوتن پێویستە ئەویش (یەکیەتی نەتەوەییە) کە بە گرینگترین بنەمای دادەنی بۆ سەرکەوتن.

شتیکی سروشتیە هیچ وشەیەک بە ڕادەی وشەی شەڕ لە نێو مرۆڤەکاندا بیزاو نییە، چونکە شەڕ هەموو کاتێک ماڵوێرانی و چارەڕەشی بە دواوە بووە. شەڕ ئاوەدانییەکانی وێران کردووە و ئاسایش و ئارامی مرۆڤەکانی تێک داوە و لە هەمان کاتدا پێشکەوتنی کۆمەڵگایەکی بە دوا خستووە و فەرهەنگ و داب و نەریتی کۆمەڵگایەکی دیکەی بە سەر کۆمەڵگای تێک شکاو دا فەرز کردووە.

لە سەرەتای سەر هەڵدانی مێژووی مرۆڤ شەڕ هەموو کاتێک بووە، بەڵام لایەنی رووخێنەری ئەو پێ بەپێی پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤ گەشەی کردووە و ئاکامەکانی تۆقێنەرتر و ماڵوێرانکەرتر بوون. ئامانجی شەڕ بێجگە لە پاراستنی هێزی خۆمان و لە نێو بردنی هێزی دوژمن شتیکی دیکە نییە، ئەگەر وایە دەبێ زۆر خۆمان ماندوو بکەین هەتا فێری هەموولایەنەکانی هونەری شەڕ ببین. لە مەیدانی شەڕ دا ڕەنگە زۆر هۆکار هەبن ببنە هۆی سەرکەوتن بەڵام گرینگ ترین هۆکار بۆ یەک لاکردنەوەی شەڕ ئیمان و ئیرادەی مرۆڤەکانە بەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن.

نەتەوەی کورد یەکیک لەونەتەوانەیە کە بە ڕەگ و پێست و ئیسقانەوە شەڕی هەست پێ کردووە و بە درێژایی مێژوو خاک و نیشتمانی پێ خوستی شەڕکەرانی بێگانە بووە بێ ئەوەی جارێک بۆ خۆی هێرشبەر بێ و ئەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنی کە کورد هەموو کاتیک دژی شەڕ بووە. بەڵام لە ماوەی دوو سەدی ڕابردوودا بە دەیان شۆرش و جووڵانەوەی ئازادی خوازی و ڕزگاریخوازی لێ سەرکوت کراوە و گەڵیک جاران لەسەر خاکی خۆی هەڵیانقەندووە و خەڵکی هاوردەیان لە جێگای داناوە و تەنانەت لە بەکار هێنانی نوێ ترین چەکەکانیش بە دژی کورد خۆیان نەپاراستووە. بەو نەهامەتیانەوە کورد جەستەی تێکەڵاوی شەڕ بووە بۆیە ناسینی شەڕ لە بوارە جۆراو جۆرەکانەوە بۆ

موتاڵاو خوێندەنەوەی خوێنەری کورد پێویستە .

گرینگـی کتێبی هونەری شـەڕ لەوەدایـە هەر چەند کورت و پوختـە و کاتی کەمی پێویستە بۆ خوێندنەوە بەڵام بە پێچەوانەوە کاتی زۆرتری پێویستە بۆ بیر لێ کردنەوە.

بـەو هیوایە وەرگێرانـی ئەو کتێبە و خوێندەنـەوەی لە لایـەن فەرماندەرانی هێزی پێشـمەرگە لە مەیدانەکانی شـەڕ بۆ هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەکەلک بێت و لەگەڵ تەجروبەکانی پێشـمەرگە تێکەڵا و بکرێ بۆ ئەوەی کورد و کوردسـتان ببنە خاوەنی هێزێکی نیزامی بە توانا لە هەموو بارێکەوە.

هیوا خوازم خوێنەری خۆشەویسـت بە تایبەتی فەرماندەرانی هێزی پێشـمەرگە لە کەم کورتیەکانم ببوورن.

**کورتەیەک لە قانوونەکانی کتێبی هونەری شەڕ:**

١- فریودانی دوژمن باشترە لە تێکشاندنی ئەو.

٢- هەڵگریسانی شەڕ زۆر ئاسانترە لە خولْقاندنی ئاشتی.

٣- خۆتـان لاواز و بچوک نیشـان بدەن هەتا دوژمن لە خۆبایی بێت و توشـی لێک دانەوەی هەڵە بێت.

٤- کەسـانێک کە لە هونەری شەڕ شارەزان دوژمن دەکێشـنە مەیدانی شەڕ، بەڵام کەسانێک کە لە هونەری شەڕ شارەزانین دوژمن ڕاکێشی مەیدانی شەڕیان دەکا.

٥- چاوەڕوانی هێرشـی دوژمن مەکـە، بەڵکو خۆتان ئامادە بکەن بـۆ هەر ڕووبەڕوو بونەوەیەک.

٦- هەرگیز باشترین سێناریۆ لە نەزەر مەگرە بەڵکو هەموو سێناریۆکان لە نەزەر بگرە.

٧-پێنچ هۆکاری سەرکەوتن بریتین لە: ئاو و هەوا، زەوی ،ڕێبەری، ڕێوشوێنی نیزامی، کاریگەری مەعنەوی.

٨- بەهێزترین فەرماندە ئەو کەسەیە کە بێ خوێنڕێژی سەرکەوتن وەدەست دێنێ.

٩- نێچیـر بـە هۆی تیژڕەوی و خێرایی بازە تێک دەشـکێ، بە هۆی تەوژم و خێرایی لافاوە تاشە بەردە گەورەکان لە جێگای خۆیان تل دەبنەوە.

١٠- هەتا ئێستا هیچ نەتەوەیەک لە شەڕی درێژخایەندا سوودی پێی نەگەیشتووە.

١١- هەڵاتــن و گــوێ نەدان بە فەرمان و لێک هەڵوەشــانی ســپا هەمــووی خەتای فەرماندەیە.
١٢- بــە جێگای هێرش بۆ ســەر ئاڵقە بەهێزەکانی دوژمن هێرش بکەنە ســەر ئاڵقە لاوازەکانی ئەو.
١٣- بۆ ئەوەی دوژمن وەجوڵە بخەین دەبێ سرنجی بەرەو شتێک رابکێشین کە پێی وایە دەتوانی وەدەستی بێنێ.
١٤- هێزەکــەی خــۆت بەرەو زەوی مــەرگ پەلکێش بکــە لەو حاڵەتــەدا ئەو هێزە نەدەترسێ و نەڕادەکا.
١٥- بنەمای شەڕ هەمووی فریو و هەڵخەڵەتاندنی دوژمنە.
١٦-ئەو کەســانە ببینەوەکە بۆ سیخوری هاتوون، بە وەبەر نانی تەماع و پێدانی ماڵی دنیا وایان لێ بکە سیخوری بۆتۆ بکەن.
١٧- وابکە کە دوژمن لای ڕاستی بە هێز بکا، و تۆ لەو حاڵەتە دا هێرش بکە لای چەپی کە لاواز بووە.
١٨- سپایەک سەرکەوتوویە کە لە یەکەم هەنگاودا بەستێنی سەرکەوتن ئامادە دەکا و لە دوایی دا هێرش دەکا، بەڵام ســپای شکســت خواردوو سەرەتا شەڕ دەکا ئەو کات هەوڵ دەدا بارودۆخ بۆ سەرکەوتن ئامادە بکا.
١٩- تەنیا ئەو کاتە حەرەکەت بکەن کە سوودی تێدا بێت و تەنیا کاتێک شەڕ بکەن کە ناچار بن.
٢٠- هیندێک ســپا هەن کە نابێ هێرشیان بکرێتە سەر وهیندێک زەوی هەن کە بۆ مەیدانی شەڕ نابن.
٢١-هەرگیز هێرش مەکەنە سەر دوژمنێک کە لە بەرزایەکان دامەزراوە .
٢٢- بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ڕێبەران نابی فەرماندەکان بخەنە ژێر گوشار.
٢٣- بۆ سەرکەوتن ڕادەی زۆری نەفەرات لە شەڕ دا ئیمتیاز نییە.
٢٤- پێش هەڵگریسانی شەڕدەبێ ویستی خەڵک لە بەر چاو بگیرێ .
٢٥- کەسێک خۆی و دوژمنەکەی باش بناسێ لە سەد شەڕیش دا مەترسی شکانی لە سەر نییە.

٢٦- ئەگەر فەرمان و دەستوورەکان ڕوون و ئاشکرا نەبن، هەڵە لە فەرماندەیە.

٢٧- سپای بێ سیخوور وەک کەسێکە کە گوێ و چاوی نەبێ.

٢٨- ڕێبەرێک کە زوو تووڕە دەبێ ناتوانی سپایەک پێک بێنی و فەرماندەیەک کە زوو تووڕە دەبێ ناتوانی لە مەیدانی شەڕدا سەرکەوتووبێ.

٢٩- بەرپرســایەتی فەرماندەیەک ئەوانن : خۆراگر و بە تەحمول، دادپەروەر و نهێنی پارێزبێت.

٣٠- چوست و چالاکی و خێرایی جەوهەری شەڕە.

٣١- کاتێک سەربازەکان بە هێزن و فەرماندەکان لاواز،لە سپا دابێ نەزمی روودەدا.

٣٢- دوژمن لە هەر چوار لاوە ئابلۆقە مەدەن چونکە کاتێک دەبینێ ڕێگایەکی بێجگە لە مردن نییە بە هەموو هێز و توانای خۆی شەڕ دەکا.

٣٣- کاتێک دوژمن لە هەموو شــوێنێک هەوڵ دەدا خۆی بە هێز بکا لە ڕاستی دا لە هەموو شوێنیک لاواز دەبێ.

وەرگێر: عومەر باڵەکی

## پێشەکی بۆ وەرگێرانی فارسی

# هونەری شەڕ

### سون تزو

(سوما شین) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی «پەروەندەی مێژوو یان ساڵنامەی مێژوو» کە بە ماوەیەکی کورت دوای ساڵی١٠٠ میلادی نوسیویەتی و لەسەر ئەو باوەرەیە کە (سوف وو) یەکێک بووە لە هاوڵاتیانی دەوڵەتی شی و کتێبی هونەری شەڕی خۆی لە کۆتایەکانی سەدەی شەشەمی پێش زائین وەک دیاری پێشکەشی (هولو) پاشای نیوەکێوی (وو) کردووە، مێژوو نوسانی چین لە سەدان ساڵ بەو لاوە سەبارەت بەو بابەتە لە شک و گومان دابوون و زۆربەی زۆری ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نوسینی ئەو کتێبە لەو سەردەمە کە (سوما شین) باسی لێوەدەکات ئیمکانی نییە، خوێندنەوە و موتالای منیش لەو ڕاستایە دایە و لەسەر ئەو باوەرەم کە ئەو نوسراوەیە لە سەدەی چوارەمی پێش زائین نوسراوە.

کتێبی (سون تزو) نابێ تەنها بۆ خوێندنەوەی سرنجی پێ بدرێ، گرینگی هونەری شەڕ زۆر لەوە زیاترە. ئەو کتێبە بەرهەمێکی هەمە لایەنەیە و پڕە لە ژیری و ئەندیشە و زیرەکی و لە ڕووی گەشبینی و ئیبتیکار و بەرهەم هێنان شاز و یەکەمە، بە دەیان سەدەیە لە ڕیزی بەرهەمە پلە یەکەکانی ئەدەبیاتی نیزامی چین دا جێگای خۆی

کردۆتەوە.

سەدان هەزار سەرباز و مێژونووسی چینی و ژاپۆنی سەرنجیان داوەتە ئەو نوسراوەیە کە لەناو بەرهەمە کلاسیەکانی هونەری شەڕ دا بە پلەی یەکەم ئەژمار دەکرێ.

لە نێوان کەسانی شاز و دیاری ئەو دەستەیە دەتوانین ئیشارە بە (تسائو تسائو) (٢٣٠-١٥٥ زائینی) بکەین، ناوبراو یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی سێ ئیپمراتووری و دامەزرێنەری زنجیرە پاشایی (وئی) بووە، خوێندنەوەی (تسائو تسائو) لەو نوسراوە و یاداشتی ١٠ توێژەری جێگای متمانە لە بنەماڵەی پادشاکانی تانگ و سونگ لەسەدەی یازدەهەم دا کە لە دەقێکی فەرمی دا کۆیان کردبووە، لە چارەگە سەدەی کۆتایەکانی سەدەی هەژدەهەم (سون هسینک ین) مێژوونووس و رەخنەگری ئەدەبی، خوێندنەوەی نوێی بۆ ئەو بەرهەمە کردوە و بابەتی نوێ لەسەر نووسیووە، وەرگێڕانێک کە لەبەر دەستمان دایە لە ڕووی ئەو دەقە یەکە لە چین پشتی پێ دەبەسترێ.

لە ڕوانگەی سون تزو «شەڕ بۆ دەوڵەت گرینگی حەیاتی هەیە، هەر بۆیە خوێندنەوە و موتالا و توێژینەوەی پێویستە»، سون تزو بۆ یەکەم جار تێکۆشاوە بەرنامە ڕێژی و ستراتیژی چالاکی نیزامی و شەڕ لەسەر ئەساس و مەبنایەکی ژیرانە بنیاد بنێ، بە پێچەوانەی نوسەرانی یونانی و ڕۆمی هۆگری و عەلاقەی بە تەنزیم و ڕێکخستن و نووسینی شێوەکاری هاڵۆزی نیزامی و یا شێوەکاری روکەش و کاتی نییە، ئامانجی ناوبراو لە نووسینی کتێبێکە لەسەر ئەساسی ڕێکارێکە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتنی فەرماندە و سەرداران کە ژیرانە بە دوای شەڕێکی سەرکەوتووانەدا دەگەڕێن، بە باوەڕی ناوبراو گەلاڵە دارێژی بەتوانا ئەو کەسەیە کە بتوانێ سپای دوژمن لە کاتی تێکهەڵچوون و شەڕدا تەسلیم بکاو شارەکان بێ ئابڵوقەدان دەست بەسەر دابگرێ و بێ ئەوەی شمشێرەکان بەخوێن بن دەوڵەت بروخێنێ.

لە ڕوانگەی سون تزو شەڕ بێجگە لە تێکهەڵچوونی دوو سپا لەگەڵ یەکتر هەڵگری کۆمەڵێک مەسائیلی دیکەشە و دەڵێ :

«... ڕادەی زۆری نەفەرات بە تەنیا نابێتە هۆکار بۆ سەرکەوتنی نیزامی» بەڵکو هۆکارەکانی بەرزی ورە و ژیرانە بیرکردنەوە و هەل و مەرجی مەیدانی شەڕ بە گرینکتر دەزانێت لە هۆکاری ماددی و بڕیاری حاکمان و فەرماندەران و بە پێداگریەوە دەڵێ بە

تەنها پشت بە هێز مەبەستن.

لە ڕوانگەی سون تزو «شەڕ هاوسەنگ نییە لەگەڵ کوشتار و وێرانکاری، بەڵکو ئامانجی ڕاستەقینەی ستراتیژی شەڕ ئەوەیە کە شارەکان و سپاکان، ئاوەدان و سەلامەت بکەونە دەست» بەواتایەکی دیکە هەتا مەجال و ئیمکانی هەبێ زاڵبوون بێ زیان و زەرەر بێ.

بە باوەڕی سون تزو بەرنامە ڕێژی ورد و هەمە لایەنە کە لەسەر مەبنای زانیاری ڕاست و دروست لەسەر دوژمن دارێژرابێ یارمەتی دەرێکی خێرا دەبێ بۆ چارەسەری مەسائیلی نیزامی و گیروگرفتی مەیدانی شەڕ، ئەو لەو ئاسەوارەی کە شەڕ لەسەر ئابووری لە دوای خۆی بە جێ دێڵێ بەئاگایە هەر بۆیە زیاتر لە کەسانی دیکە ئەو خاڵە دووپات دەکاتەوە  کە بەدەست پێ کردنی شەڕ نرخی کەلوپەل بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەچێنە سەرێ و ناتوانرێ پێشی پێ بگیرێ.

سون تزو باسی کاریگەری ڕاستەوخۆی تداروکات و مەودای خواردەمەنی لە ستراتیژی چالاکی نیزامی دا دەکاو لە نێوان هۆکارەکانی دیکە دا گرینگی دەداتە پێوەندی نێوان حاکم و فەرماندەی گشتی کە لەلایەن حاکمەوە دیاری کراوە، و گرینگی دەداتە خووخدە و تایبەتمەندی ئەخلاقی و حەساسیەت و هۆش و ژیری فەرماندە و هەروەها لە بایەخ و گرینگی سازماندەهی و فەرماندەهی و زەوی و بارودۆخی ئاو و هەوا دەدوێ.

لە ڕوانگەی سون تزو، ئەرتەش و سپا وەک کەرەسەیەک وایە کە فیشەکی خەلاس لەسەری دوژمن دەدا کە پێشتر زیانی پێ گەیشتوە پێش دەست پێ کردنی شەڕ مەئمورینی نهێنی کارێک دەکەن کە هاوکاران و هاوپەیمانانی دوژمن لێ دابېڕێن و لە هەمان کات دا چالاکی نهێنی تێکدەرانە ئەنجام دەدەن بە تایبەتی مەئمورینی نهێنی ئەرکدار دەکرێن کە دەنگۆی ناڕاست و دوور لە ڕاستی بۆ بەلارێ دابردنی دوژمن بڵاو بکەنەوە و هەوڵ بدەن بە پێکهێنانی نارەزایەتی ناوخۆ و پەرەپێدانی و بارهێنانی تابووری پێنجەم دوژمن هەراسان بکەن و کاربەدەستانیان بگرن.

«هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێک جاسوس لە هەموو کەلێن و قوژبن دا هەڵسنگاندی وەزعییەتی دوژمن دەکەن، ڕاپۆرتی ئەو جاسوسانە دەبێتە نەخشە و گەڵاڵەی شەڕێکی سەرکەوتووانە» مارشاڵ شاوشنیکف یەکەم کەس نییە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییە کە

شەڕتی یەکەمی سەرکەوتن «ڕەخساندنی بەستێنێکی ئامادە کراو و بێ کەم و کورتی بە قازانجی هێزەکانی خۆمان لە ئوردوگای دوژمن بەشێوەیەک لە پێش دا ئاکامی ڕوون بێ».

فەرماندەی پێشووی ناوەندی سپای سوور سەبارەت بەو ووتەی سون تزو دەڵێ: «ئەرتەشی سەرکەتوو هێرش دەکاتە سەر دوژمنێک کە لە پێش دا ورە و ئیمانی خۆی لە دەست دابێ و تێک شکابێ».

بە درێژای مێژووی چین هونەری شەڕ بە ناخی دا چۆتەخوارێ و کاریگەری هەبووە لەسەر ئەندیشەی نیزامی ژاپۆن، ئەو کتێبە سەرچاوەی ئەندیشەکانی ستراتیژی (مائۆ ستە تونگ) و دوکتۆرین تاکتیکەکانی ئەرتەشی چین بووە، بیر و ئەندیشەی سون تزو بەهۆی مەغۆلەکان و تاتارەکان گەیشتۆتە رووسیە و بۆتە بەشێکی گرینگی میراتی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو وڵاتە، بەو پێی یە تێگەیشتن لە قووڵای و ناخی ستراتیژی گشتی ئەو دوو وڵاتە بێ خوێندنەوە و موتاڵای هونەری شەڕ ناتوانێ کامل و تەواو بێ.

بە دوای ئەوەی لەو پێشەکیەدا گوترا لە لاپەڕەکانی دیکەدا ڕوانگەی سون تزو لە بارەی شەڕەوە زیاتر شی دەکەینەوە.

## شەڕ لە ڕوانگەی «سون تزو»

یەکەم پەند لە بەرهەمی سون تزو کلیلی فەلسەفەی ئەو دەداتە دەست، شەڕ لە مەسائیلی جیددی و گرینگ دەوڵەتە و پێویستی بە خوێندنەوەی ورد ودەقیق هەیە، لە ڕوانگەی سون تزو تێکهەڵچوونی چەکدارانە کارێکی غێرە عادی و تێپەڕ نییە، بەڵکو کارێکی ئاگاهانەیە کە دووپات دەبێتەوە و لە ئاکام دا پێویستی بە لێک دانەوەیەکی ژیرانە هەیە کە دەبێ سرنجی پێ بدەین .

سۆن تزو هێزی ئەخلاقی و مەعنەوی و تواناکانی مێشکی مرۆڤ بە هۆکاری راستەوخۆی تێکهەڵچونەکانی سەربازی دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەگەر هۆکار گەلی ناوبراو بە باشی و بەشێوەیەکی دروست کەلکی لێ وەربگیرێ بێ ئەولا ئەملا سەرکەوتن لە شەڕدا دەستەبەر دەبێ. ڕووبەڕو بوونەوە لەگەڵ شەڕ نابێ بە کەمتەرخەمی و بێ ئیحتاتی بەڕێوەبچێ هەر بۆیە بۆ کوتانەوی ڕێگای سەرکەوتن لە پێش دادەبێ

ڕێکاری پێویست بگرینە بەر.
مامۆستای شــەڕ گەڵالە و نەخشــەی دوژمن تێکدەدا و پەیماننامە و ڕێکەوتنەکان دەشــێوێنێ، نێوانی حاکم و وەزیر، کار بەدەســتانی ســەرەوە و ژێردەســتان و فەرماندە و فەرمانبەرەکان تێک دەدا و لەناویان دا تەفرەقە و جیایی دروســت دەکا، ســیخوڕ و مەئمورینی ئەو لە هەموو جێگایەک هەڵدەسوڕێن و چالاکیان هەیە و هەواڵ و زانیاری کۆدەکەنەوە و تۆوی دووبەرەکی دەچێنن و چالاکی تێکدەرانە دەکەن.
لە ئاکام دا دوژمن بە تەنیا دەمێنێتەوە و ورە لە دەســت دەدا و ئیرادەی خۆ ڕاگری و بەربەرەکانی تێک دەشکێ و بێ شەڕ سپاکەی دادەڕمێ و تەسلیم دەبێ و حکومەتەکەی دەڕوخێ و شارەکانی داگیر دەکرێن، مامۆستای شەڕ تەنها لە کاتێک دا کە نەتوانێ بەو کەرەسانە دوژمنی خۆی تێک بشکێنێ دەست بۆ هێزی چەکدارانە دەباو کارێک دەکا کە سەرکەوتنی بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە دەست بکەوێ:

١. لە کەمترین ماوە.
٢. بە کەمترین زەرەری ماددی و مرۆیی.
٣. بە کەمترین زیان گەیاندن بە شار و ئابووری دوژمن.

لە ڕوانگەی ســون تزو، «یەکێتــی نەتەوەیی» یەکێک لــە گرینگترین بنەماکانە بۆ ئەوەی لەشەڕدا سەرکەوتنی گەورە و یەکجاری دەستەبەر بێ کە ئامانجی دابین کردنی ژیانێکی ئاســوودە و بەختەوەرانە بێت بۆ خەڵک و دەســەڵاتێک لەسەر کار بێ زوڵم و زۆری دەرحەق بە خەڵکی خۆی نەکا، (سون هینگ ین) ناحەقی نییە کەپێی دەڵێ :
«...بیردۆزەکانی سون تزو لەسەر بنەمای «خۆشەویستی و دادپەروەری دامەزراوە».
سون تزو، شەڕ بە هەل و مەرجی سیاسی بێ واستە دەبەستێتەوە، یانی شەڕ بە بوون و نەبوونی یەکیەتیەکان و هەروەها یەک دەستی و ئارامی لە بەرەی نێوخۆیی و روحیە بەرزی سپا لەلایەک و بوونی دووبەرەکی و نارێکی لە وڵاتی دوژمن و داتەپیوی سپای دوژمن پێکەوە پێوەند و گرێیان دەدا، بەو مانایە لە هەوڵی دیتنەوەی ڕێکار و بنەمایەکی ڕاســتەقینە دایە بۆ هەڵسەنگاندنی ورد و بەراورد کردنی هێز و توانای دولایەنی ئامادە لە مەیدانی شەڕدا.

پێگە و کاریگەریەک کە سون تزو بۆ هۆکارە کانی مەعنەوی و بیرکردنەوە و کردار قائیل دەبێ و ئەو گرینگی و بایەخەی بە هەل و مەرجی دەدا نیشانەی قوڵایی بیرکردنەوەی ئەو بۆ داهاتوو دەردەخا کە جێگای ستایش کردنە، لەناو تئۆریسیونەکان و تەنانەت تئۆریسیونەکانی ڕۆژئاوا کە پێگەیەکی گرینگ یان لە کۆمەڵگا دا هەیە ڕادەیان زۆر کەمە کە ئەو باسانەی سون تزو لە ٢٣٠٠ ساڵ لەوەو پێش بە ڕوونی باسی کردووە، باسیان کردبێ و لێدوابن ڕەنگە بە سرنج دان بەو بابەتە سون تزو تەنها کەس نەبێ کە لە شەڕ و تێکهەڵچوونە نێونەتەوەیەکان، پێ وابێ کە هێزە چەکدارەکان هۆکاری یەکلاکەرەوە بن، بەڵام ناوبراو دەتوانێ یەکەم کەس بێ کە شوێنی ڕاستەقینەی سوپا و هێزە چەکدارەکانی دەست نیشان کردووە.

سون تزو لە دژکردەوەی ئابووری و ماڵی شەڕ بە ئاگایە، بە چوونە سەری نرخەکان و حەیف و مەیل و زیادەڕەویەکان گیروگرفتی پێوەندی دار بە دابین کردنی خواردەمەنی کە بارێکی قورسە و دەکەوێتە سەرشانی خەڵکەکە بەڕوونی ئیشارەیان پێ دەکا، کە ئەوە خۆی دەرخەری ئەوە ڕاستییە کە ناوبراو گرینگی ئەو هۆکارانە کە لە سەردەمی ئێستاش دا کەمتر لەبەر چاو دەگیرین، باسیان دەکا و دەیانناسێنێ.

سون تزو لە نێوان ئەوەی لەسەردەمی ئێمەدا بە دوو دەستەواژەی «ستراتیژی میللی» و «ستراتیژی نیزامی» پێناسەی بۆ دەکرێ، جیاوازی دادەنێ، ئەم جیاوازیە، لە بابەتەکانی بەشی یەکەم دا کە باسی هەڵسەنگاندی هێزەکانی مەیدانی شەڕ دەکا دردەکەوێ. سون تزو لەسەر ئەو باوەڕەیەکە پێنج مەسەلە دەبێ لە شوڕای پەرستگا (معبد) دا بێتە بەر باس، ئەو مەسەلانە پێوەندیان هەیە بەو سێ خاڵە:

- هۆکاری ئینسانی. (ئەخلاقی – مەعنەوی و فەرماندەهی)
- هەل و مەرجی فیزیکی. ( زەوی و کەش وهەوا)
- چاوگ (عنصور)ی دوکتورین.

دوای ئەوەی باڵا دەستی لەو پێنج سنوورە دا ڕوون بووە، شوڕا ئەو کات توانای ڕادەی نەفەرات لە بواری چەندایەتی (کە لە ڕوانگەی سون تزو وەک هۆکارێکی چارەنووس ساز نایەتە ژمار) و چلۆنایەتی نەفەراتی سوپا، نەزم، دادپەروەری لە خەڵات و سزادان دا

و ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ شەڕ هەڵدەسەنگێنێ.

سون تزو ئامانجی کردارێکی سەربازی لەوەدا نابینێت کە سپای دوژمن تێک بشکێنێ و شارەکان و ئاوایەکان وێران بکا «... چەک کەرەستەیەکی نامووبارەکە و کاتێک بەکاردێ کە ڕێگا چارەیەکی دیکە نەمابێ».

ڕۆژێک تزولو قوتابی کۆنفۆسیوس لەگەڵ مامۆستاکەی لەسەر شەڕ باس و خواستیان بوو.

-تزولو، گوتی «ئەگەر ببی بە سەرکردەی سێ هێزی چەکدار، چ کەسێک بۆ هاوکاری خۆت هەڵدەبژێری؟»

-مامۆستا وڵامی دایەوە «کەسانێک هەڵنابژێرم کە ژیان و مردن لە لایان وەک یەک بێت، بتوانێ بەبر بکوژێ و یا ئامادە بێت خۆی لە رووبار بهاوێ، بەڵکو کەسێک هەڵدەبژێرم کە کۆسپ و لەمپەرەکان بناسی و بەپێی پێویست و بە پارێزەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکاو باوەڕی وابێ کە بەیارمەتی ستراتیژی سەرکەوتن بە دەست بێنێ».

هونەری شەڕ بە تەواوی لەسەر مەبناو کۆڵەکەی فریو و هەڵخەڵەتاندن ڕاوەستاوە.

فەرماندەی قابیل دەبێ شارەزایی تەواوی بەسەر هونەرەکانی تەواوکەر، خۆنیشاندان و خۆشاردنەوە و هاو ڕەنگ کردن دا هەبێ و لە هەمان کات دا کە بە ڕواڵەت دوژمن خەریکی فریودان و بەلاڕێ دا بردنیەتی ئەو بەهۆی خۆشاردنەوە و نهێنی کاری و خۆهاوڕەنگ کردن لەگەڵ دەوروبەر، خەریکی خۆ ئامادەکردن دەبێ بۆ ئەوە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست بێنێ.

فەرماندەیەکی وا لە هەمان کاتدا کە بەهێزە وادەنوێنێ کە لاوازە، نزیکە بەڵام وا دەنوێنێ کە دوورە و بە پێچەوانەوە، وەک سێبەرە لە ژێر روناکی ئەستێرەکان بە ئەسپایی و بێ چرپە و بێ ئەوەی ببینرێ جوڵە دەکا. یەکەم ئامانج کە بە دوایەوە دەبێت خوێندنەوە و ناسینی ڕوح و ڕەوان و شێوەی بیرکردنەوەی فەرماندەی دوژمنە. هەل و مەرجی سەرکەوتن بەستراوەتەوە بە کردار و ئیبتیکار و خەلاقیەتی ئەو. سون تزو گەیشتۆتە ئەو ئامانجە پێش هەر شەڕێک پێویستە هێرش بکرێتە سەر ڕوح و

ڕەوانی هێزی دوژمن.

فەرماندەی لێزان بەلا ڕێکاندا لە ئامانجی خۆی نزیک دەبێتەوە ڕێگایەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و دوور هەڵدەبژێرێ بێ ئەوەی توشی بە توشی دوژمن بێت مەودای هەزار «لی» دەپێوێ و لە کۆتایی دا دوژمن غافڵگیردەکا.

فەرماندە ئازادی کردار و عەمەل بە گرینگ دەزانێ و لە بارودۆخی ڕاوەستاو و بێ ئاسۆیی بێزارە، هەر بەو هۆکارە هێرش ناکاتە سەر شارەکان مەگەر ئەو کاتە کە هیچ چارەیەکی دیکەی نەبێ. ئابڵۆقەی شارەکان، ژیانی مرۆڤەکان و کات بەفیرۆ دەدەن و دەبنە هۆکارێک بۆ نەبونی داهێنان و ئیبتیکار. فەرماندەی ژیر و وریا نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕوداوەکان، وا ڕێکدەکەوێ لە کاتی پاشەکشە دا توشی شەڕ دەبێ بەڵام بەشێوەیەکی وا خێرا پاشەکشە دەکات کە دوژمن ناتوانێ پێی بگا. ئامانج لە پاشەکشە ڕاکێشانی دوژمنە بە دوای خۆماندا بۆ ئەوەی هەماهەنگی و ڕێکخستنی ئەو تێک بچێ و بەستێن بۆ هێرشێکی پێچەوانە و تەواوکەربرەخسێ، واتا بە پێچەوانەی ڕواڵەتی مەسەلە ئەو پاشەکشەیە کردارێکی هێرش بەرانەیە.

فەرماندەی ئاگا و لێزان شەڕی بە جوڵەو حەرەکەت ڕێبەری دەکا و بە خێرایەکی چاوەڕوان نەکراو پێشڕەوی دەکات، زەربەی وا لە دوژمن دەدا کە وەک ئەو هەورە بروسکە وابێ کە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە هاتبێتە خوارێ و هەل و مەرجێک دەرەخسێنێ کە سەرکەوتن خێرا بکا چونکە ئامانجی شەڕ لە ڕوانگەی ئەو سەرکەوتنە، نەک چالاکی درێژخایەنی نیزامی و ئەو جۆرە سەرکەوتنە هەتا مەودایەکی درێژ خایەن دەبێ دەوامی هەبێ.

سەردارانی شەڕ کە ئاشنا بەکاری خۆیانن کاتێک هێرش دەکەنە سەر دوژمن کە هەل و مەرجی سەرکەوتن ئامادە و لەبار بێ و ئوسولەن پێکهێنانی هەل و مەرجێکی ئاوا لە ئەستۆی ئەو سەردارانەیە.

فەرماندەی لێزان پێش ئەوەی واریدی مەیدانی شەڕ بێت هەوڵ دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر هێزەکانی دوژمن بڵاو بکات و لە حاڵەتی وادا دوژمن هەوڵی ئەوە دەدا لە هەر گۆشە و کەنارێک بەرگری لە خۆی بکا واتا حاڵەتی بەرگری بە خۆیەوە بگرێ و لە حاڵەتی هێرشبەری بێتە دەر و بەو شێوەیە لە هەموو شوێنێک لاواز دەبێ و

لەو حاڵەتــەدا فەرماندەی ژێــر هەڵبژاردنی خۆی دەکات و هێزەکانــی لاوازی دوژمن دەخاتە بەر هێرشــی قورســی هێزەکانی خۆی. بەڵام زەربە لێدان تەنیا لایەنی ماددی نییە ئیمکانی هەیە فەرماندەی هێزی دوژمن کەسێکی ڕاڕایی بێت، بیر نەکاتەوە، تووڕە و لاســار بێ و یا بە ئاســانی فریو بخــوا. ئیمکانی هەیە هیندێک لــە نەفەراتی دوژمن ئاموزشــیان لاواز بێ و یا ناڕازی و ترســەنۆک بن، یا فەرماندەکەیــان بێ توانا و بێ مایە بێ. ئیمکانی هەیە دوژمن شــوێنی قەرار گرتنی نالەبار بێت و ئەفرادی خۆی زۆر بڵاو کردبێتەوە و یا پاشەکەوتی خواردەمەنیان کەمی هێنابێ و نەفەراتەکەی ماندو و هیلاک بن. ئەوانە خاڵــی لاوازی دوژمنن کە فەرماندە بە ئیبتیــکاری خۆی دەتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێ و بە داڕشــتنی گەڵاڵەیەکی ڕێک و پێک دەتوانێ بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕی و بۆ سەرکەوتن کەڵکی پێویستی یان لێ وەربگرێ.

ئــەو هۆکارانە «فۆرم و ڕواڵەت و ڕێکخســتنی» هێــزە چەکدارەکانی دوژمن دیاری دەکەن. فەرماندەی لێزان و ژیر تەرح و گەڵاڵەکانی خۆی بە لەبەر چاو گرتنی شێوەی ڕێکخستنی دوژمن دادەڕێژێ. ســون تزو دەڵێت «لە ڕووی تەپوتۆزی دوژمن وەزعی خۆت ڕێکبخە.» فەرماندەی ئاگا و وریا هەموو کاتێک هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی هێزەکانی دوژمن دەکا و لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك ڕێکاری پێویست لەبەر چاو دەگرێ تا دوژمن نەتوانێ لەســەر وەزعی ئەو، شــێوە و بارودۆخی خۆی ڕێک بخا. کەرەســە و وەسایلی تاکتیکی فەرماندە (هێزی ئاسایی و ڕاستەوخۆ «شینگ»ی پێدەڵێن و هێزی تایبەت و نا ڕاســتەوخۆ «شــی»ی پێدەگوترێ) ئەم دوانە بەشێوەی تێکەڵاو عەمەل دەکەن و ئاکام و کاریگەری هەر کامیان بەسەر ئەوی دیکەدا بەدیار دەکەوێ. دەتوانین «شــینگ» وەک توخمی پێکهێنەری جێگیر بوون و «شی» وەک توخمی پێکهێنەری گرفت بۆ زاڵ بوون بەسەر دوژمن دا مانا بکەینەوە و یا بە تەرتیب دەتوانین «شینگ» و «شی» توخمی پێکهێنەری هێرشی بە درۆ و ناڕاست و توخمی تەواو کەر بێنینە ژمار.

لە هەر حاڵ دا ئەوانە وەک دووانە بەیەکەوە بەستراونەوە، «شینگ» و «شی» وەک دوو هەودای پێکەوە تێکهاڵاون کە دەتوانین بڵێین یەکێک لەو دووانە لە کوێوە دەست پێ دەکاو ئەوی دیکە لە کوێوە تەواو دەبێ. توانای بوون بەیەکی ئەو دووانە ئیمکاناتێکی بەربەرین دەخاتە بەردەستی فەرماندە و ئەو کات ئیمکانی هەیە وەزیفەکانی «شینگ»

ببێتە وەزیفەی «شی» و بەپێچەوانەوە.

بەو پێی یە دەتوانین هێرشێک لە جۆری «شی» بە هێرشێک پێناسە بکەین کە کاتێک دەست پێدەکا بە لەبەر چاوگرتنی ڕێگایەکی خێرا و تێچوویکی کەم بتوانرێ بەڕێوەبچێ. عەمەلیات و چالاکی «شی» لە هەموو کاتدا پێشبینی ناکرێ غافڵ گیرانەیە و بەپێچەوانەی ڕێگا سونەتیەکانە، چالاکی «شینگ» زۆرتر لەگەڵ نەزم و ئوسولەکان دێتەوە. مەبەستی سون تزو لەو پێشنیازە چییە؟ بە «شینگ» هێرش دەست پێ بکا و بە «شی» سەرکەوتن دەستەبەر بکە. هەر بۆیە هێرشی درۆیی و ڕواڵەتی و لادانی دوژمن پێویستە هەتا بتوانرێ لەو جێگایە کە دوژمن کەمتر ئامادەیە یا چاوەڕوانی هێرش نییە زەربەی یەکجارەکی لێ بدرێ.

لە ڕوانگەی سون تزو بەشێک لە ئەرکی فەرماندە دەست نیشان کردنی ئاڵوگۆڕەکانە و پێچەوانە کردنەوەی ئەوان بە قازانجی خۆی، توانا و لێزانی فەرماندە بە هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی پێش دەست پێکردنی عەمەلیات ڕوون دەبێتەوە. فەرماندەی لێزان چاو بەستراو و بێ هۆ تێ ناکەوێ. بە پارێزەوە بەڵام سوور و پێگیرە و دەزانێ کە هێندێک ڕێگا هەن کە نابێ پێیان تێبنێ و هێندێک سپاهەن نابێ هێرشیان بکاتە سەر، و هەندێک فەرمان هەن نابێت لە کاتی خۆیان دا بەڕێوە بچن.

فەرماندەی ژیر و چاوکراوە بە ئاگاهیەوە بەرەو پیلی مەرگ دەچێ بەڵام بێ هۆ و لە خۆڕا ئەوە ناکا. فەرماندەی قابیل «بێ سرنج دان بە مەرگ و ژیان ناچێتە شەڕی بەبر و خۆی لە ڕووبار ناهاوێ». هەرکاتێک هەل و مەرج لەبار و ڕەخساو بوو چوست و چالاک بە ئیمانێکی پتەو و واریدی عەمەل دەبێ.

بیردۆزی سون تزو سەبارەت بە توانای خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە هەیە نیشاندەری لایەنێکی گرینگە لە ئەندیشەی ئەو. دروست وەک ئاو کە لەگەڵ ڕوخساری زەوی ڕێک دەکەوێ، هەر بەو شێوەیە لە شەڕیش دا پێویستە نەرمی بنوێندرێ زۆر جاران دەبێ تاکتیکەکان لەگەڵ وەزعیەتی دوژمن ڕێکبخرێ. ئەو شێوە بیرکردنەوە بە هیچ جۆر لایەنی ناچالاک بوونی نییە. چونکە ئەگەر پەتێک لە ڕادەی پێویست درێژتربێ و بە ئاسانی دەستی دوژمن بکەوێ ڕەنگە خۆی پێ بخنکێنێ. لە هێندێک هەل و مەرج دا شارێک لە دەست دەدەین و بەشێک لە هێزەکانی خۆمان

فیدا دەکەین و یا ناوچەیەک چۆڵ دەکەین هەتا بتوانین ئامانجێکی گەورەتر و بە بایەخ تر بە دەســت بهێنن. هەر بۆیە جێهێشــتن و تەسلیم کردنی بەو شێوەیە ئەو ئامانجە دا دەپۆشــێ کە جارێ نزیک نییە و ئەو کارە لایەنێکی نوێ لە وردبینی و دوربینی کار ناسێکی شەڕ دەردەخا.

ســون تزو لەو ئیحتمال و ئەمتیازانەی کە بەهۆی هەلومەرجی ئاو و هەوا دێنەپێش غافــڵ نییــە. هەروەهــا بە تەنگ ئــەو ئاکام و ئاســەوارەیە کــە لــە وەزعییەتی زەوی دەستدەکەوێ. فەرماندەیەک کە لە ناســین و هەڵسەنگاندنی زەوی شارەزای تەواوی هەیە دوژمنی خۆی دەکێشێتە شوێنێک کە خۆی مەبەستیەتی و بۆ خۆی لە چوون بۆ زەوی لەو شــێوەیە خۆ دەپارێزێ. زەوی و شــوێنێک کە دەیهەوێ ببیتە مەیدانی شەڕ خۆی دەســت نیشــانی دەکا و دوژمن بەرەو وێ پەلکێش دەکا. لە ڕوانگەی سون تزو فەرماندەیەک کە نەتوانێ بەچاکی لە زەوی کەڵک وەربگرێ شیاوی فەرماندەهی نییە[1].

ئەو بەشــە کە ســون تزو تایبەتی کرد بووبە چالاکی نهێنی لەســەردەمی ئێســتاش دا ئیعتباری هەیە و کارایە و ئەوە پێویســتی بە ڕونکردنــەوە نییە. ئەوەی دەبێ لێرەدا وەبیربێنینەوە ئەوەیە کە سون تزو پێویستییەکی دوو لایەنە بەتەواوی هەست پێدەکا، لەلایەک دەستەبەندی نەفەرات و لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبردنی چالاکی لە مەیدانی جۆراو جۆردا. پێداگیری لەســەر مەئمورینی دوولایەنە کــە نابێ لە بیربچێ. تابووری

---

١ ـ هەموو کاتێک چینیەکان هەستێکی تایبەتیان بۆ سروشت و بەرزی کێوەکان و ڕوبارەکان و لێرەوارەکانی خۆیان هەبووە. ئەومەســەلەیە لە وێنە کێشراوەکان و لە مێژوو شــیعر و لەسەر یەک لە ئەدەبیاتیان دا ڕەنگی داوەتەوە. ئیمکانی هەیە توانای فەرماندە گەورەکانیان لە شــێوەی دروست کەڵک وەرگرتن لە زەوی هەڵقوڵا و لەو بەهرە سروشتی یە بێ. کوتسویو «کوشین فانک» (١٦٩٢-١٦٣١) کە گەورەترین جوگرافیادانی نیزامی چین بووە باب و باپیریش جوگرافیازان بوون لە پێشەکی «کورتەیەک لە جوگرافیای مێژوویی» ١٦٧٨ دا دەنووسێ:

«...کەسێک کە دەیهەوێ لە بەشێک لە خاکی وڵات چالاکی نیزامی ئەنجام بدا دەبێ شارەزای جوگرافیای وڵات بێ. بە پێچەوانەی ئەوە، ئەگەر چالاکییەکە دیفاعی بێ یا هێرشبەری، خۆی بەرەو پیری مەرگ پەلکێش کردوە.» «جوگرافیای نیزامی چین کۆن لاپەڕە ٤»

کو لە ڕوانگەی ســون تزو ســەبارەت بە کاریگەری زەوی لەســەر ســتراتیژی بە حورمەتەوە باســی دەکا و دەنوســێ: «...هیچ کەس لە ســون تزو باشتر ناتوانێ باسی ســتراتیژی بکاو هیچ کەس لە ئەو باشتر ناتوانێ سەبارەت بە ئیمتیازاتی زەوی نەزەر بدا» «هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٢٥»

پێنجەم لە چینی کۆن و یۆنانی کۆن دا بوونی هەبووە و ســون تزو لەوەش غافڵ نەبووە و هەژماری کردون. ســون تزو بەو بەشە کە زۆربەی لایەنگرانی سونەتی کنفۆسیۆس تووشی ترس و دڵە خورپە کردوە «هونەری شەڕ»ی کۆتایی پێهێناوە.

## ژیانی «سون تزو»

ســون تزو هاوڵاتی (شی) بووە و بەهۆی کتێبەکەی خۆی واتا «هونەری شەڕ» توانی بگاتە لای هۆلو پاشای دەوڵەتی (وو).

هۆلو پێی گوت: «من ۱۳ بەشــی کتێبەکەی تۆم بە تەواوی خوێندۆتەوە ئایا دەتوانی هونەری خۆت لە پەیوەندی جوڵەی سپاو زاڵبوون بەسەر ئەوان دا بەکورتی نیشانمان بدەی؟»

سون تزۆ وەڵامی دایەوە: «دەتوانم.»

هۆلو پرسی: «دەتوانی ئەو تەجروبەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ژنانیش دا بەڕێوەببەی؟»

سون تزۆ ولامی دایەوە: «بەڵێ.»

بە دوای ئەو پرســیار و وەڵامە هۆلو فەرمانی کرد ۱۸۰ ژنی جوانی کۆشــک ڕادەســتی سون تزۆ بکەن.

سون تزو ئەوانی بە دوو دەستە دابەش کرد و بۆ هەرکام لە دەستەکان خۆشەویستێکی پاشای کردە سەردەستە. شێوەی هەڵگرتن و بەکارهێنانی تەوەرزین و ڕمبی فێرکردن و پێی گوتن: «...ئایا دەزانن کە دەســتی ڕاست و چەپ و دڵ و پشت لە کام لای لەش هەڵکەوتون؟»

ژنان وەڵامیان دایەوە: «دەزانین.»

سون تزو گوتی: «هەرکاتێک گوتم بۆ پێشەوە بەرەو پێش وەرسوڕێن و بەشێوەیەک کە دڵتان ڕوو بە من بێ، کاتێک گوتم بۆ لای چەپ بۆ لای دەستی چەپ وەرسوڕێن و کاتێک گوتم بەرەو دواوە پشت لە من بکەن.»

ژنان گوتیان: «تێگەیشتین.»

دوای گوتن و باسکردنی ئەو ڕێو و شوێنە سون تزو بۆ ئەوەی نیشانی بدا سورە لەسەر کارەکەی خۆی لە مەیدانی مەشقەکەدا جەلادی بە کەرەسەی جەلادیەوە ئامادە کرد.

بۆ جارێکی دیکە سون تزو سێ جار فەرمانەکەی دووپات کردەوە و پێنج جار شیکردەوە ئەو جار دەهۆڵ لێدرا و فەرمان بەدەستەکان کرا. «بەڕاست ڕاست» ژنان هەموویان بە دەنگی بەرز قاقایان کێشا.

سون تزو گوتی: «ئەگەر بابەتی ئاموزش دراو ڕون نەبێ فەرمانەکان شی نەکرابنەوە خەتا لە فەرماندەیە.»

بۆ جارێکی دیکە فەرمانەکانی سێ جار دووپات کردەوە و پێنج جار شی کردنەوە. ئەو جار دەهۆڵ بۆ سوڕان و خولانەوە بۆ لای چەپ لێدرا بەڵام بۆ جارێکی دیکەش ژنان بەدەنگی بەرز قاقایان لێدا و پێکەنین. سون تزو گوتی:

«...ئەگەر ئاموزش دروست نەبێ و فەرمانەکان ڕوون نەبن خەتا لە فەرماندەیە. بەڵام کاتێک فەرمانەکان بە وردی و ڕونی باسیان لێکراوە بەڵام فەرمانەکان لە لایەن فەرمانبەرانەوە جێبەجێ ناکرێن بە پێی قانونی نیزامی ئەفسەر و فەرماندەکان خەتابارن.»

هەر بۆیە فەرمانی دا کە فەرماندەکانی دوو دەستەی چەپ و ڕاست ئیعدام بکرێن.

هۆلو کە لە هەیوانی کۆشکەوە سەیری مەیدانی مەشقی سەربازی دەکرد کاتێک زانی دوو شۆخەکەی ئەو خەریکە ئیعدام دەکرێن بەپەلە بەردەستەکەی خۆی نارده لای سون تزو و ئەو پەیامەی بۆ نارد:

«... ئێستا دەزانم ژێنەڕاڵ لە بەکارهێنانی نەفەرات لە مەیدانی مەشق دا زۆر بە توانایە هەر بۆیە داوا کارم ئەو دوو ژنە ئیعدام مەکە چونکە بێ ئەو دوانە ناتوانم بژیم»

سون تزو وەڵامی دایەوە: «... ئەو خزمەتکارە پێشتر لەلایەن ئێوەوە پۆستی فەرماندەهی باڵاتان پێ سپاردوە و کاتێک ژێنەڕاڵێک فەرماندەهی سپایەکی پێدەسپێردرێ لەسەری نییە هەموو بڕیارات و فەرمانەکانی حاکم جێبەجێ بکا...»

هەر بۆیە فەرمانی کرد ئەو دوو ژنە کە فەرماندەی دەستەکانی خۆیان بوون بۆ چاوترسێن کردنی ئەوانی دیکە ئیعدام بکرێن. بەدوای ئیعدامی ئەوان دا دوو کەسی دیکە کە پلەیان لەخوار فەرماندە ئیعدام کراوەکان بوو کردنی بە فەرماندەی دەستەکان و جارێکی دیکە دەهوڵ لێدرا و فەرمان درا، ژنان دروست بەو جۆرە کە قەرار بوو بە چەپ و ڕاست و پێش و پاش دا هەڵسوڕان و کەوتنە سەر ئەژنۆ و هەستانەوە بێ

ئەوەی کەمترین دەنگیان لێوەبێ و نافەرمانی بکەن. لەو کاتەدا ســون تزو پەیامی نارد بۆ حاکم ئێستا ئەفرادی لەشکر نەزمی تەواویان هەیە و پاشا دەتوانێ بۆ سەیر کردنیان تەشریف بێنێ. ئەو کەسانە بەشێوەیەک بار هێنراون کە پاشا بە مەیل و ویستی خۆی دەتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێ چونکە توانایان هەیە لە ئاو و ئاور تێپەڕ ببن.

هۆلو گوتی: «...ژێنەڕاڵ دەتوانێ بگەڕێتەوە شوێنی حەسانەوەی خۆی و بحەسێتەوە من مەیلم بە تەماشا کردن نییە.»

هۆلو دەرکی بە لێهاتویی و بەهرە و توانای سون تزو وەک فەرماندەی سپا کرد و پلەی فەرماندەی پێبەخشــی ســون تزو لەگەڵ دەوڵەتی(شــو) لە ڕۆژئاوا شەڕی کرد و خۆی گەیاندە (یینگ) لە باکوریش مەترسی خستەسەر (شی) و (چین).

# بەشی یەکەم

## هەڵسەنگاندی هەل و مەرج (بارودۆخ)

**سون تزو دەڵێ:**

١. شــەڕ بۆ دەوڵەت گرینگی حەیاتی هەیە. شــەڕ دەشتێکی پان و بەرینی مەرگ و ژیانە و ڕێگای مان و نەمانە. هەر بۆیە پێویستی بە خوێندنەوە و موتالای ورد و دەقیق هەیە.

**لی شوان دەڵێ:**

«...چەک کەرەســەیەکی نامووبارەکە و شــەڕ کارێکی زۆر گرینگە و ترس لەوەیە کە مرۆڤەکان بێ فکر و ئەندیشەیێک کە بارتەقای شەڕ نەبێ، خۆیان توشی شەڕ بکەن.»

٢. بەو پێ یە شــەڕ لە پەیوەندی لەگەڵ پێنج هۆکاری ســەرەکی هەڵدەســەنگێنین و ئــەو پێنج هۆکارە لەگەڵ حــەوت پێکهاتەی کە لە خوارەوە باســیان دەکەین لە دوو لایەنەوە پێکەوە بەراوردیان دەکەین.

٣. یەکــەم هــۆکار کاریگەری ئەخلاقی، هــۆکاری دووهەم بارودۆخــی کەش و هەوا و ســێهەمین هــۆکار زەوی و چوارەمین هۆکار فەرماندەهــی، پێنجەمین هۆکار قەول و قەرارەکان.

**شوانگ یو گوتی:**

«... ڕیزبەندی بابەتی هۆکارەکانی باسەکە بەتەواوی ڕوونە.»

کاتێک کە لەشکر و ســپاییەکان بۆ بەسزاگەیاندنی خەتاکاران ئامادە دەبن. شوڕای پەرستگا «معبد» یەکەم کاریان ئەوەیە کە ڕوانگە و بۆچوون و ڕەزامەندی فەرماندەکان و ڕوانگــەی ئەو خەڵکــەی لە ژێر حوکمی ئەواندان، وەربگرن و لــە دوایی دا دەڕوانێتە بارودۆخی کەش و هەوا و لە کۆتایی دا بیر لە دژواریەکانی مەیدانی شەڕ دەکاتەوە. دوای باس و ڕاوێژێکی زۆر لە چوارچێوەی ئەو ســێ بابەتەدا بۆ هێرش کردن فەرماندەیەک دەســت نیشــان دەکا، ئەو کاتەی لەشکر لە ســنورەکانی وڵات تێپەڕبوو مەسئولیەت و بەرپرســیارێەتی دەرکردنــی بڕیار و دیاری کردنی قــەرار و پەیمانەکان و ڕێنوێنی لە ئەستۆی ئەو فەرماندەیە.

٤. مەبەستی من لە کاریگەری ئەخلاقی کارێکە کە دەبێتە هۆی هەماهەنگی خەڵک

لەگەڵ ڕێبەران بەشێوەیەک کە خەڵک لە ژیان و مەرگ دا پێڕەوی لە ڕێبەرانی خۆیان دەکەن بێ ئەوەی ترسیان لەوە هەبێ کە گیان و ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

## شوانگ یو گوتی:

«... بەو شەرتە لەگەڵ خەڵک بە نەرم و نیانی و دادپەروەری و یەکسانی ڕەفتار بکرێ کە ئیعتیماد و باوەڕی دوو لایەنە پێک بێ کە ئەوە دەبێتە هۆکاری لێک نزیک بوونەوەی خەڵک و سپا و لەهەمان کات دا هەردوو لایەن هەوڵ دەدەن خزمەتی فەرماندە و حاکمەکانی خۆیان بکەن. لە کتێبێک دا بەو شێوە باسی ئەو مەسەلەیە دەکا:

«کاتێک خەڵک بەسەر دژواریەکاندا زاڵ دەبن هەر ئەو کات سەرمەستی سەرکەوتن دەبن و مەترسی مەرگ و ناخۆشیان لە بیردەچێتەوە.»

٥. مەبەستی من لە بارودۆخی کەش و هەوا ئەو کاریگەریە دوو لایەنەی هێزەکانی سروشتە کە بەسەر یەکتری دا هەیانە و لە ئاکام دا سەرمای زستان و گەرمای هاوین لەسەر چالاکی نیزامی و شێوەی فەرماندەهی نیزامی و جەنگی کە بە پێی وەرزەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر دادێ کاریگەریان دەبێ .

٦. مەبەستی من لە زەوی، مەوداکان و دژواری و ئاسانی نێوان ئەو مەودایانە، تایبەتمەندی زەوی لە ڕووی بەر بڵاوی و ڕێگری و سەختی، واتا وەزعی هەڵکەوتی زەوی شیمانەی مەرگ و ژیانی لێ دەکرێ.

## می یا ئوشین گوتی:

«...کاتێک سپایەک بۆ ناوچەیەک ڕەوانە دەکرێ، دەبێ لە پێشدا تایبەتمەندیەکانی زەوی لە بواری نارێکییەوە بەباشی تاوتوێ بکرێ. بە سرنج دان بە وەرزەکان گەڵاڵەی چالاکی و عەمەلیاتی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دابڕێژرێ. کاتێک ڕادەی ئاسانی یا دژواری تێپەڕبوون لەو ناوچەیە ڕوون بووە دەتوانرێ دەست نیشانی ئەوە بکرێ کە پێویستە پیادە نیزام یا سوارە نیزام دەست بەکاربێت. کاتێک زانرا لە چ ئاستێک دا ڕێگا بەرتەسک دەبێتەوە و لە چ ئاستێک دا بەرین دەبێ، دەتوانرێ ئەژماری ئەو ڕادە

لە نەفەرات بکرێ کە لە مەیدانی شەڕەکەدا ئامادەبن.»

٧. مەبەستی من لە «دەسەڵات و فەرماندەهی» ئەو تایبەتمەندیانەیە: ژیری، دادپەروەری، مرۆڤایەتی و ئازایەتی و سوربوون لەسەر قەرار و بڕیار.

## لی شوان گوتی:

«... ئەو پێنج تایبەتمەندیە، تایبەتمەندی فەرماندەیە و بە سرنج دان بەو تایبەتمەندیانەیە کە سپا فەرماندەی خۆی بە (سەروەر و گەورەم) بانگ دەکا.»

تومو گوتی:

«... ئەگەر فەرماندە ژیر و زانا بێ، توانای هەیە ئاڵوگۆڕەکانی پێک هاتووە لە بارودۆخەکە بناسێتەوە لە کاتی خۆی دا واریدی عەمەل بێت. ئەگەر دادپەوەر بێ ژێر دەستانی لە پەیوەندی بە پاداشت و سزاوە باوەر و ئیعتمادیان پێ دەبێ و ئەگەر خەسڵەتی ئینسانیەتی تێدابێ، کەسانی دیکەی خۆش دەوێ و سەبارەت بە ئەوان هەستی خۆی دەردەبڕێ و لە ئازار و ژانی رۆژانەی ئەوان تێدەگا. ئەگەر ئازا بێ، بێ شک کاتی لەبار لە دەست نادا و سەرکەوتن بەدەست دێنێ. ئەگەر سوربێت لەسەر کارەکەی، ئەفرادی سپاکەی بە نەزم دەبن چونکە لەوە دەترسن خۆشەویستی فەرماندە لە دەست بدەن و سزا بدرێن.»

## شین پا او هسو گوتی:

«...ئەگەر فەرماندە ئازا و چاونەترس نەبێ ناتوانێ بەسەر دڵە ڕاوکیەکانی دا زاڵ بێ و گەڵاڵە و تەرحی گەورە بۆ سەرکەوتن دابرێژێ.»

٨. مەبەستی من لە دەستور و بڕیار و یاسا بنەڕەتییەکان ئەوەیە: سازماندەهی و فەرماندەهی و بردنەسەری پلەو پاییەی ئەفسەرانی شیاو، دابین کردن و پاراستنی ڕێگاکانی تەداروکاتی و پێشبینی و سەرنج دان بە پێویستیەکانی بنەڕەتی سپایە.

٩. هیچ فەرماندەیەک شک نابەم کە ئەو پێنج خاڵەی نەبیستبێ. ئەوانەی کە بەسەر ئەو خاڵانە دا زاڵبن، سەرکەوتووی شەڕن و ئەوانەی ناتوانن بەسەر ئەو پێنج خاڵە دا زاڵ

بن تووشی شکان دەبن.

١٠. ئەو کاتەی کە گەڵاڵەکان ڕێکدەخرێن، پێکهاتەکانی خوارەوە لەگەڵ هۆکارەکانی سەرەوە لە بەرامبەر یەکیان دابنێن و بە وردی و وردبینییەوە هەموویان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەن.

١١. ئەگەر پاشایەک «حاکمێک» خاوەنی زۆرترین کاریگەری ئەخلاقی و بە تواناترین سەر فەرماندەهی بێت و سپاکەی لە باشترین هەل و مەرجی زەوی و کەش و هەوا بەهرە مەندبێ و لەو سپایەدا قاعیدە و قانوون و قەرارەکان بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێن و دەستوورات و فەرمانەکان بە باشترین شێوە بەڕێوەبچن، دیسان دەبێ بزانین کام دەستە لە نێو سپادا لە دەستەکانی دیکە بەهێزترە.[1]

### شانگ یو گوتی:

«...عارەبانەی قایم، ئەسپی تیژڕۆ، دەستەو تاقمی ئازا و جوامێر و چەکی تیژ و کاریگەر بۆ سەرکەوتن پێویستە، دەستەو تاقمی ئازا ئەو کەسانەن کە بە دەنگی دەهۆل کە فەرمانی هێرش دەدا شاد دەبن و کاتێک «شەیپووری» پاشەکشە لێ دەدرێ تووڕە دەبن کەسانێک کە لە بارودۆخی ئاوادابن، بە هێز و بەتوانان.

١٢. چ کەسێک ئەفسەران و هێزی پەروەردەکراوی هەیە؟

تومو گوتی لەبەر ئەوە مامۆستا وانگ دەڵێ:

«... ئەگەر ئەفسەران باش ڕانەهێندرابن، لە کاتی شەڕ دا تووشی سەر لێ شێواوی و لەرزۆکی ڕوحی دەبن. ئەگەر فەرماندەکان بە باشی پەروەردە نەکرابن کاتێک لە بەرامبەر دوژمن دا قەرار دەگرن لە بواری ڕوحی و ڕەوانییەوە تێکدەشکێن.

١٣. چ کەسێکە کە تەشویق و تەنبێەکان بە وردبینی زۆرەوە بەکار دێنێ؟

«لەو بارەوە و لە بوارەکانی دیکەوە نابێ زیادەڕەوی بکرێ»

١٤. بەپێی ئەوەی تێپەڕبوو من لە بارودۆخێکدا قەرار دەگرم کە بتوانم پێشبینی ئەوە

---

١ - دوو بەندی ئاخری ئەو خاڵە باس لە ٧ توخم و پێکهاتە دەکات کە لە خاڵی ٢ دا ئیشارەی پێکراوە

بکەم کە سەرکەوتن لە کام لاوە و شکان لە کوێیەوە دەست پێدەکا.

١٥. ئەگەر فەرماندەیەک ستراتیژی من هەڵدەبژێرێ و بەکاری دەهێنێ ڕاستەوخۆ سەردەکەوێ، ئەو فەرماندەیە بهێڵەوە و ئەگەر فەرماندەیەک سەرنج ناداتە ستراتیژی من و کەڵکی لێوەرناگرێ و ڕاستەوخۆ تووشی شکان دەبێ پێویستە ئەو فەرماندەیە وەلابنرێ.

١٦. بە سەرنج دان بەو ئیمتیازانەی کە گەڵاڵەکانی من هەیانە، فەرماندە دەبێ هەل و مەرجێک بخوڵقێنێ کە سەرکەوتن دەستەبەر بێ. مەبەستی من لە پێکهینانی هەل و مەرج ئەوەیە کە فەرماندە دەبێ، لە کاتی خۆی دا ئەوەی بە قازانجی دەزانێ عەمەلی پێ بکاو بەو شێوەیە دەتوانێ هاوسەنگی و بەرابەری پێک بهێنێ.

١٧. هونەری شەڕ لەسەر یەک لەسەر ئەساسی فێڵ و فریو ڕاوەستاوە.

١٨. هەر بۆیە، کاتێک بەهێزن وانیشان بدەن بێ توانان و کاتێک چالاکن خۆتان ناچالاک نیشان بدەن.

١٩. کاتێک لە دوژمن نزیک بوونەوە کارێکی وا بکەن کە هەست بکا ئێوە زۆر دوورن و کاتێک دوورن بەشێوەیەک هەلس و کەوت بکەن کە دوژمن وا باوەڕ بکا زۆر نزیکن.

٢٠. سرنجی دوژمن بە کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ لای خۆتان ڕابکێشن هەوڵ بدەن لە کەمینی خۆتانی بهاوێن. وانیشان بدەن بێ نەزم وبێ ڕێکخستنن بە دوای ئەوەدا هێرش بکەنە سەر دوژمن.

## تومو گوتی:

«... ژێنەڕال (لی مو) سەربە دەوڵەتی (شائو) ئەو کاتەی کە (هسیونگ نو)کان هێندێک هاتنە پێش مێگەلە مەڕەکانی لەگەڵ شوانان لە بیابان بەجێ هێشت و وای نیشان دا کە لەحاڵی پاشەکشە دا شەڕ دەکا و لە پشت سەری خۆی چەند هەزار نەفەرێکی لە سپاکەی جێهێشتبوو، وەک ئەوەی وابێ کە ئەوانە بەجێ ماوەن، کاتێک خانی (هسیونگ) بەوەی زانی لەگەڵ سپایەکی گەورە پێشرەوی کرد و لەوکاتەدا لی مو کە بەشێکی گرینگ و بەرچاو لە هێزەکانی خۆی لەلای ڕاست و چەپی مەیدانی شەڕەکە ئاڕایشی شەڕی پێ دابوون ، لەکاتی گونجاودا هێرشی کرد و (هون)کانی تێکشکاند و

زیاتر لە هەزار سوارەی لێ کوشتن [٢].

٢١. کاتێک دوژمن خۆی کۆ دەکاتەوە و ئامادە دەبێ پێویستە ئێوەش خۆ کۆ بکانەوە و ئامادەی مەیدانی شــەڕ بن. لەهەر شوێنێک دوژمن بەهێزە لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەو خۆ بپارێزن.

٢٢. هەوڵ بدەن فەرماندەی دوژمن تووڕە و تووشی دڵەڕاوکێ بکەن.

## شانگ یو گوتی:

«... ئەگەر فەرماندەی دوژمن کەسێکی لاسار و تووڕەیە، جنێوی پێ بدەن و تووڕەی بکەن بە شـــێوەیەک کە هەڵچێ و ڕاســـت و دروستی مەســـەلەکان لێک نەکاتەوە، بێ گەڵاڵە و نەخشە و بیر لێکردنەوە، خێلە سەرانە بەرەو ئێوەبێت و هێرش بکا.

٢٣. وابنوێنــن کە لە بارودۆخێکی خەراپ دا قەرارتان گرتووە بەو جۆرە بەســـتینی لە خۆبایی بوونی دوژمن بخولقێنن.

لە کۆتایەکانی زنجیرە پاشــایەتی حکومەتی چین موتون[٣] لە عەشــیرەی (هسیونگ نو) دەســـەڵاتی خۆی بۆ یەکەم جار جێگیر کرد.(هو)یەکانی ڕۆژهەڵات بەهێز بوون لە ماوەیکی کەم دا بە چەند جارێک نوێنەریان هەناردەی لای (هســـیونگ نو)کان دەکرد و داواکاریان پێشکەش بە خان دەکرد. نوێنەرەکان گوتیان «ئێمە دەمانهەوێ ئەسپی تیژڕەوی «هەزار لی (توما) بکرێــن». موتون لەگەڵ ڕاویژکارەکانی خۆی ڕاوێژی کرد. ڕاوێــژکارەکان ئــەو داواکاریەیان لا ســەیر و قورس بوو و بە دەنگی بــەرز نارەزایەتیان دەربڕی و گوتیان: ئەســپی تیژڕەو «هەزار لی» بەنــرخ ترین گیانلەبەری ئەو وڵاتەیە و ناکــرێ داواکاریەکەیان جێ بە جێ بکەین». موتون لە وڵامی ڕاوێژ کارەکانی خۆی دا گوتی: «بۆچی بۆ ئەسپێک دڵی دراوسێ لە خۆمان بڕەنجێنین؟» بە دوای ئەو قسەیەدا

٢ - (هسیونگ نو)کان کۆچەری بوون کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بۆ چینییەکان کێشەی گرفتیان دروست کردبوو. دیواری گەورەی چین بە مەبەستی بەرگری لە بەرابەر هێرشی ئەوان دا ساز کرا.

٣ - موتون یا تۆماو یا تۆمان یەکەم حاکم بوو کە هیسیونگ نوکانی لێک کۆکردەوە و ئەسپی تیژڕۆ (باد پا) کە بە ئەسپی هەزار لی بەناوبانگ بوو، واتا هەزار لی کە نزیک بە ٣٠٠ میل (٤٨٠ کم) دەبێت، بێ ئەوەی پێویستی بە ئاو و تفاق هەبێ ببڕی.

ئەسپێکی بۆ ناردن. ماوەیەک تێپەڕی دیسان (هو)یەکانی روژهەڵات چەند نوێنەرێکی دیکەیان ناردەوە و گوتیان: «داوا کاریمان ئەوەیە یەکێک لە خانزادەکانمان بدەنێ. موتون نەزەری وەزیرەکانی خواست. هەموویان تووڕە بوون و گوتیان: «(هو)کانی رۆژهەڵات شەڕم و حەیایان نییە و ئێستا هەتا ئەو جێگایە چوونەتە پێشێ کە داوای خانزادەی ئێمە دەکەن، لێ بڕاوانە داوا لە خان دەکەین هێرشیان بکەنە سەر». موتون گوتی: «بۆچی بۆ ژنێک دڵی دراوسێ کەمان لە خۆمان بکەین؟» دوای ئەو قسەیە خانزادەیەکەی ڕەوانە کرد.

ماوەیەک دواتر (هو)کانی ڕۆژهەڵات گەڕانەوە و گوتیان: ئێوە «هەزار لی» زەوی بێ کەلکتان هەیە و بەکاری ناهێنن، داواکارین ئەو زەویانەمان پێ بدەن. موتون لەگەڵ راوێژکارەکانی خۆی باسی کرد. هیندێکیان گوتیان پێدانی زەوی ژیرانە نییە و هێندێکی دیکە ڕازیبوون پێی یان بدرێ. موتون تورە بوو و گوتی: «زەوی ژێرخان و بنەمای دەوڵەتە. چۆن دەتوانن زەویان بدەنێ؟» بە دوای ئەو قسەیە دا هەموو ئەوانەی کە نەزەریان وابوو زەویکەیان پێبدرێ ئیعدامی کردن.

بەدوای ئەوە دا موتون سواری ئەسپ بوو و دەستووری دا کەسانێک کە خۆ وەدوایە دەدەن ئیعدامیان بکەن و هێرشی کردە سەر (هو)کانی ڕۆژهەڵات و غافڵگیری کردن. (هو)کان کە پێیان وابوو خان لاواز و بێدەسەڵاتە، هیچ جۆرە ئامادەگی یان نەبوو چونکە خان هێرشەکەی زۆر کت و پڕ بوو. لە دوایی دا خان ڕووی لە ڕۆژئاوا کرد و هێرشی کردە سەر (مایوئەتی) لە باشوور (لوفان)ی کردە بەشێک لە خاکی خۆی و (ین)ی داگیر کرد و بۆ جارێکی دیکە تەواوی ئەو ناوچانەی کە هی باب و باپیرانی هسیونگ نو بوون و لەلایەن ژێنەڕاڵ مینگ تی ین سەر بە دەوڵەتی چین داگیر کرابوون، ئەستاندیەوە [٤].

---

٤- منگ تی ین هۆزە کۆچەرەکانی سنوری خستە سەر ڕکێفی پاشایەتی چین و دانانی ژێربەنای دیواری چینی دەست پێکرد. لەو بارەشەوە بە ناوبانگە کە ئەو دروست کەری قەڵەمی خۆش نوسییە.

### شین هائو گوتی:

«کوڕان و کچانی گەنج بدەن بە دوژمن هەتا سەریان گەرم بێ و ئاوریشمیان پێ بدەین هەتا هەوا و هەوەسیان زیاتر بجوڵێ.»

٤. وا بکەن بە دائیم دوژمن سەرگەرم بێت و ماندووی بکەن.

### لی شوان گوتی:

«...کاتێک دوژمن لە کاتی حەسانەوە دایە، ماندووی بکەن.»

### تومو گوتی:

«...لە کۆتایەکانی حکومەتی زنجیرەی دووهەمی (هان)ەکاندا دوای ئەوەی کە تسائو تسائو، (لیو پەای) تێکشکاند، لیو پەای پنای بردە بەر (یو ان شائو) کە لەگەڵ سپاکەی خۆی بۆ بەربەرەکانی تسائو دەرۆیشت. (تی ینگ فانگ) یەکێک لە ئەفسەرانی ناوەندی فەرماندەهی (یو ان سائو) گوتی: «تسائو تسائو لە هونەری ستراتیژی سپا زانستی هەیە و ناتوانین هەروا بە ئاسانی هێرشی بکەینە سەر. کاری دروست ئەوەیە کە مەسەلە کە بە کات بسپێرین و دوری لێ بکەن. بەڵام تۆی ژێنەراڵ دەبێ بە درێژایی بەرزایەکان و لەسەر ڕووبارەکان بەربەست دروست بکەی. چوار پارێزگاکە دەستی بەسەر دا بگرە و لە دەرەوە لەگەڵ ڕێبەرانی بە هێز پەیمانی یەکێتی ئیمزا بکە و لە ناوخۆ دا سیاسەتی کشتوکاڵی-نیزامی[5] پەرە پێ بدە. لە دوایی دەستە و تاقمی پسپۆڕ و شارەزا هەڵبژێرە و یەکە و تاقمی تایبەتیان لێ پێک بێنە. ئەو ناوچانەی شیمانەی ئەوەیان لێ دەکرێ بتوانرێ دوژمنیان لێ غافڵگیر بکرێ شناسایان بکە. سپا بەشێوەی دائیم بجوڵێنە و بەرەو مەیدانی شەڕی بەرە و وەزعی وڵات لە باشوری ڕووبار تێک بدە. کاتێک دوژمن

---

٥- ئیشارە بە کۆلۆنیەکانی نیزامی وەرزێڕیە کە لە ناوچە دورە دەستەکان هەڵکەوتبوون و لەو ناوچانە سەربازەکان لەگەڵ بنەماڵەکانیان دەژیان. ئەو سەربازانە بەشێک لە کاتی خۆیان بۆ وەرزێری تەرخان کردبوو و بەشەکەی دیکە خەریکی تەمرینی نیزامی دەبوون و زۆر جارانیش لەگەڵ ئەنجامدانی کارەکان توشی شەڕ دەبوون. روسەکان ئەو سیاسەتەیان بۆ داگیر کردنی سیبری کە لە حاڵی ئێستادا هاوسنوری چینە بەکارهێناوە.

بۆ یارمەتی لای چەپ دێ، ئەتۆ هێرش بەرە سەر لای ڕاستی دوژمن. هەوڵ بدە دوژمن لە شوێن خۆی حەرەکەت بکاو ئەوەندە ئەوە ئیدامە بدە کە پشوو و هەناسەی لێ ببڕی. بەڵام ئەگەر ئەو ستراتیژیە بەهێزە ڕەدبکەیەوە و بەجێگای ئەو هەر ستراتیژیەک هەڵدەبژێری مەترسی گەورەت لەسەرە و ئەو کات پەژێوان دەبێتەوە کە تازە دڕەنگ بووە...» یوان شائو ئەو بۆچونەی ڕەد کردەوە و توشی شکان بوو.

٢٥. کاتێک دوژمن یەک پارچە و تەبایە، هەوڵ بدە دابەشی بکەی و دوو بەرەکی بهاوێ نێوانیان.

### شانگ یو گوتی:

«...سەردەمێک، لە نێوان حاکم و وەزیرەکانی دوژمن دوو بەرەکی دروست بکەن، سەردەمێکی دیکە هاوپەیمانەکانی لێ جیابکەنەوە. لە نێوان ئەوانیش دا دردۆنگی دوولایەنە و چەند لایەنە دروست بکەن بە جۆرێک کە لە نێوان ئەوان دا متمانە نەمێنێ و لەو کاتەدا دەتوانی بە دژی ئەوان پیلان دابنێی».

٢٦. لەو جێگایەی کە دوژمن ئامادگی نییە و چاوەڕێی هێرشی ئێوە نییە هێرشی بکەنە سەر.

### هوین هسی گوتی:

«... لی شینگ لە زنجیرە پاشایی (تانگ) پێشنیاری کرد کە دەتوانم دە گەڵاڵە یان نەخشە بە دژی هسیا ئوهسیە بەڕێوەبەرم» هەر بۆیە بەرپرسیارەتی و فەرماندەهی تەواوی سپای پێ درا.

ئەو لە مانگی هەشتەمی ساڵ دا هێزەکانی خۆی لە (کوئەئی شو) کۆ کردەوە لەبەر ئەوەی وەرزی پایز بوو ئاوی ڕووباری «یانگ تسە» بەرز ببووە و ئەو بوارانەی کە لە سێ زارکی ڕووبارەکە تێپەڕ دەبوو، مەترسیدار بوون. هسیا ئو هیسە باوەڕی وابوو کە لی شینگ هێرشی ناکاتە سەر و لە ئاکامدا هیچ ئامادەگی و بەربەستێکی دیفاعی نەبوو. لە مانگی ٩ی ساڵ دا لی شینگ فەرماندەهی سپاکەی خۆی بە دەستەگرت و رووی تێ کردن و گوتی:

«... ئەوی لە شەڕدا گرینگی هەیە ئامادەگی خێرا و تەردەستەیە کە وەک هەورە

بروســکە خێرا بێ. لە حاڵی حازر هێزەکانی ئێمە ئامادەن و هێشــتا هسیا ئوهسیە بەو بابەتــەی نەزانیووە هەر بۆیە ئێمە ناتوانین ئەو فورســەتە لە دەســت بدەین. لە بەرز بوونەوەی ئاوی ڕووبارەکە کەلک وەردەگرین و بێ چرپە و هەســت بەڵام خێرا خۆمان دەگەیینــە ژێر دیوارەکانی پایتەخت». لی شــینگ درێژەی دایــەو گوتی «...کاتێک دەنگی هەورە بروســکە هات بۆ داخستنی گوێ یەکان درەنگ دەبێ و تەنانەت ئەگەر دوژمن بە ئێمە بزانێ تازە درەنگ بووە چونکە لە حاڵەتێک دا نییە کە دژکردەوەی خێرا لە خۆی نیشان بدا، هەر بۆیە بە دڵنیایەوە ئێمە دەتوانین سەربکەوین».

لی شانگ هەتا ئی لینگ چوو پێشێ، هسیا ئوهسیە ترسی ڕێ نیشت و لە باشووری ڕووبارەکــە داوای یارمەتــی کرد، بەڵام هێزی یارمەتیــدەر نەیتوانی لە کاتی خۆی دا بە فریای بکەوێ. لی شینگ شاری ئابڵۆقە دا و هسیە تەسلیم بوو.

«هێرش کردن بۆ ســەر دوژمن لەشوێنێک کە ئەولەوشوێنە چاوەڕێ هێرشێکی لەو بابەتە ناکا».

ئەو شێوە کارە وەک ئەو چالاکییە سەربازیە دەچێ کە لە کۆتایەکانی زنجیرە پاشایی (وئی) ڕووی دا. لە کۆتایەکانی پاشــایی وئی دوو فەرماندەی بەناوەکانی شونگ هوئی و تنگ ای مەئموری کردن هێرش بکەنە سەر (شو)[٦] لە زستاندا (ای) لە (پینگ پینگ) وە حەرەکەتی کرد و ناوچەیەکی چۆڵەوانی بە مەودای حەوت ســەد لی تێپەڕ کرد و لە ناوچە شاخاویەکان چەندین پردی هەڵاوەسراوی دروست کرد.

ئەرتــەش کە تەداروکاتی تــەواو ببوو و لــە بەردەمی لێک هەڵوەشــان و تێداچوون قەراری گرتبوو. هەر بۆیە (تینگ ای) خۆی لە لبادەوە پێچا و لە سەرەوژێرێکی رژدەوە خۆی خلۆرکردەوە. ژێنەراڵەکان و ئەفسەران دەستیان بە لق و پۆپی دارەکان دەگرت و دەهاتنە خوارێ. بەوجۆرە سپا لە ریزێکی پێکەوە نووساوە لەسەرە و لێژەکە هاتنە خوارێ بەرەو پێش ڕۆیشتن.

تینگ ای یەکەم جار خۆی گایاندە شــیانگ یو، (مامو) فەرماندەی شــارەکە تەسلیم بوو. (سو کوشان) کە لە (می ین شو) بەربەرەکانی دەکرد و گرتی و ئیعدامی کرد و بەرە

٦ - ئەو هێرشە نزیک بە ٢٥٥ی زائینی ڕوویداوە.

و (شینگ تو) وەڕێ کەوت. (لیوشان) پاشای (شو) تەسلیم بوو.

٢٧. ئەوانە کلیلی سەرکەوتن و ڕێکار گەلێکەن کە پێشتر ناتوانرێ سەبارەت بە ئەوان باس بکەین.

**مه ئی یا ئوشین گوتی:**

«... ئەو کاتە ڕووبەڕووی دوژمن قەرار دەگرن خۆتان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی تایبەت بە بارودۆخەکە بگونجێنن و ڕێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە.» چۆن دەتوانین پێشتر سەبارەت بەو خاڵانە باس و ڕاوێژ بکەین کە ناتوانین پێش بینی یان بۆ بکەین.

٢٨. بەو پێیە ئەگەر هەڵسەنگاندنەکانی پەرستگا «معبد» پێش دەستپێکردنی شەڕ و تێکهەڵچوون بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە پێشبینی سەرکەوتن بکا مانای وایە بەراوردەکان وا نیشان دەدەن کە هێزەکانیان بە هێزترە لە هێزی دوژمن، ئەگەر ئەو لێکدانەوە و بەراوردانە پێشبینی شکان بکەن مانای وایە کە بەراوردەکان توانا و هێزی خوارەتر لە هێزی دوژمن نیشان دەدەن.

کاتێک دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی جۆراو جۆر و ورد لەسەر هەموو بابەتەکان کرابێت بەڵام ئەگەر هەڵسەنگاندنەکان کەم و ناپوخت بن سەرکەوتن ئیمکانی نییە و ئەو کەسەی بیر لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بابەتەکان ناکاتەوە شانسی خۆی بۆ سەرکەوتن تاڕادەیەکی زۆر دێنێتە خوارێ بە هاوکاری ئەو لێکدانەوە و هەژمار کردنانەیە هەل و مەرج هەڵدەسەنگێنین و بەو جۆرە کۆتایی کار ڕوون و بەرچاوە [7] .

---

٧ - وەرگێڕانی ئەو بەندە لە زمانە غەیرە چینیەکان جێگای شکو گومانە دەتوانین بڵێین لە بەراورد و هەڵسەنگاندنی سەرەتایی،لە کەرەسەی ژمێریاری کەڵک وەرگیراوە. وێنەیەک لە خەتی چینی کە بە مانای «چالاکی نیزامی»یە، نیشان دەدا مەبەستی کەرەستەیەکە بۆ هەژمار کردن. ئێمە نازانین کە «هۆکارەکان» و «توخمە جیاوازەکان» چۆن هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە شێوازی کەڵک وەرگرتن بۆ بەراورد کردنی ئەو هێزەی مەبەست بووە، ژیرانەیە. بەڕواڵەت ٢ جۆر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی لێک جیا بەڕێوەدەچوون یەکیەکیان لایەنی نەتەوایەتی و ئەوی دیکەیان لایەنی ستراتیژی بوو. لایەنی ستراتیژی هەڵگری بەرواورد کردنی ٥ هۆکاری باسکراو لە خاڵی ٣دا بە نەزەری من ئەگەر ئاکامەکان لەبار بن کار ناسانی نیزامی هێز و تەمرین و ئامادەگی و دادپەروەری لە بەڕێوەچونی تەمبێ و تەشویق (٧ توخمەکەیان) پێکەوە بەراورد دەکەن.

# بەشی دووەم

## بارودۆخی شەڕ

**سون تزۆ گوتی :**

١-لەسەر یەک چالاکی نیزامی پێویستی بە هەزار عارەبەی چوار ئەسپی خێرا و هەزار عارەبــەی دیکەی چوار ئەســپە کە بە چەرم داپۆشرابن و هەزار ســەربازی زریێ پۆش هەیە.

**تومۆ گوتی :**

«... لە ڕابردوودا عارەبانەی شەڕ بە چرم داپۆشراو بوو کە دوو جوری سووک و قورسی هەبوو. عارەبانە قورسەکان ڕەمب و تەورزین و چەک و چۆلی نیزامی و کەل و پەلی بە نرخ و جل و بەرگی سەربازیان دەگواستەوە. (لواس سومانا)، گوتی: عارەبانەیەک سێ ئەفســەری زری پۆش و حەفتاو دوو ســەربازی پیادە نیزام هەڵدەگرت بە ئیزافەی دە چێشت لێنەرو خزمەتکار و پێنج لیباس دار و پێنج مەئموری کۆ کردەنەوەی سوتەمەنی و پێنج مەیتەر واتا عارەبانەی پێداویســتیەکان بیســت و پێنج کەسی هەڵدەگرت کە لەسەر یەک دەبوونە سەد کەس کە گورهانیک پێک دێنن.»

٢- کاتیک کەڵ و پەلە پێداویستیەکان و تداروکات و خواردەمەنی بە مەودای هەزار لی دەگوازینەوە و هەزینەو خەرجی بەرەی پێشەوە و دواوەی شەڕ، موچەی ڕاوێژکاران و خەرجی میوانداری ئەوانەی دێن بۆ ســەردانی ســپا، خەرجی چاک کردنەوە و ئاگالێ بــوون لە عارەبانــەکان و دابین کردن و خاوێــن کردنەوەی چەک و چۆڵــەکان رۆژانە دەگاتە هەزار سکەی زێر کاتێک ئەو ڕادە زێرەت لە ئیختیار دابێ دەتوانی هەزار پیاوی شەڕکەر ئامادە بکەی.

**لی شوان گوتی:**

«هەر بۆیە کاتێک سپا لە نێو خاکی دوژمندا پێشرەوی دەکا خەزینەی میللی لە نێو خۆی وڵات بەتاڵ دەبێ.»

**تومۆ گوتی :**

«لە ســپادا ڕێورەسمی ســەردانی دۆســتانە هەیە ئەو ســەردانانە لە لایەن ئەرباب و بەگەکانــی ژێــر دەســت بەرێوە دەچی، هەر بۆیە ســون تــزو باس لە ڕاوێــژکاران و سەردانکەران دەکا.»

٣- ســەرکەوتن ئامانجی ئەسلی و ســەرەکی شەڕە. ئەگەر ئەو ســەرکەوتنە درەنگ

وەدەست بێ چەکەکان تیژی خۆیان لە دەست دەدەن وکول دەبن و ورەی شەڕکەرەکان لاواز دەبن، لەو حاڵەتەدا لە کاتی هێرش بۆ سەر شارەکان توانای شەڕکەرەکان بە خێرایی بەرەو لاوازبوون دەڕوا.

٤- کاتێک سپا توشی شەڕی درێژ خایەن دەبێ سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت بەشی دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو شەڕە ناکا.

**شانگ یوگوتی :**

«... شەڕەکانی (یو)ی ئیمپراتوری (هان) بێ هیچ ئاکامێک درێژ بووە کاتێک خەزێنە بەتاڵ بوو ئیمپراتوور فەرمانی دەرکرد بە دەست پێوەگرتن و قەناعەت کردن.»

٥- کاتێک چەکەکان تیژی خۆیان لە دەست دا شورو شەوقیش دەکوژێتەوە و ئەو کات کە بێ توانابوون و هێزەکانتان ورەیان نەبوو و خەزێنەتان بەتاڵ بوو حاکمانی دراوسێ لە بێ توانایی و لاوازی ئێوە کەلک وەردەگرن و دێنە مەیدان. لەو کاتانەدا تەنانەت ڕاویژکاری زۆر زانا و بە تواناش ناتوانێ لە فریاتان بکەوێ هەتا بتوانی بۆ دوارۆژ نەخشەیەکی بێ کەم وکورتی دابرێژێ .

٦- ئەگەر چی باس لەوە دەکری کە پەلە کردن لە شەڕدا کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا عەمەلیاتیکی نیزامی زیرەکانم نەدیتووە کە ماوەیەکی زۆری کێشابێ.

**تومو گوتی:**

«ئیمکانی هەیە هێرشێکی زیرەکانە خێرا نەبێ بەڵام پێوێستە ئەو هێرشە بە خێرایی هەورە بروسکە بەرێوە بچی.»

٧- چونکە هەتا ئێستا نەدیتراوە شەڕێکی درێژ خایەن بە قازانجی وڵات بێ.

**لی شوان گوتی:**

«لە ساڵنامەکانی بەهار و پاییزدا دەخوێنینەوە کە: شەڕ وەک ئاور وایە، کەسانێک کە نایانهەوی واز لە شەڕ بێنن، شەڕ لە ناویان دەبا.»

٨- بەو جۆرە کەسانێک کە توانای ئەویان نییە لە سروشتی کەلک وەرگرتن لە هێزی نیزامی تێ بگەن هەر ئەو کەسانن کە شێوەی ئوسولی کەلک وەرگرتن لەو هێزانە نازانن .

٩- کەسانێک کە لە هونەری شەڕ شارەزان پێویستیان بە سەربازگیری سەر لە نوێ نییە و ئەو تداروکاتەی دابینیان کردووە بەشیان دەکا.

١٠- شـەڕکەرەکان لە کاتی وەرێ کەوتن کەرەسـەی پێویسـت لەگەڵ خۆیان دەبن بەڵام هەوڵ دەدەن ژیانی ڕۆژانەیان بخەنە سـەر دوژمن و بەو شێوەیە سپا تداروکاتی زۆری بۆ دابین دەبێ.

١١- شەڕ و شۆڕ و خەرجی گواستنەوە و گەیاندنی کەرەسە و کەلوپەل و خواردەمەنی بە هۆی خەڵکەوە بۆ شوێنی دوور بە بەردەوامی لە مەودای دوور و درێژدا وڵات هەژار و دەست کورت دەکا.

**شانگ یو گوتی :**

«... ئەگـەر سـپا لە مـەودای دوری هەزار لـی دانەوێلە و خواردەمەنـی دابین بکا نیشانەی ئەوەیە کە شەڕکەرەکان برسین.»

١٢- لە شـوێنیک کە سـپا حزوری هەیە کەڵ و پەلەکان نرخیان دەچێتە سەر و لەو حاڵەتـەدا خەڵک توشـی بارگرانی زیاتـر دەبن و کاتێک دارایـی وڵات بەرەو کۆتایی و نەمان دەچێ بۆ پڕ کردەنەوەی خەزێنەی دەوڵەت، شیرەی گیانی جوتیاران دەکێشرێ واتە فشارەکە دەکەوێتە سەر ئەوان.

**شالین گوتی:**

«کاتێک کە دەسـتەکانی شەڕکەر لە یەک شـوێن کۆ دەبنەوە نرخی هەموو کەل و پەلەکان دەچێتە سەرێ چونکە هەر کەس لە هەوڵی وەدەست هێنانی قازانجی زیاترە.»

١٣- بە هۆی دارمانی هێزو کەم بوونی داراییەکان بنەماڵەکانی دەشـتەکانی ناوەند لە ڕادەبەدەر هەژار دەبن چونکە حەوت لە دەی سەرچاوەکانی ژیانیان بەتاڵان چووە.

**لی شوان گوتی:**

«ئەگەر شەڕ ببێتە دائیمی و زۆر درێژە بکێشێ کوڕ و کچەکان بێزار دەبن لەوەی کە ناتوانن ژیانی هاوبەش پێک بهێنن و لە هەمان کات دا گواستنەوە و ڕاگواستنی کەل و پەلی سپا ئەوان هیلاک و ماندوو دەکا.»

١٤- هەزینـە و خەرجیەکانی حکومەت ئەو بابەتانەی خـوارەوە لە خۆ دەگرێ وەک: چاک کردەنەوە و پێڕاگەیشـتن بە عارەبانەکان و هیلاکی و ماندوویەتی ئەسـپەکان و

دابین کردنی ئالیک و تفاق بۆ ئەوان، دابین کردنی کەرەسەو کەل و پەلی شەڕ وەک زرێ و کڵاو و تیر و کەوان و ڕمب و نەیزە و مەتاڵی دەستی، حەیواناتی بار هەڵگر و کەرەستەکانی ڕاگواستنی خواردەمەنی یە کە زیاتر لە شەست لە سەدی هەموو خەرجیەکانی دەوڵەت پێک دێنێ .

١٥- لە ئاکام دا فەرماندەی لێزان هەوڵ دەدا هێزەکانی بە دوژمن بە خێو بکا واتە بە وەدەست خستنی دەستکەوت و خواردەمەنی و چەک و چۆلی خۆی دابین بکا. چونکە ئەستاندنی یەک (رطل)خواردەمەنی لە دوژمن بەرابەرە بە بیست (رطل) خواردەمەنی خۆمان. پنجاه کیلۆتفاقی ئەسپەکان کە لە دوژمن وەدستی بخەین بەرابەرە بە یەک تۆن تفاق و لەوەری خۆمالی.

**شانگ یو گوتی :**

ئەگەر قەرار وابێ تداروکات بە مەودای هەزار لی ڕابگوازرێت لە بەرامبەر هەر (رطل) خاروبارێک کە دەدرێتە سپا، بیست (رطل) لە مەودای رێگادا مەسرەف دەبێ و ئەگەر رێگاکە رێگایەکی دژوار بێ ڕادەی زیاتر خواردەمەنی مەسرەف دەبێ.»

١٦- ئەگەر هێزەکانمان دوژمنی خۆیان قەتلی عام بکەن هۆکارەکەی ئەوەیە کە بێزار و تووڕەن.

**هوین هسی گوتی :**

«لەو کاتەدا کە سپای (ین)شی موی لە ناوچەی (شی) ئابلوقە دابوو، لوتی هەموو زیندانیەکانی (شی)یان بریبوو هەر بۆیە شەڕکەرەکانی (شی) بێزار و نارەحەت بوون و تەواوی لەشیان هەستی تۆلە و شەڕ بوو، و لە مەیدانی جەنگدا بە هەموو توانایانەوە شەڕیان دەکرد ودیفاعیان لە خۆیان دەکرد.

(تی ین تان) سیخورێکی نارده لای هێزەکانی (ین). سیخورەکە بە ئەوانی گوت : هێزەکانی ئێمە ترسی ئەوەیان هەیە کە ئێوە تەرمی باب و باپیرانمان لە گۆر بهێنەدەرێ وای لەو رۆژە کە خوێن لە ڕەگەکانی ئێمە دا دەیبەستێ.

دوای بیستنی ئەو قسەیە سپای (ین) دەستیان کرد بە قەبر هەڵدانەوە و دەرهێنانەوەی تەرمی مردووکان و سوتاندنی ئەوان. پارێزەرانی (شی مو) لەسەر دیواری قەڵای شارەکە شاهیدی دەرهێنانەوە و سووتاندنی تەرمی مردووکانیان بوون خوێنیان هاتە جۆش و

تورەیی و غەزەبیان لێ دەباری. (تی ین تان) کاتێک هێزەکانی خۆی ئاوا دیت هەستی کرد کە هێزەکەی ئامادەی شەڕە هەر بۆیە دەروازەی شاری کردەوە و هێرشی کردە سەر سپای (ین) و بە توندی تێکی شکاندن.»

١٧- لەبەر ئەوە کە هەموو لایک پێیان خۆشە سامان کۆ بکەنەوە، دوژمن تالآن دەکرێ.

**تومۆ گوتی :**

« ... لە دەورانی حکومەت داری زنجیرەی دوو هەمی پاشایەتی (هان)کان (توهسیانگ) پارێزگاری (شین شو) هێرشی کردە سەر هەڵگەراوەکان و چوو بۆ نێو ناوچەی (نان) و سێ ئوردوگای وێران کرد و دەسکەوتی زۆری بە دەست هێنا. بەڵام (پان هونگ ) و لاینگرانی هەر وا بە هێز و لە جێگای خۆیان مانەوە لە حاڵێک دا سپاکەی (توهسیانگ) بەوتاڵان و برۆیە کە کردبوویان سامانداربوون و خەریکی ژیانی ئاسایی و ڕابواردن بوون و زۆریان ڕوو لە شەڕ نەبوو.

**هسیانگ گوتی:**

(پویانگ) و (پان هونگ) ماوەی دە ساڵە یاغی بوون و هەر دووکیان لە هونەری هێرش و بەرگرێ دا شارەزان و لە ڕاستی دا ئەوی دەبێ بگاتە ئەنجام ئەوەیە کە هێزی تەواوی پارێزگاکان یەکگرتووبن و لە دوایی دا هێرش بکەین. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هێزەکانمان تەشویق و هان بدەین برۆن بۆ ڕاو و شکار.

کاتێک کە سەربازەکان رۆیشتن بۆ ڕاو، (توهسیانگ) بە دزیەوە چەند کەسێکی نارد هەتا خیوتگاکانی ئەوان بسوتینن. لەنێوە دا هەموو ئەو نیچیرانەی کە هێزەکانیان ڕاویان کردبوون و هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە کۆیان کردبوونەوە بە تەواوی لە نێو چوون کاتێک ڕاوچییەکان گەرانەوە کەسیان لە نێویاندا پەیدا نەدەبوو کە لە تاو لە دەستدانی سامانەکەی نەگری.

لەو کاتەدا توهسیانگ گوتی : ماڵ و سامانی (پونگ) و (پان هونگ) و لاینگرەکانیان بۆ دەوڵەمەند کردنی چەند پشتی ئێوە بەش دەکا. ئێوە هەتا ئێستا بەو جۆرەی کە دەبێ خۆتان نیشان بدەن خۆتان نیشان نەداوە. ئەوی لە دەستان داوە بەشێکی بچووکە لەو

ماڵ و سـامانەی کە لە دەسـتی ئەوان دایە. هەر بۆیە پێویسـت ناکا خۆتان نیگران و نارەحەت بکەن.
(یانـگ) و (هونـگ) هیـچ ئامادەگیان نەبوو و لە ئاکام دا سـپای (توهسـیانگ) بە ورەیەکی بەرزەوە هێرشیان دەکرد و بەوشیوەیە یاغی و هەڵگەراوەکانیان تێک شکاند.»

**شانگ گوتی :**

«... لـە سـەردەمی ئیمپراتووری دا کاتێـک دامەزرێنەری ئـەو ئیمپراتوریە بەو شـێوەیە خوارەوە فەرمانی کردوە بە فەرماندەی سپا کە هێرش بکەنە سەر شاری (شو) و هەموو ئەو شـار و پارێزگایانەی کە داگیری دەکـەن بە ناوی منەوە دەبێ خەزینە و ئەنبارەکانی بەتاڵ بکەن و لە خۆشـی و شادی ئەفسەران و سەربازەکانی خەرج بکەن. ئەوی دەوڵەت دەیهەوی تەنیا ئەوەیە کە زەوی داگیر بکا.»

١٨- لە ئاکام دا کاتێک شەڕ بە عارەبانە دەکرێ و زیاتر لە دە عارەبانە دەستیان بەسەر دا دەگیرێ پێویستە ئەوکەسانە کە لە گرتنی ئەو عارەبانەدا دەستیان هەبووە تەشویق بکرێن.

١٩- لەگەڵ زیندانییەکان هەڵس و کەوتی باشـتان هەبـێ و بارودۆخی ئەوان لەبەر چاو بگرن.

**شانگ یو گوتی :**

«هەموو ئەو سەربازانەی کە بە دیل گیراون پێویستە بە دڵ ئاوەڵەیی و ڕووخوشەیەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکرێ هەتا بتوانین کەڵکیان لی وەربگیرێ.»

٢٠- بەو پێیە ئەوی لە شـەڕدا ئەساسە سـەرکەوتنە نەک عەمەلیاتی نیزامی مەودا درێژ.

هەر بەو هۆکارە فەرماندەیەک کە لە شەڕ تێدەگا، چارەنووس سازی خەڵک و دادوەری ئایندەی نەتەوەیە.

# بەشی سێیەم

## ستراتیژی هێرشبەری

**سون تزو گوتی:**

١. لەسەر یەک لە شەڕ دا، باشترین سیاسەت ئەوەیە کە دەوڵەت بێ شێواندن و لێک هەڵوەشان و دارمان داگیر بکرێ. خراپترین کار دارماندنی و لەناو بردنی سیستیمی ئیداری دەوڵەتە (لی شوان) گوتی:

«... هاندەر مەبە بۆ مرۆڤ کوژی.»

٢. دەست بەسەر داگرتنی سپای دوژمن، باشترە لە لێک هەڵوەشاندن و فەوتانی سپاکە. گرتنی گوردانێک یا گورهانێک یا دەستەیەکی پێنج کەسی بێ ئەوەی زیانیان پێ بگا باشترە لە فەوتان و لەناو بردنیان.

٣. لەڕاستی دا بەدەستهێنانی ١٠٠ سەرکەوتن بەسەر ١٠٠ گوردان دا بە مانای ڕادەی بەرزی زانست و زانیاری لە شەڕ نییە.

٤. ئەگەر وایە دەتوانین بڵێین ئەوەی لەشەڕ دا گرینگی تایبەتی هەیە «چۆنییەتی هێرش بردنە سەر ستراتیژی دوژمن».

**تومو گوتی:**

«... دوکی گەورە دەڵێت: کەسێک کە توانای چارەسەری گیروگرفتەکانی هەیە پێش سەرهەڵدانی ئەو گیروگرفتانە، ئەوان چارەسەر دەکا و کەسێک توانای هەیە بەسەر دوژمن دا زاڵ بێت پێش سەرهەڵدان و هەڕەشەی دوژمن، هەوڵ دەدا بەسەری دا زاڵ بێت.»

**لی شوان گوتی:**

« هێرش بکەنە سەر بنەمای نەخشەکانی دوژمن، لەسەردەمی حکومەتی (هان) ەکانی زنجیرەی دووهەمی پاشایەتی (کوهسون )، (کائو شون)ی ئابلۆقە دا. (شون) ئەفسەرێکی بەناوی (هوانگ فوون) ناردبو بۆ وتووێژ. هوانگ فوون تووڕە و خێڵە سەربوو. (کوهسون) ئەوی کوشت و هەواڵی نارد بۆ (کائو شون) و پێی ڕاگەیاند کە

ئەفســەرەکەی ڕەفتار و گوفتاری جێگای پەسەند نەبوو هەر بۆیە ئەوەم ئیعدام کرد و ئەتۆش ئەگەر ڕازی و قەناعەتت هەیە بە خێرای خۆت تەســلیم بکە و ئەگەر وانییە، دیفاع لە خۆت بکە. هەر ئەو ڕۆژە شون دەرگاکانی کردەوە و خۆی تەسلیم کرد.

هەمــوو فەرماندەکان بە کوهیســون یــان گوت: «چۆن شــتی وا ئیمکانی هەیە، تۆ نیــردەراوی ئەوت کوشــت و لە هەمان کاتدا ناچارت کرد تەســلیم بێــت و دەروازەی شارت بۆ بکاتەوە؟»

کوهســیون لە وەڵام دا گوتی : «هوانگ فوون دەستی ڕاستی کائو شون و ڕاوێژکاری تایبەتی ئەو بوو. ئەگەر ئیزنم دابا بگەڕێتەوە، دەیتوانی بە باشترین شێوە نەخشەکەی خۆی جێ بە جێ بکا. بەڵام بە کوشــتنی ئەو، توانیم کائو شون لە بوونی دەستی ڕاستی بێ بەش بکەم.»

لــە دوایی دا گوتــی: «لە هەر شــەڕێک دا زەریف ترین کار هێرش کردنە بۆ ســەر نەخشەکانی دوژمن.» فەرماندەکان گوتیان: «دەرکی ئەو بابەتە لە توانای بیرو هۆشی ئێمە دا نییە.»

٥-کاری گرینگی دوایی، پچراندن و تێکدانی پێوەندیەکان و یەکیەتی و پەیمانەکانی دوژمنە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە.

**تومو گوتی:**

«... ئیزن مەدەن دوژمنانی ئێوە یەک بگرن.»

**وانگ هسی گوتی:**

«... ســەبارەت بە پەیمان و ڕێکەوتننامەکانی دوژمن لێکۆڵینەوە و هەڵســەنگاندن بکــەن و کارێک بکــەن ئەو پەیــمان و ڕێکەوتننامانە تێک بچن و لێک هەڵوەشــێن، ئەگەر دوژمن هاوپەیمانی هەبێ، بەهێز دەبێ و گرفتی گەورە پێک دێنێ. بەڵام ئەگەر هاوپەیمانــی نەبــێ، دوژمن بــە ڕادەی خۆی هێــزی دەبێت و گرفتی گەورە دروســت نابێت.»

٦- ئەگەر ئەو ڕێکارانە، ڕێگا چارەسەر نەبوون، باشترین کار هێرش بردنە سەر سپای دوژمنە.

**شالین دەڵێ:**

«... دوکی گەورە گوتی: کەسێک کە مەبەستی سەرکەوتنە و بە شمشیری ڕووت و سوورە بووە شەڕ دەکا، فەرماندەیەکی باش نییە»

**وانگ هسی گوتی:**

«...مەیدانی شەڕ شوێنێکی مەترسی دارە»

**شانگ یوو گوتی:**

«...ئەگەر ناتوانن نەخشە و گەڵاڵەکانی دوژمن لە جێ دا کپ بکەین، هەوڵ بدەن پەیمان و ڕێکەوتننامەکان کە لە حاڵی شکڵ گرتن دان تێکیان بدەن و بۆ سەرکەوتن شمشیرەکان تیژ بکەن»

٧- خراپترین سیاسەت هێرش کردنە بۆ سەر شارەکان، تەنها ئەو کاتە هێرش بکەنە سەر شارەکان کە ڕێگا چارەیەکی دیکە نەبێت.

٨- دابین کردنی کەرەسەی گواستنەوەی زرێی و چەک و چۆڵ لانی کەم سێ مانگ کاتی دەوێ و کاری مەتەرێز و سەنگەر دروست کردنی پشتی دیوارەکانی شار سێ مانگی پێویستە.

٩- ئەگەر فەرماندەیەک توانای زاڵ بوون بە سەرخۆی دا نەبێ و بێ سەبر و تەحمولی بێ و بێ لێکدانەوە دەستور بە ئەفرادەکەی بدا وەک شڵغەی مێش لەبن دیواری شار کۆ ببنەوە، بە خاتر جەمی دەکوژرێن و چارەنوسی هێرشی لەو جۆرە تەنیا شکانە.

**تومو گوتی:**

«...لە کۆتایەکانی زنجیرە پاشای (وئی)، (تای وو)ی ئیمپراتۆر ڕێبەری سەد هەزار سەربازی کرد بۆ هێرش بردنە سەر (تسانگ شیە) کە فەرماندەی سونگەکان لە (توتای) بوو، یەکەم جار ئیمپراتور داوای شەڕابی لە (تسانگ شیە) کرد[1]. تسانگ

١- گۆڕینەوەی دیاری و پێشکەشی پێش دەست پێکردنی شەڕ شتێکی ئاسایی بوو.

شــیە گۆزەیەکی ســەر بە مۆری پڕ لە میزی بۆ ئیمپراتۆر نارد. (تــای وو) بە ڕادەیەک تووڕە بوو کە وەک شێتانی لێ هات و بێ یەک و دوو هێرشی کردە سەر شار و فەرمانی دا لە دیوارەکانی شــار بڕۆنە سەر و شــار داگیر بکەن. شەڕ کە دەستی پێکرد کەلاکی کوژراوەکان هەتا بەرزایی دیوارەکان بەرزبووە و دوای ٣٠ ڕۆژ و شــەو نیوەی ســپاکەی وئی کوژران.

١٠- لە ئاکام دا کەســانێک کە لە هونەی شــەڕدا بە تەجروبە و کار ئازموودەن سپای دوژمن بێ شەڕ تەسلیم دەکەن و شارەکان بێ هێرش کردن داگیر دەکەن و دەوڵەتەکان بێ شەڕی درێژ خایەن دەڕوخێنن.

## لی شوان گوتی:

«... بە یارمەتی ستراتیژی شارەزایان و کارناسان سەردەکەون.»

لە ســەردەمی زنجیرەی دووەمی (هان)ەکان (تسان گۆنگ) سەر بە(تسان)، (یا ئۆی) یاغی سەر بە (یوو ان وو)ی ئابلۆقەدا بەڵام لە ماوەی چەند مانگ دا نەی توانی شارەکە بگرێ و بە ســەر (یا ئۆ) دا ســەرکەوێت لەو ماوەیە دا ئەفســەرەکان و هێزەکەی زۆر شەکەت و هیلاک بوون. (شا تونگ های) بە (تسان گۆنگ)ی گوت: «تۆ ماوەی چەند مانگە سپاکەی خۆت لە دەوری ئەو شارە کۆ کردۆتەوە و دوژمنت ئابڵۆقە داوە، دوژمنێک کە نیازی نییە تەسلیم بێت و بڕیاری داوە هەتا ئاخرین هەناسە شەڕ بکا، ئەو کارەی تۆ لەگەڵ ستراتیژی یەک ناگرێتەوە. دەبێ دەست لە ئابڵۆقەی شار هەڵبگرین و دوژمن وا تێبگەیەنین کە دەروازەیەک کراوەتەوە بۆ پاشەکشە، بە خاترجەمی ئەوان ڕادەکەن و بڵاوەی لێ دەکەن و لەو حاڵەدا دەشتەوانێک بۆ گرتنی ئەوان بەسە.»

(تسان گۆنگ) بەو شێوەیە عەمەلی کرد و توانی دەست بەسەر (یوو ان وو) دا بگرێ.

١١- ئامانجی ئێوە دەبێ ئەوە بێت کە هەرچی لە ژێر ئاسمان دایە بە ساغ و سەلیمی داگیری بکەن و بەو جۆرە سپاکەی ئێوە بێ زیان دەبێ و سەرکەوتنێکی تەواو وە دەست دێنێ.

هونەری ستراتیژی هێرش بەری بەو شێوەییە.

١٢- لە ئاكام دا، هونەری ڕێبەری سپا لە شەڕ دا بەم شێوەیە:
-كاتێک ئێوە ١٠ بەرابەری دوژمنن ئابلۆقەی دوژمن بدەن.
١٣- كاتێک ٥ بەرابەری دوژمنن هێرشی بۆ بكەن. شانگ یوو گوتی:
«...ئەگەر توانا و هێزی من ٥ بەرابەری دوژمن بێت ئەوی لە خەتی پێشەوەی مەیدانی شەڕدا لە حاڵی ئامادەباشی ڕادەگرم و لە پشت سەریەوە غافڵگیری دەكەم و لە ڕۆژهەڵاتەوە توشی دڵە ڕاوكێی دەكەم و تێی دەگەیەنم مەترسی لەسەرە و لە ئاكام دا لە ڕۆژئاواوە هێرشی دەكەمە سەر.»
١٤- كاتێک ٢ بەرابەری دوژمن هێزت هەیە هەوڵ بدە دوژمن دابەش و بڵاو بكە.

**تومو گوتی:**

«...ئەگەر هێزی ٢ بە ١ نەی توانی وەزعییەتی لەبار بخولّقێنێ و سەركەوتن دەستەبەر بكا، لە ڕێگای دابەش كردنی سپا هێرشی ڕواڵەتی بۆ سەر لایەک بكەن و لەلایەكی دیكەوە زەربەی كۆتایی لە دوژمن بدەن.»
هەر لەبەر ئەو هۆكارە دوكی گەورە گوتی:
«... كەسێک توانای ئەوەی نەبێ بە شێوەیەک ڕەفتار بكا كە بتوانێ هێزەكانی دوژمن دابەش بكا، ناتوانێ ڕێكخەری تاكتیكی دەگمەن و ناوازە بێت.»
١٥- ئەگەر هێزەكانتان لەگەڵ دوژمن یەكسانە، دەتوانی هێرش بكەیە سەر دوژمن.

**هوین هسی گوتی:**

«...لەو هەل و مەرجە دا تەنها فەرماندەی بە توانا و خاوەن سەڵاحیتە كە دەتوانێ سەركەوتن بە دەست بێنێ.»

**تومو گوتی:**

«... ئەگەر هێزەكانتان لە بەرامبەر دوژمن دا تووشی لاوازی بوون بۆ كاتێكی كەمیش بێ ئیزن مەدەن دوژمن ئیبتیكاری عەمەل بەدەستەوە بگرێ، چونكە ئەگەری زۆرە لە دوارۆژدا بتوانێ لە خاڵی لاوازی دوژمن كەڵک وەربگرێ. لەو حاڵەتەدا هەموو

وزە و تواناتان دەجوڵێ و بەبڕیارێکی شێلگیر بە دوای سەرکەوتن دا هەنگاو دەنێن.»

**شانگ یو گوتی:**

«... ئەگەر دوژمن بە هێز و من بێ هێز بم، لەو حاڵەتە دا بۆ ماوەیەکی کاتی خـۆم دوور دەکەمەوە و لە تێکهەڵچــوون خۆم دەپارێزم. ئەو شــێوە کارە تایبەت بەو کاتەیە کە توانا و لێ هاتووی فەرماندەکان و هێزی کار تێکەری سپاکان لەسەر یەکتری بەرابەر و یەکسان بێت.»

«... مــن ئەگەر ئیمکانی تــەواوم لە ئیختیار دابێ و دوژمن شــێوا و تێک ڕووخاو و مانــدو و هیلاک بێ و هێزەکانی من لە حاڵەتی شــادی و حەســانەوە دابن لەو حاڵەتە دا ئەگەر هێزی دوژمن لە بواری ڕادەی نەفەراتیشــەوە زۆرتر بێ، من دەتوانم هێرشــی بکەمە سەر.»

١٦- ئەگــەر دەرکــەوت لــە هەمــوو بوارەکاندا لە دوژمــن لاواز تری، دەبــێ لە کاتی پاشەکشــە دا خێرا و بە هێز و بە توانا بی. چونکە ســپایەکی بچوک و لاواز نێچیرێکی باشە بۆ سپایەکی گەورەتر و بە هێزتر»

**شانگ یو گوتی منسوس دەڵێ:**

«... ئەوە ڕوونە کە بچووک ناتوانێ رکابەری گەورە بکا و لاواز هاوســەنگی بە هێز و ئەفرادی کەم رکابەری ئەفرادی زۆر بکا.»

١٧- فەرماندە پشــتیوانی دەوڵەتە، ئەگەر ســێبەری ئەو پشــتیوانیە بەســەر هەموو شــتێک دا ڕابکشــێ بە خاتر جەمی دەوڵــەت بە هێزە و ئەگەر بۆشــای هەبێ ڕوون و ئاشکرایە دەوڵەت لاواز و بێ هێز دەبێ.

«... دوکــی گــەورە گوتوویەتی: پاشــا یا ســوڵتان ئەگــەر بتوانێ کەســێکی خاوەن ســەلاحییەت بدۆزێتەوە لەســەرکەوتن نزیــک دەبێتەوە و ئەگەر نەتوانێ کەســی وا بدۆزێتەوە تووشی شکان دەبێ.»

١٨- دەبێ بزانین پاشــا یا سوڵتان بە سێ ڕێگا دا سپاکەی خۆی تووشی چارە ڕەشی و

شکان دەکا[٢].

١٩- لـەو کاتەدا کە سـپا نابێ پێـشرەوی بکا فەرمانـی پێـشرەوی دەدا و یا کاتێک ناتوانێ پاشەکشـە بکا فەرمانی پاشەکشـە دەردەکا و ئەوە هەمان شتە کە سپا تووشی باردودۆخێکی دژواردەکا.

## شالین گوتی :

«...پێشرەوی و پاشەکشەی سپا ئیمکانی هەیە و بستراوەتەوە بەو بڕیار کە فەرماندە لەسەر تێگەیشتنی خۆی لەسەر బارودۆخی مەیدانی شەڕ دەری دەکا. بەڵام کارەسات لەوە خراپتر نابێ کە دەستوورەکان لە لایەن حاکمانی کاخ نشینەوە دەرچوو بێ»

٢٠- بابەتی دووهەم ئەو کاتەیەکە حاکم بێ ئەوە هیچ ئاگاداری و زانستێکی لە کاری نیزامی و سپادا هەبێ لە ئیدارە دانی ئەودان بەشداری بکا حاڵەتی ئاوا ئەفسەران تووشی سەر لێ شێواویی دەکا.

## تسائو تسائو گوتی :

«... بەڕێوەبردنی سـپایەک ناتوانرێ بەرێگای قانوونـە کومەڵایەتیەکان وەک ئەو داب و نەریتانەی کە کۆمەڵگایان پێ بەڕێوە دەچێ، بەڕێوەبەرە بچێ»

## تومو گوتی :

«لەبابەتی پاراسـتنی نەزم و قانوون و ئاییننامەکان، سـپا قـەرار و بریاری تایبەت بە خۆی هەیە و لە کاروباری خۆی دا لەسـەر یەک ئەوان بەرێوە دەبا. ئەگەر ئەو قەرار و بریارانە لە خەتی ئەو قەرار و بریارانە دابنێین کە چاوەدێری بەسـەر ئیداری دەوڵەت دادەکەن دەبێتە هۆی سەر لی شێواوی ئەفسەران و فەرماندەکان»

٢- تومو و شـانگ یو هەردوکیان پاشەکشـەی کاتی پێشـینار دەکەن و دەڵێن کاتێک هەلومەرج لەبار بوو بگەڕێینەوە و هێرش بکەن.

**شانگ یو گوتی :**

"نەرم نیانــی و دادپەروەری لە پێویســتیەکانی ئیداری دەوڵەتیکــە بەڵام ناتوانین ئیــداری ســپایەکی نیزامی پێ بکەین چونکــە زەبروزەنگ و نــەرم و نیانی یەک کە لە ئیداری هێزێکی نیزامی دا کاری پێ دەکرێ ناتوانین لە ئیدارە کردنی دەوڵەتیک دا بە کاری بێنین.

٢١- بابەتی ســێهەم ئەوەیــە، لەگەڵ ئەوەدا حاکم هیچ زانیارێکی لەســەر شــێوەی فەرماندەهی سپا نییە بەڵام دەســت لە کاروباری فەرماندەهی وەردەدا کە ئەو دەست تێ وەردانەی حاکم ورەو باوەڕ بەخۆ بوونی ئەفسەران لاواز دەکا.

**وانگ شی گوتی:**

«ئەگەر کەســێک لە کاروباری ئیدارە دانی سپا نەزانێ و بۆ بەرێوە بەری یا هاوکاری ئیدارەکردنی سپا دیاری بکرێ، هەر فەرمان وجوڵێکی ئەو دەبێتە هۆی دروست بوونی ناهەماهەنگــی و پێک هێنانی دووبەرەکی لە ڕادەی فەرماندەی ســپادا و لەڕاســتی دا ئەوە ســپا فەلەج دەکا. هەر بەو هۆکارە بووکە (پی ئۆ) داوای لە پاشــا کردکە بەرپرسی چاوەدێری سپا لە کار لادا و تەنیا دوای لادانی ئەو بوو توانی (تسائو شو) ئارام بکاتەوە [٣].

**شانگ یو گوتی :**

«لەو دوایانە دا لە بارەگای پاشا کەسانیک وەک چاوە دیری ئەرتەش دیاری کراوەن کە هەڵەیەکی گەورەیە .»

٢٢- ئەگــەر ئەرتــش لــە بەریــەک هەڵوەشــی یــا ئیعتمادی لــێ بســتێندرێتەوە، دەسەڵاتدارانی دراوسێ هەوڵ دەدەن گیروگرفت دروست بکەن.

---

٣- چاوەدێرانی ئەرتەش لە سەردەمی زنجیرە پاشایەتی (تانگ) لە ڕاستی دا کومیسەری سیاسی بوون. (پی تو) کە لە ســاڵی ٨١٥ی زائینی دابوو بە ســەرۆک وەزیران و لە ساڵی ٨١٧ داوای لە پاشا کرد فەرمان بە لادانی چاوەدێری سپا بکات. بێ شک ئەو چاوەدێرە لە کاروباری نیزامی سپادا دەست تێ وەردانی کردوە.

ئەوە مانای ئەو پەندەیە کە دەڵێ:

«هاڵۆزی ودڵساردی لە ئەرتش دا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دوژمن»

**منگ دەڵێ:**

«... دوکــی گەورە گوتی: کەســێک کە ئامانجی ڕوون نییــە و نازانێ بە دوای چی دا دەگەرێ، لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا سەرکەوتوو نابێ.»

**لی شوان گوتی:**

" ... نابێ لە هەڵبژاردنی فەرماندە دا هەڵە بکرێ .»

(لین هیسانگ ژوو) کە سەرۆک وەزیرانی (شائۆ) بوو، پێی گووت: «(شائۆ کوا) بێجگە لە خوێندەنەوەی کتێبەکانی بابی شــتێکی دیکە نازانێ هەتا ئێســتا ئەو توانای نییە لە نێــوان ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە هەل و مەرجە جیــاوازەکان دا ڕوودەدەن هاوپێوەندیەک بدۆزیتەوە، بەڵام خاوەن شکۆ ئێوە ناوبراوتان تەنیا لەبەر نازناوی بنەماڵەیی وەک سەر فەرماندەی سپا دیاری کردوە.»

٢٣- لە پێنج حاڵەت دا دەتوانین پێش بینی سەرکەوتن بکەین و پێویستە ئەو پینج حاڵەتە بزانین.

٢٤-  فەرماندەیک کە دەزانێ لە چ کاتێک دا فەرمانی شەڕ دەر بکا و لە چ کاتێک دا نابێ خۆ لە شەڕ بدا، سەرکەوتوو دەبێ.

٢٥- فەرماندەێک کە توانای هەیە لە کاتی پێویســت دا لە سپای گەورە و بچووک بە مەبەستی سەرکەوتن کەلک وەربگری، لە مەیدانی شەڕ دا سەرکەوتن بە دەست دێنی.

**تویو گوتی :**

"هیندێک حاڵەت لە کاتی ڕوودانی شەڕ دا دێتە پێش، فەرماندە ناتوانێ یا نایهەوی هێــرش بکا لەگەڵ ئەوەی ڕادەی نەفەراتی هێزەکانی لە ڕادەی نەفەراتی دوژمن زیاترە و هێندیــک حاڵــەت ڕوودەدەن  کە بێ هێزەکان بەســەر بە هێزەکاندا ســەردەکەون. فەرماندەیەک کە بتوانێ هەل و مەرج و بارودۆخەکان بناســێ و بە ئامادەگییەوە بێتە مەیدانی شەڕ حەتمەن سەرکەوتن بە دەست دێنی.

٢٦- فەرماندەێــک کە هێزەکانی لــە دەوری ئامانجێکی دیاری کراودا کۆ دەکاتەوە لە

مەیدانی شەڕدا سەرکەوتوودەبێ .

**تویو گوتی، هەر بەو هۆکارە مینسوس گوتویەتی :**

«وەرزی لەبــار گرینگــی کەمترە لەو زەوەیــە کە ئیمکاناتی لەبارتــری هەیە و زەوی لەباریش گرینگی کەمترە لە هەماهنگی پێوەندی ئینسانی بە یەکەوە»

٢٨- فەرماندێک بە پارێزەوە چاوەڕیی دوژمنێک دەکا کە هێشــتا دوژمن نییە، هەر بۆیە لە دوا ڕۆژدا سەرکەوتوودەبێ.

**شن هائۆ گوتی :**

«ســپای نیزامی بەهێــز بکەن و چاوەڕێــی دەرفەتیک بن کە دوژمــن لاواز و زەربە پەزیرە.»

**جوامێرێکی گەورە گوتوویەتی:**

«بە هیوای جوتیاران و کرێکاران دانیشتن و هەول نەدان بۆ خولّقاندنی بەستێنێکی لەبار بۆ کار و تێکۆشــان گەورەتریــن جنایەتە. گەورەترین بەهرە لە زانســت و زانایی ئەوەیە کە پێش ڕوودانــی هەر ڕووداوێک ئیحتمالەکەی پێش بینی بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.»

٢٩- پاشایەک کە سپاســالارەکەی خاوەنی زانست و زانیاری باشە و باوەڕی بە خۆی هەیە و لە کارەکانی دا بە سەربەســتی کار دەکا و حاکم دەست لەکاروباری وەرنادا ئەو سپاسالارە لە بەرێوە بردنی کارەکانی دا سەرکەوتوویە.

**تویو گوتی:**

«هەر بەو هۆکارە ماموستا (وانگ) گوتوویەتی: دیاری کردنی کات لە دەسەڵاتی حاکم دایە، بەڵام بریاردان لەســەر کاروباری شەڕ لە سەلاحییەتی سپاسالار واتا فەرماندەی گشتی دایە»

**وانگ هسی گوتی :**

«... حاکمێک کە خاوەنی کەسایەتێکی ژیر و زیرەک بێت دەبێ ئەو کەسە هەڵبژێری کە توانای بەرێوە بردن و فەرماندەیی هەبێ و ئەو کات بەرپرســایەتی پێ بســپێری و چاوەڕێی ئاکام بێت»

**هوین هسی گوتی :** «... ئیمکانــی هەیــە لە هەر قۆناغێکی شــەڕ دا بە چەندین ئالوگۆر بێتە پێشی، کاتێک بزانین ئیمکانی چونە پێش هەیە پێشرەوی دەکەین و کاتێک هەســتمان کرد پێشرەوی زیانمان پێ دەگەێنی پاشەکەشە دەکەین. باس لەو مەتەڵە بکەین فەرماندە لە بارودۆخی ئــاوادا چاوەروانی فەرمانی حاکم بێت وەک ئەوە وایە کە ئێوە بە ســەرەوەی خۆتان ڕابگەینن دەمانهەوی ئاورێک بکوژێنینەوە چاوەرێ فەرمانی ئێوەین. پێش ئەوەی فەرمانی ئاگر کوژاندەنەوەکە بگاتە دەستان، خۆلەمێشی ئاورەکە ساردیش بۆتەوە و هەر وەهاگوتراوە کە لە وەزعییەتی ئاوادا دەبێ لەگەڵ بازرەسی گشتی سپاش ڕاوێژ بکرێ، ئەو بابەتەش وەک ئەوە وایەکە بتهەوێ خانوویەک لە قەراغ جادە دروست بکەی و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ رێبواران ڕاوێژ بکەی و شتێکی سروشتییە ئەو خانووە قەت درووست نابێ .

دەست و پێی سپاسالارێکی ژیر و بەتوانا ببستێ و لە هەمان کات دا داوای لێ بکەی بە گژ دوژمنێکی فیڵەزان و بە تاکتیک دابچێتەوە وەک ئەوە وایە لاقی تاژی ببەســتی و تیوە خوری کە بەدوای کەروێشک دا ڕاکا،لەو کاتەدا جیاوازی ئەو دووانە چییە؟»

٢٩- ڕوونمان کردەوە کە ئەو پێنج حاڵەتە بۆ سەرکەوتن پێویستە.

٣٠- بەو دوو هۆکارە «دوژمن بناسە و خۆت بناسە» لە سەد شەڕ دا توشی مەترسی گەورەی شکان نابن بەڵکو سەرکەوتنی زیاتر بە دەست دێنن .

٣١- کاتێک ئێوە دوژمن ناناسن و بەڵام خۆتان دەناسن، شانسی سەرکەوتن و شکان بەرابەرە.

٣٢- کاتێک دوژمن ناناسن و لە هەمان کات دا خۆشتان ناناسن دەبێ ئاگاداری ئەوە بن لە هەر تێکهەڵچوونێک دا مەترسی شکانتان لەسەرە.

**لی شوان گوتی :**

«شەڕکردن بەو شێوەیە وەک شێتی دەست وەشین وایە و لەو جۆرە کەسانە بێجگە لە شکان چ شتێکی دیکەیان لێ چاوەروان دەکرێ؟»

# بەشی چوارەم

## ئامادەیی

**سون تزو گوتی :**

١. لە سەردەمی کۆندا پیاوان بە ڕاهێنان وپەروەردی جەنگی و کۆ کردەنەوی زانیاری لەسەر هونەری شەڕ خۆیان دەگەیاندە پلەی لە شکان نەهاتوویی و لە دەرئەنجام دا چاوەڕوانی لاواز بوونی دوژمنیان دەکرد و ئەو کات هێرشیان دەکردە سەر دوژمن.

٢. لە شکان نەهاتوویی ئێمە پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە وزەربە پەزیری دۆژمنیش پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە.

٣. لە ئاکام دا کەسانێک کە لە هونەری شەڕدا توانایان هەیە، دەتوانن خۆیان بگەینە پلەی لە شکان نەهاتوویی، بەڵام ناتوانن خاتر جەم بن لە زەربە پەزیر بوونی دوژمن.

**مەای یا ئوشن گوتی :**

«... ئەو کارەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، دەتوانم بە ئەنجامی بگەێنم و ئەوی پێوەندی بە دوژمنەوە هەیە بە هیچ جۆر قابیلی پێش بینی نییە.»

٤. بەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران دەتوانرێ چۆنیەتی سەرکەوتن پێشبینی بکەی بەڵام ئەو زانیاریانە سەرکەوتنی یەکجارەکی دەستەبەر ناکا.

٥. لە شکان نەهاتوویی پێوەندی بە بەرگرییەوە هەیە و شانس و ئیحتمالی سەرکەوتن لە هێرش و هێرش بەری دایە[١].

٦. ئەو کاتەی کە تەنیا کەرەسەی پێویستمان بۆ دیفاع لەبەر دەست دایە بەرگری لە خۆمان دەکەین و کاتێک توانا و کەرسەی شەڕمان گەیشتە ڕادەیەکی زۆرتر لە پێویستی دیفاع هێرش دەکەینە سەر دوژمن.

٧. کەسانێک کە لە هونەری بەرگری دا کارناس و لێزانن لە ژێر حەوت نهومی ژێر زەوی دا خۆیان حەشار دەدەن و کەسانێک لە هونەری هێرش و هێرش بەری دالێزان و بە توانان بە شێوەک هەڵدەسوورێن هەر وەکی بەسەر حەوت تەبەقەی ئاسمان دا برۆن. بەو شێوەیە دەتوانین پارێزگاری لە خۆمان بکەین و سەرکەوتن بە دەست بێنین.

«... کەسانێک کە لە هونەری خۆئامادەکردن دا شارەزان لەسەر ئەو باوەڕەن کە

---

١- لەشکان نەهاتویی بە مانای بەرگرییە، ئامادەیی بۆ سەرکەوتن بەمانای هێرشە.

ئەژمـــار کردنی هێزی ڕێگـــر و لەمپەر، وەک کێوەکان و ڕووبارەکان و شـــیو و دۆلەکان کارێکی بنەرەتی یە و دەبێتە هۆکارێک کە دوژمن نەزانی بە کام شـــوێن دا هێرش بکا. ئەو کارناسانە لە ژێر تەبەقەی حەوتەمی زەوی دا خۆ حەشار دەدەن .»

«کەســـانێک کە لە هونەری هێرشبەری دا شـــارەزان، وەرزەکان و بارودۆخی لەباری جوگرافیایی وەک ئەســـلێکی بنەرەتی بۆ کاری خۆیان دادەنێن. ئەو دەســـتەیە سرنجی خۆیان دەخەنە ســـەر شـــوێنی بەرز بوونەوەی ئاوی ڕووبارەکان و دووکەڵی ئاورەکان و کارێـــک دەکەن کە دوژمن نەزانی لە کام شـــوێن و ناوچەدا خۆ ئامادە بکا و لە ئاکام دا بروسکە ئاسا هێرش بۆ سەر دوژمن دەست پێ دەکەن .»

٨.لە شەڕ دا ئەگەر وای لێهات هەر کەس لەبەر خۆیەوە پێشبینی سەرکەوتنی کرد، نیشانەی ئەوەیە کە شەڕەکە شەڕێکی زیرەکانە و خێرا نییە.

**لی شوانگ گوتی :**

«... کاتێـــک کە (هان هســـن) دەوڵەتی (شـــائۆ)ی ڕووخاند پێش چێشـــت هەنگاو حەرەکەتی کرد و گوتی: ئێمە بۆ تێکشـــکاندنی سپای شائو دەڕۆین و بۆ دوای چێشت هەنگاو دەگەڕێنەوە. هیندێک لە ئەفســـەران کە هیوایان بەسەرکەوتن نەبوو وایان خۆ نواند کە ڕازین (هان هســـن) ســـپاکەی خۆی لەســـەر لێواری ڕووبارەکە بە خەت کرد و لە هەمان کات دا هێزەکانی (شـــائۆ) لە ســـەنگەرەکانی خۆیان ڕا سەیریان دەکردن و پێیان پێدەکەنین و بەشـــێوەیکی گاڵتە ئامێز دەیانگوت سپاسالاری هانەکان زانیاری لەسەر ڕێبەری و فەرماندەی سپادا نییە. (هان هسن) سپاکەی (شائۆ)ی تێکشکاند و دوای چێشت هەنگاو (شنگ ان) و (شۆ)ی ئیعدام کرد. ئەو شێوە سەرکەوتنە نمونەی بارودۆخ و هەڵکەوتێکی جوگرافیاییە کە خەڵکی ئاسایی هیچی لێ نازانن[٢].

٩. جەوهەری سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕ دا لەسەر یەک ڕاگەیاندنێکی کارناسانەی بـــە توانای ناوێ چونکە هەڵگرتنەوەی پەپوولە پایزە لەســـەر زەوی پێویســـتی بە وزە و هێز نییە و دەست نیشان کردنی جیاوازی لە نێوان مانگ و خۆر دا پێوانەیێک نییە بۆ

---

٢ - هان هسن هێزەکەی خۆی لە مەیدانی مەرگدا ڕاگرت. کەشتیەکانی خۆی سوتاند و کەرەسەکانی خواردن دروست کردنی لە نێوبرد و بەشێوەیەک دامەزرا کە ڕووبار لە پشت سەر و سپای شا ئۆ لەبەردەمی. هان هسن یا دەبوو سەرکەوێ یا دەبوو لە ڕووباردا بخینکێ.

دەرخستنی ڕادەی ڕۆشنبیری [٣].
١٠. لە سەردەمی کۆندا بەو کەسانەی کە لە مەیدانی شەڕ دا بە ئاسانی سەرکەوتنیان بە دەست دێنا پێیان دەگوترا کارناسی هونەری شەڕ.
١١. لە ڕاستی دا ئەو سەرکەوتنانەی بە هۆی مامۆستایەکی هونەری شەڕ وەدەست دەهات نەدەبوو بە هۆکارێک کە ئەو وەک مرۆڤێکی زیرەک وژیر ناودەر بکاو یا وەک کەسێکی ئازا باسی بکەن.

**تومۆ گوتی :**

«سەرکەوتنێک کە پێش ڕوون بوونەوەی وەزعییەتی مەیدانی شەڕبێتە دی لە توانای ڕای گشتی بەدەرە، هەر بۆیە کەسێک کە ئەندازیاری سەرکەوتنێکی ئاوایە بە هیچ جور بە ژیری و زیرەکی ناوبانگ دەرناکا هەتا ئەو کاتەی تیغی شمشیری ئەو بە خوێن نەبێ وولاتی دوژمن داگیر نەکا.»

**هوین هسی گوتی :**

"لەو کاتەدا کە ئێوە بێ شەڕ دوژمنی خۆتان تەسلیم دەکەن، چ کەسێک ئازایەتی ئێوە ڕادەگەێنی؟»
١٢. لە ژێر چاوەدێری کارناسی لەو چەشنە دا کە لە کاریاندا خەتا ناکەن ڕەفتاریان بێ هەڵەیە سەرکەوتن حەتمی یە، واتا دوژمن هەر کارێک بکا تێک شکاوە و سەرکەوتن دەستەبەر بووە.

**شن هۆ گوتی :**

«... ئەو جۆرە لە کارناسانی شەڕ لە بەرنامە ڕێژی خۆیاندا هیچ کات جووڵەیکی بێ کەلک ناکەن و لە پێوەندی ستراتیژی دا هیچ هەنگاویکی بێ کەلک هەڵناگرن.»
١٣. هەر بەو هۆکارە سەر فەرماندەهی بە توانا بە شێوەێک کار دەکا و لە شوێنێک قەرار دەگری کە لە شکان لە ئەماندا بێ و بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمن دا هیچ دەرفەتێک لە دەست نەدا.
١٤. بەو جۆرە سپای سەرکەوتوو ئەو سپایە پێش ئەوەی توشی شەڕ بێت هەستی بە

---

٣- سەرکەوتنی دوای شەڕێکی خوێناوی یا سەرکەوتن بە هۆکاری شانس نیشانەی تەردەستی و لێزانی نییە.

سەرکەوتن کردبێ. سپایەک کە پێش دەست پێ کردنی شەڕ بێ هیوایە و ئومێدی بە سەرکەوتن نییە، شایستەی شکانە.

**تومۆ گوتی :**

«... (دوک لی شینگ) بە (وئی) دەگووت: پێش لەهەر بابەتێک فەرماندە دەبێ ئەو تایبەتمندیانەی تێدابێ:

ڕۆشەن بین بێت و هونەری پێک هێنانی هەماهنگی لە تەواوی سپا دا هەبێ و بیر لە بوونی ستراتیژی بکاتەوە و لەگەڵ بوونی گەلاڵە و نەخشەی دوور ئەندیش سرنج بدا بە باردۆخی وەرزەکان و توانای وەرگرتنی هۆکاری ئینسانی هەبێ. چونکە سپاسالارێک توانای هەڵسەنگاندنی ئیمکاناتی خۆی نەبێ و یا لە پێشبینی و تێ گەیشتن لە چالاکی و هەڵسووران بێ توانا بێت هەر کاتێک هەلێک بۆ هێرش کردن بێتە پێشی بە هەنگاوی لەرزۆک و دوو دڵیەوە دەچێتە پێش و چاوەکانی بە ترس و دڵە ڕاوکێیەوە دەڕوانێتە چەپ و ڕاستی خۆی و لە حاڵەتی وا دا گەڵاڵە و نەخشەکانی کاریگەریان نابێ لەسەر ڕووداوەکانی مەیدانی شەڕ. ئەگەر دڵ ساف و زوو باوەڕ بێ، بە خێرایی باوەڕ بە ڕاپۆرتی نادروست دەکا و هەر جارێ ڕاپۆرتیک دەبێتە جێگای باوەڕی، وەک ئەو ڕێویە دەچێ کە لە هاتنە پێش و گەڕانەوە دا بە ترس و لەرزەوە هەنگاو دەنێ و لەو حاڵەتە دا ڕیزەکانی سپا توشی لێکترازان دەکا. ئەو شێوە کارە لەگەڵ ئەوەی بێ تاوانان لە ئاوی کوڵیو یا ئاور بهاوێ چ جیاوازیکی هەیە؟ ئایا کارێکی لەو بابەتە وەک ئەوە وا نییە کە مێگەلە مەڕێک ڕەوانەی لەوەڕگەیێک بکەی کە پڕە لە گورگ و حەیوانی دڕندە؟

١٥. کەسانێک کە لە هونەری شەڕدا شارەزان دەزانن(تائۆ) چییە و حورمەتی قانوون دەپارێزن و بەو شێوەیە دەتوانن سیاسەتێکی سەرکەوتووانە ڕابگەیەنن.

**تومو گوتی :**

«تائۆ ڕێگای ئینسانیەت و دادپەروەریە. قانوونەکان هەمان یاسا و ڕیسا و دامەزراوەکانن. کەسانێک کە لە هونەری شەڕ شارەزان یەکەم کاریان ئەوەیە کە لە ژینگەی خۆی دا دادپەروەری پەرە پێبدا و پشتیوانی قانوونەکان و دامەزراوەکانی خۆی بێت. بەو شێوەیە حکومەتەکەی لە شکان نەهاتوو دەبێ.»

١٦. لەهەر حاڵدا هونەری نیزامی بریتین لە :١- هەڵسنگاندنی شوێن ٢- خەمڵاندنی

ڕادە ٣-لێ پرسینەوە ٤-بەراوردکردن و هاوسەنگ کردن ٥- ئیحتمالاتی سەرکەوتن.
١٧. هەڵسەنگاندنی شوێن لە بواری هەڵکەوتی جوگرافیایی لەسەر زەوی.
١٨. چەندایەتـی و ڕادەی وەرگرتـو و لـە مەزنـدە کردنی ژمـارەکان و ڕادە و پێکەوە گرتن و بەراورد کردنی ژمارەکان پێویسـتە، چونکە هەستی سەرکەوتن لە ڕێ و شوێنی بەراوەردەکان دایە.

**هوین هسی گوتی :**

«پێش ئەوەی سپا حەرەکەت بکا، دەبێ زانیاری سەبارەت بە ڕادەی دژواری و گیر و گرفتی زەوی و ڕێگای هەبێ. گرینگە لەسەر ڕادەی هێزەکانی دوژمن و کەرەسە و کەل و پەلی شـەڕی ئەوان زانیارییان کۆ بکرێتەوە. کـۆ کردنەوی زانیاری لەو لایەنە بەکار دێ کە ڕوون بێتەوە ئایا دەتوانین هێرش بکەینە سـەر دوژمن؟ دوای ئەو کارانەیە کە خەڵک دێنە مەیدان و هێزە نیزامیەکان حەرەکەت دەکەن .»

١٩ . بەو جۆر سـپای سـەرکەوتوو وەک نیـوە پیاوێکی لەر و لاواز وایـە لە بەرامبەر دەنگێـک دا قەراری گرتبی و سـپای تێکشـکاو وەک دەنگێک وایە لـە بەرامبەر نیوە پیاوێکی سست و بێ دەسەڵات قەراری گرتبێ .

٢٠. بە یارمەتی هونەری ئامادەگی و ئارایشی هێزەکانە کە سپاسالارێکی سەرکەوتوو دەتوانێ ئەوان بێنێتە مەیدانی شەڕ،کاریگەری ئەو جۆرە شەڕە وەک کاریگەری ئەو ئاوە وایە کە بە یەک جار لە شوێنەکەی خۆی دەرژیەتە قوڵکەیەکی بێ بن.

**شانگ یۆ گوتی :**

«سروشـتی ئاو وایە کە خۆی لە دەسـتەو هەوراز دەپارێزی و بـەرەو خوارەوە جووڵە دەکا. کاتێـک بەنداوێک دەشـکێ ئاو بە هێزێکی زۆر کە پێشـی ناگیرێ هەڵدەرژێ. بەهەر حاڵ هێزی سپایەک وەک ئاو وایە کە لە ئامادەنەبوونی دوژمن کەلک وەربگرێ و لە کاتێک دا کە لانی کەمی چاوەڕوانی هەیە کە هێرشـی نەکرێتە سـەر، ئێوە هێرش بکەن و هەوڵ بدەن ئالقەی لاوازی بدۆزنەوە و پەلاماری ئەو شـوێنە بدەن و بەو جۆرە کە پێشی شەپۆلەکانی ئاو ناگیرێ لەو حاڵەتەش دا هیچ لەمپەرێک ناتوانی لەبەرامبەر هێرشی ئێوەدا خۆڕاگربێ.

# بەشی پێنجەم

## هێز

**سون تزو گوتی :**

١. لەسەر یەک فەرماندەهی بەسەر ژمارەیکی زۆر مرۆڤی شەڕکەر هەر وەک ئەوە وایە کە فەرماندەهی بەسەر چەند کەس دا بکەی، چونکە مەسەلەی بنەڕەتی لە سپادا ڕێکخستن وسازماندەهی یە.

«بۆ ڕێبەریکردنی سپایەک لە قۆناغی یەکەم دا بەرپرسایەتیەکان بدرێ بە فەرماندەکان و جێگرەکانی ئەوان و نەفەراتی بەشە جۆراوجۆرەکانیش دیاری بکرێن.»

«پیاوێکی شەڕکەر، چەکدارێکی سادەیە. دوو پیاوی شەڕکەر دەبنە کۆیەکی دوو کەسی و سێ پیاوی شەڕکەر تاقمێکی سێ کەسی پێک دێنن .کۆیی دوو کەسی و تاقمێکی سێ کەسی دەستەیکی پێنج کەسی یا گروپیک پێکدێنن [1] . دوو گروپ یەک بەش و پێنج بەش دەستەیک دروست دەکەن و دوو دەستە گورهانیک و دوو گورهان دەبنە گوردانیک و دوو گوردان هەنگێک دروست دەکەن و لە دوو هەنگ تیپ و لە دوو تیپ لەشکر پێک دێ [2].

فەرماندەی هەر کام لە بەشەکان لە ژێر فەرمانی پلەداری سەرەوەی خۆی دایە و بە نیسبەت کەسێکی کە لە خوارەوەی قەرار دەگرێ خاوەنی فەرمان و بڕیارە. هەر کام لەوانە بە شێوەیەکی شایستە پەروەردە کراون و بە جۆرێک بار هاتوون کە بتوانن لەشکرێکی پێکهاتوو لە یەک میلیۆن پیاوی شەڕکەر ڕێبەری و فەرماندەهی بکەن بە چەشنێک کە هەر وەک ئەوە وابێ کە چەند کەس ڕێبەری دەکەن.

٢. فەرماندەی سپایەکی زۆر هەر وەک ئەوە وایە کە فەرماندەهی بەسەر چەند کەس دا بکا بەو شەرتە نەزم و تەرتیب و ئامادەگی و نیشانەکانی نیزامی تێدابێ.

**شانگ یۆ گوتی :**

"ئەوە ڕاستە کاتێک ئەفرادی سپا زۆرن و پانتایەکی بەربەرینیان داگیر کردووە و تێدا

---

١- لە زمانی چینی دا وشەی سەردێرێ ئەو بەشە بە مانای هێز یا دزەکردن یا فەرماندەهی و یا وزەیە لەسەردەمی کۆندا لە هیندێک بابەت دا بە مانای وزە یان «پۆتانسیەل» و لە هیندێک بابەتی دیکە دا بە مانای شوێن و هەل و مەرج مانا کراوەتەوە.

٢ - «فەن شو» بە مانای دابەشکردنی ژمارەکان یا دابەشکردن و ژماردن هاتووە. وەرگێڕانێک کە لێرەدا بەکار هاتووە بە مانای سازمان و ڕێکخستنە.

بڵاوبوونــەوە گــوێ و چاوی هیچ کامیان بەو ڕادەیە کار ناکا کە هەموو شــتێک ببینێ و ببیســتێ. هەر بۆیە فەرمانی هێرش بردن و پێشــڕەوی و پاشەکشە بە یارمەتی ئاڵا و نیشانەکانە، و ئەفسەران و ئەفرادی سپا لە پێشدا لەسەر ئەو بابەتە ڕاهێنان دەکەن هەر بۆیە لە مەیدانی شەڕدا فەرمانی جێ گۆڕکی و شوێن گۆڕین و حەسانەوە بە دەنگی تەپڵ و شــەیپوور جێ بەجێ دەکرێ. دەبینین لەو شێوەکارە دا، نە ئازاکان بە تەنیا پێشرەوی دەکەن و نە دەستەیەکی نیزامی بە تەنیا پاشەکشە دەکا.

٣. بە چالاکی هێزی تایبەت یا هێزی ئاســایی دەتوانرێ پێش بە هێرش و پێشڕەوی دوژمن بگیرێ، بێ ئەوەی سپا تووشی شکان بێت.

**لی شوانگ گوتی :**

«هێزێک کە لە ناو جەرگەی دوژمن دا شەڕ دەکا هێزێکی ئاسایی یە و هێزێک کە لە قۆڵێکی مەیدانی شەڕ دا شەڕ دەکا هێزیکی تایبەتە. هیچ فەرماندەیێک ناتوانی بێ هێزی تایبەت ئیمتاز لە دوژمن بستێنێ»

**هوین هسی گوتی :**

«مــن کارێک دەکــەم دوژمن وابزانێ هێزی ئاســایی مــن هێزی تایبەتــە واتا هێزە ئاســایەکەی من بە هێزی تایبەت بزانێ. بە پێی هەل و مەرج هێزی ئاســایی دەتوانی ببێتە هێزی تایبەت و بە پێچەوانەش ئیمکانی هەیە»

٤. کاری ئەو سپایە کە بە کۆمەڵ هێرش دەکا یا دیفاع دەکا وەک بەردی ئاش وایە لە بەرامبەر شوشە دا.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«لە بەرامبەر ئەو شــتە کە لە ڕادە بەدەر لەرزۆکە شتێک بەکاربێنە کە لەو قائیمتر و خۆڕاگرترە.»

٥. لە مەیدانی شەڕدا، ڕێکاری گشتی ئەوەیە کە هێزی ئاسایی بۆ دەسپێکی شەڕ بەکار دێنن و هێزی تایبەت بە مەبەستی سەرکەوتنی یەکجاری کەلکی لێ وەردەگرن.

٦. کەسانێک کە لە بەکارهێنانی هێزە تایبەتەکان دا شارەزان، سەرچاوەی تواناکانیان وەک ئاسمان و زەوی بێ سنوورە، وەک شەپۆلی دەریا گەورەکان بێ کۆتاین.

٧. ئـــەو هێزانە کۆتایان پێ دێ بەڵام جارێکی دیکە دروســـت دەبنەوە وەک جووڵەی خۆر و مانگ لە سووڕاندان. ئەو هێزانە دەروخێن بەڵام جارێکی دیکە زیندوو دەبنەوە و سەر هەڵدەدەنەوە وەک وەرزەکانی ساڵ دوو پات دەبنەوە.
٨. ژمارەی نۆتی مۆســـیقا تەنیــا پێنج دانەیە بەڵام تیکەڵاو کردنیان بە شــێوەک کە هاوکات ببیستریێ لەگەڵ یەکدا ئیمکانی نییە.
٩. ڕەنگە سەرەکیەکان تەنیا پێنج ڕەنگە بەڵام تێکەڵاوی ئەوان بەڕادەیێکی بێ ئەژمار ڕەنگ دروست دەکا بەڵام  لە یەک کات دا دیتنی بۆ چاو ئیمکانی نییە.
١٠. ڕادەی تــام و چێژەکان پێنج دانەیە بەڵام تێکەڵاوی ئەوان بەڕادەیەک بەر بڵاو و جۆراجۆرن کە ناتوانریێ لە یەک کات دا تامی هەمووان بچێژی.
١١. لە مەیدانی شـــەڕیش دا تەنیا هێزی ئاســـایی و تایبەت هەیە بەڵام تێکەڵکردنی ئەوان بە ڕادەیەک بەربڵاوە کە لە توانای فکری کەس دا نییە کە بتوانێ ئەژماریان بۆ بکا.
١٢. چونکە ئەو دوو هێزە لە یەکتر پێکدێن و کاریگەریان لەسەر یەکتر وەک ئاڵقەکانی زنجیرێک وایە کە بێ کۆتایی تێکەوە پێچراون و کەس ناتوانی بە ڕوونی بڵێ بەو ئاڵقەیە دەستی پێ کردووە و بەو ئاڵقەیەش کۆتایی پێ دێ.
١٣. سێڵاو بە خێرایی و تەوژمی خۆی لەتکە سەهۆڵان لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ.
١٤. ئەگـــەر باز بە جووڵەیەک نێچیـــری خۆی ڕاو دەکا  هـــۆکاری ئەوەیە کەلە هەلی گونجاو دا زەربەی خۆی دەوەشێنێ.

## تویۆ گوتی :

«بـــەو خێرایـــە هێـــرش بکەنە ســـەر دوژمن کە بـــاز لە نێچرەکـــەی خـــۆی دەدا، باز ســـەرکەوتوانە پشتی نێچیرەکەی خۆی تێکدەشـــکێنێ و بۆ ئەو مەبەستە لە چاوەڕوانی هەلی لەبار دادەبێ بۆ لێدانی زەربەی کاریگەر.»
١٥. هەر بەو شـــێوەیە کەســـێک کە لە هونەری نیزامی دا کارناس و شارەزایە خاوەنی هێزێکی لە شکان نەهاتووی بە جووڵەیە و هێرش بەردن بە وردبینیەوە ڕێکدەخا.
١٦. هێزی ســـەرەکی تیر و کەوان لەوە دایە کە توانـــای بڕینی مەودای زۆری هەبێ و کاتێ کرداریش ئەو کاتەیە کە تیرەکە دەهاویشترێ.

١٧. لە مەیدانی شەڕدا هەموو کات وا دێتە بەرچاو کە شێواوی و هاڵۆزی هەیە، بەڵام لە ڕاستی دا بێ نەزمی بوونی نییە، هێزەکان بە ڕواڵەت بە دەوری خۆیاندا هەڵدەسووڕێن بەڵام لە شکان نەهاتوون.

**لی شوانگ گوتی :**

«لە مەیدانی شەڕ دا وا هەست دەکرێ هەموو شتێک ئالۆز و تێکەڵە، بەڵام ئاڵاکان و نیشانەکان وەڵامی دروست دەدەنەوە بەو قەرار و مەدارانەی کە پێشتر بریاریان لە سەر دراوە و دەنگی شەیپوریش پابەندە بە ڕێسایەکی دیاری کراوە.»

١٨. شــێواوی و ئاڵۆزی ڕواڵەتی ســەرچاوە گرتوو لە نەزمە و ترســنۆکی و بێ هیمەتی ڕواڵەتی سەرچاوە گرتوو لە ئازایەتییە و بێ هێزی ڕواڵەتی سەرچاوە گرتوو لە توانا و هێزە.

**تومۆ گوتی :**

«مانای ئەو بەندە ئەوەیە کە ئەگەر دەمانهەوێ خۆمان بێ نەزم نیشــان بدەین و بەو کارە سرنجی دوژمن بۆ لای خۆمان ڕاکێشــین دەبێ زۆر بە نزم بین و یاســا و ڕێســای یاریەکە بە باشی بزانین . کەسێک کە دەیهەوی وا نیشان بدا کە ترسنۆک و بێ هیمەتە کاتێــک لە کەمین دایە بۆ دوژمــن دەبێ ئازا و چاو نەترس بێ. چونکە تەنیا لەو کاتە دا دەتوانێ خۆی ترســنۆک نیشان بدا. کەسێک کە دەیهەوی خۆی بێ هێز نیشان بدا بۆ ئەوەیە دوژمن وەغیرەت بکەوێ.»

١٩. نەزم یا بێ نەزمی پێوەندی هەیە بە ســازماندەیی، ئازایەتی و ترســنۆکی پێوەندی هەیە بە بارودخ، و هێز و بێ هێزی پێوەندی هەیە بە ئیمکانات و ئامادەگی.

**لی شوانگ گوتی :**

«بەو پێیە کاتێک پێکهاتەی سپایەک لە وەزعییەتێکی لەبار دا قەرا دەگرێ، ترسنۆک ئــازا دەبــێ و بە پێچەوانەوە ئەگەر هەل و مەرجەکە نالەبار بێت ئازا و نە ترســەکانیش ترسنۆک دەبن. لە هونەری شەڕ دا یاسا و ڕێسایەکی جێگیر نییە، بەڵکو یاساکانی شەڕ بە پێی هەل و مەرج و نیازەکانی مەیدانی شەڕ دا دەنرێن و خۆ دەردەخەن.»

٢٠. بەو پێیە کەســانێک کە دەیانهەوی دوژمن هەستیار و حەساس بکەن بۆ ئەوەی وەجووڵە بکەوێ دەبێ هەوڵ بدەن بارودۆخیکی وا بخولْقینن کە دوژمن ناچار بێت خۆ

بە دەستەوە بدا و ئەوە لە حاڵەتیک دا دەکرێ کە هەستێکی وا لای دوژمن دروست بێت کە پێی وابێ سەرکەوتنی سەد لەسەدە، هەر بۆیە فریو دەخوا و لە شوێنی خۆی دەجوولێ و تۆش بە ئامادەگی تەواوەوە لە کەمین دای و چاوەڕوانی دەکەی.

٢١. لە ئاکام دا فەرمانەدەی بە توانا لە دژوارترین بارودۆخی مەیدانی شـەڕ دا بە دوای سەرکەوتن دا دەگەڕێ.

**ش هائۆ گوتی :**

ئەوانەی لە هونەری شـەڕدا شـارەزان پشـت بە لەبار بوونی کات و خێرایی لە جووڵە دا دەبەستن، قورسایی هێرشێک کە دەیهەوی ئەنجامی بدا بە تەنیا نایخاتە سەر شانی ئەفرادەکەی خۆی.»

٢٢.شارەزایانی شەڕ کەسانێک هەڵدەبژێرن کە بتوانن لە هەل و فورسەتەکان بە باشی کەلک وەربگرن.

«پیاوی ئازا دەزانی چۆن شەڕ بکا، پیاوی بە پارێز دەزانێ چۆن پارێزگاری لە خۆی بکا و پیاوی ژیر دەزانی چۆن ڕاوێژ و تەکبیر بکا. بەو جۆرە زانسـت و توانای کەس بە فیرۆ ناچێ.»

**تومۆ گوتی :**

«لەو کەسانەی کە توانا و شارەزایان نییە هیچ کارێکیان لێ مەخوازن»

کاتێک (تسـائۆ تسـائۆ) نیازی بوو هێرش بکاتە سەر (شانگ لۆ) لە (هان شونگ) بۆ دیفاع لە (هونەئی) سـێ سپاسـالاری بە ناوەکانی (شـانگ لیائۆ) و (لی تن) و (لۆشین) کردە سـەرکردەی زیاتر لە هەزار پیاوی شـەڕکەر. نامەیکی سەر بەستەی بۆ سەرۆکی ناوەندی سـپا (هسیەتی) نارد و لەسەر پشـتی پاکەتی نامەکە نوسرا بوو تەنیا ئەو کاتە پاکەتەکە بکەنەوە کە یاغی و هەڵگەراوەکان گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست. ماوەیەکی کورتی نەخایاند کە (سـون شوان) سـەر بە دەوڵەتی (وو) بە سەد هەزار پیاوی شەڕکەر (هۆفەئی) ئابلۆقەدا. فەرماندەکان پاکەتەکەیان کردەوە و نامەکە تێدا نووسرا بوو: ئەگەر (سون شوان) گەیشت فەرماندە(شانگ) و فەرماندە (لی) لە مەیدانی شەڕ ئامادەبن و لە هەمان کات دا فەرماندە (لو) پارێزگاری لە شـار بکا و فەرماندەی گشتی سپا بەشداری

شەڕەکە نەکا و ماباقی فەرماندەکان بە هەموو هێزیانەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن.

(شانگ لیائۆ) گوتی ئاغای ئێمە لە وڵاتێکی دورە دەست خەریکی شەڕە، ئەگەر ئێمە چاوەروانی هێزی یارمەتی دەر بین بێ شک یاغییەکان ئێمە لەناو دەبەن هەر بۆیە ئێمە دەبێ فەرمانەکانی ئاغامان دەست بەجێ جێبەجێ بکەین و پێش ئەوەی هێزی دوژمن خــۆ کۆ بکاتەوە وڕێک بخا، ئێمە دەبێ هێرش بکەین و ورەی ســپاکەی خۆمان بەرینە سەرێ و لە دوایی دا دەتوانین دیفاع لە شار بکەین. ئیحتمالی سەرکەوتن و شکان لەو شــێوە کارە دا هەیە. (لی تن ین) و (شــانگ لیائۆ) هێرشیان کردە سەر سپاکەی (سون شوان) و ئەویان تێک شکاند و ئەو جوڵەیە بۆ بەهۆی چونە سەری ورەی سپاکەیان. دوای ئەو سەرکەوتنە هێزەکان گەڕانەوە و خەتی بەرگری شاریان ڕێکخستەوە و هەستی باوەڕ بەخۆ بوونیان لە نێو سپا دا بەرزکردەوە. (سون شوان) دوای ئەو زەربەیە کە خواردی بۆ ماوەی دە رۆژی دیکە ئابلۆقەی شاری درێژە پێدا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو کە شار داگیر بکا هەر بۆیە دەستی لە ئابلۆقەی شار هەڵگرت و بەرەو دواوە گەڕایەوە.

(سون شونگ)ی مێژوونوس لەسەر ئەو ڕووداوە ئاوا دەنووسی: شەڕ فێڵ و فرێودانە. سەبارەت بە دیفاعی شاری (هوفەئی) بەم شێوەیە دەدوێ: ئەو شارە توانای بەربەرەکانی زۆر لاواز بوو و هێزی پشــتیوانی نەبوو، ئەگەر دیفاعی شــار بەو کەســانە سپێردرابا کە لایەنگری شەڕ بوون،گرفت دروست دەبوو و ئەگەر تەنیا پشت بەو کەسانە دەسپێردرا کە پارێزەری شار بوون هاڵۆزی پێک دەهات، هەر بۆیە ڕاگرتنی بارودۆخەکە دژوار بوو.»

**شنگ یو گوتی:**

«هــەر بۆیە کاتێــک فەرماندەیەک کۆمەڵە کەســێکی لە ژێر فەرمــان دایە، ڕێگای دروســت ئەوەیە لە هەمووان لە جێ خۆی و کاتی پێویســت کەڵک وەربگرێ. بە هەر کامیان بەرپرسایەتێک بسپێری کە لە کاتی گونجاوی خۆی دا بتوانی ئەو مەسئولیەتە جێبەجێ بکا. کەسانێک گوڵ بژێر بکەن و بەهەرکامیان ئەو بەرپرسایەتیان پێ بدەن کە لەگەڵ تواناکانی ئەوان بێتەوە.»

٢٤. کەســێک کە هەل و مەرج بە گرینگ دەزانێ لە ئەفرادی ژێر دەســتی خۆی بەو چەشنە کەلک وەردەگرێ کە لە کاتی پێویست دا بەردی زەبەلاح و کۆلکەداری ئەستوور

لــە جێ خویان وەجوڵە بخەن. لە سروشــت دا کۆلکەداری ئەســتوور و بەردی زەبەلاح هەن کە لە زەوی ڕەق و ســەخت دا خۆراگر و هاوســەنگن و لە زەوی شــل و ڕووخەکدا لەرزۆک و ناهاوسەنگن. لە کاتی جووڵاندا ئەگەر ئەو کۆلکە دار و بەردانە چوار گۆشە بن ڕادەوەستن بەڵام ئەگەر خڕبن جاڵە دەبنەوە.

٢٥. بەو شێوەیە هێزی شاراوەی ئەو سپایە کە لە مەیدانی شەڕ بەلێزانی فەرماندەیی و ڕێبەری کراوە وەک هێزی ئەو بەردانە وایە کە لەبەر پالی کێوەکانەوە جاڵە دەبنەوە و بە خێرایکی سەرسوور هێنەر دێنە خوارێ.

**تومۆ گوتی :**

«... ئەگەر وایە بۆ وەدەست خستنی ئەنجام هێزی زۆر پێویست نییە.»

**شانگ یو گوتی :**

«لی شانگ دەڵێ: لە شەڕ دا سێ جۆرە بارودۆخ بوونی هەیە: ١- کاتێک کە فەرماندە، دوژمنی خۆی بە چاوی بێ بایەخ و لاواز چاو لێ بکا و ئەفســەرانی ئەو لایەنگری شــەڕ و بەرزە فڕ بن و هێز و خێرایی ڕەشــەبایان هەبێ، لەو حاڵەتە دا بارودۆخێک پێکدێ کە پێوەندی بە ورەی شــەڕکەرانەوە هەیە. ٢- کاتێک لە تەنگەبەری چیادا پیاوێکی شــەڕ کەر دیفاع دەکا توانای بەربەرەکانی لەگەڵ هەزار سەربازی هەیە ئەو حاڵەتە هەڵکەوتی زەوی پێکی هێناوە. ٣- کاتێک لە سســتی و لاوازی و ماندوویی و هیلاکی و برسیەتی و تینویەتی دوژمن کەلک وەردەگرین و یا کاتێک هێرش دەکەینە سەر دوژمن کە هێشتا خەتی دیفاعی خۆی قائیم نەکردووە و یا سپاکەی دوژمن لە نێو ڕووباردان بۆ تێپەرین ئەوە بارودۆخێکە خودی دوژمن پێکی هێناوە.»

هــەر بۆیە لە کاتی فەرماندان بە هێزەکان دەبێ لە بارووددۆخی لەبار کەلک وەربگێرێ ،بارودۆخەکــە دەبــێ وەک بارودۆخی ئەو تۆپە وابــێ کە لە ســەرەوڵێژەوە بەرەوخوارەوە خۆلۆردەبێتــەوە. لە بارودۆخــی ئاوادا ئەو هێزەی بــە کار دێ ڕادەکەی کەمە بەڵام ئەو ئاکامەی وەدەست دێ یەکجار زۆرە.

# بەشی شەشەم

## خاڵە لاوازەکان و خاڵە بەهێزەکان

## سون تزو گوتی :

١. لەسەر یەک،کەسێک کە لە پێش دا زەوی داگیر دەکا و چاوەڕوانی دوژمن دەکا پێگەی بە هێزەترە لەو کەسە کە دەرنگتر دەگاتە شوێنی مەبەست و لە مەیدانی شەڕدا پەلە دەکا.

٢. لە ئاکام دا شارەزایانی هونەری شەڕ، دوژمن دەکێشنە مەیدانی شەڕ و ئیزن نادەن دوژمن مەیدانی شەڕ دیاری بکا.

٣.فەرماندەێک کە بتوانی دوژمن بکێشیتە مەیدانی شەڕ ئیمتازیک وەردەگرێ و ئەو حاڵەتە لە سەرکەوتنی نزیک دەکاتەوە یا فەرماندەێک کە توانای هەیە رێگری بکا لە دوژمن و خۆی مەیدانی شەڕ دیاری بکا بە لێدانی زەربەی خێرا و کاریگەر سەرکەوتن بە دەست دێنێ.

## تویۆ گوتی :

«... ئەگەر ئیمکانی ئەوە هەبێ هێندێک لە خاڵە حەیاتی و گرینگەکانی ڕێگا ستراتیژیەکانی دوژمن دەست بەسەر دابگرین باشە بۆ ئەوە نەتوانێ بەو ڕیگایانەدا تێپەر بێت. هەر بۆیە ماموستا (وانگ )دەڵێ :کاتێک پشیلە لەبەر کونی مشک خۆمات دەکا، دەهەزار مشک لە خۆیان ڕانابینن سەر لە کونی بێنەدەر و کاتێک بەبرێک رێبازێک دەخاتە ژێر چاوەدێری خۆی دە هەزار بزنە کێوی ناتوانن بەو ڕێبازەدا تێپەر بن.»

٤.کاتێک دوژمن لە پێگەیکی بە هێز دایە دەبێ ئالقەی لاوازی ئەو ببینینەوە و لە هەلی لە باردا زەربەی لێ بدەین،کاتێک دوژمن تێرە دەبێ ڕێگای برسی کردنی ئەو بدۆزینەوە و کاتێک لە حاڵی حەسانەوە دایە دەبێ رێگای حەسانەوەی لێ بگرین.

٥. لەو شوێنە کە دەتانهەوی زەربە لە دوژمن بدەن لە پڕ دەرکەون و دوای لێدانی زەربە بە خێرایی شوێنەکە بە جێ بهێلن و بچنە شوێنێک کە دوژمن چاوەڕوانی ئەوە ناکا ئێوە لەوێ بن.

٦.ئەگەر بێ ماندوویی «هەزار لی» تان ڕێگا بڕیوە هۆکاری ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی هەڵتان بژاردووە دوژمنی لی نییە.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

"خۆتــان ونکــەن و بەرەو شــوێنی چــۆل و بەتاڵایی بــڕۆن و ئەو شــوێنەی دوژمن دەیپارێــزێ دەوری لێ بــدەن و لەو جێگایە کە دوژمن چاوەڕوانی ئێوە ناکا ســەر بێنە دەری و زەربەی لێ بدەن.

٧.لە کاتی هێرش کردن بۆ ســەر شــوێنیک دڵنیان بن کە دەتوانن ئەو شوێنە داگیر بکەن و کاتێک داگیرتان کرد ڕوون دەبێتەوە کە دوژمن بە باشی پارێزگاری لەو شوێنە نەکردووە. دلنیا بوون لە پاراســتنی شــوێنێک بە هۆی پارێزگاری باش بەو ماناییە کە دوژمن هێرش ناکاتە سەر ئەو شوێنە کە پاریزگاری و دیفاعی لێ دەکرێ.

٨.لەو ڕووەوە کاتێک دوژمن لە بەرامبەر کەســانێک دا قەرار دەگرێ کە لە هونەری هێرش و هێرشــبەری دا شــارەزان نازانن لە کوێ پارێزگاری لە خۆیان بکەن و کاتێک لەگەڵ کارناسانی دیفاعی ڕووبەڕوون نازانن بۆ کوێ هێرش بکەن.

٩.کاتێک کارناسی شەڕ نادیار و نەناسراوبێ، نێشانە یک لە دوای خۆی بە جێ ناهێلێ و وتەو قســەکانی لە لایەن دوژمنەوە نابیسترێن و بەو جۆرە دوژمن دەخاتە ژێر چۆکی خۆی.

**هوین هسی گوتی :**

«... مــن کارێک دەکەم دوژمن خاڵە بە هێزەکانی مــن وەک خاڵی لاواز ببینێ و بە پێچەوانــەوە خاڵە لاوازەکانی من بە خاڵی بە هێــز دابنێ و لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدەم خاڵــی بە هێزی دوژمن بگۆرم بــۆ خاڵی لاواز و بە دیتنەوەی خاڵە لاوازەکانی هێرشــی دەکەمە سەری ... شوێن پێی خۆم بە شێوەک دەشارمەوە کە قابیلی دیتنەوە نەبێ، بێ دەنگی هەڵدەبژێرم هەتا هیچ کەس نەتوانێ دەنگم ببیستێ.»

١٠. فەرماندەیــەک کە لە خەتی پێشــەوەی مەیدانی شــەڕدا ناتوانــێ خۆڕاگر بێت هێرش دەکاتە ســەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن و فەرماندەیەک لە کاتی شــەڕدا خەریکی پاشەکشەیە دەبێ ئەوەندە خێرا و چالاک بێت کە دوژمن نەتوانی پێی بگا.

**شانگ یۆ گوتی :** «... بە خێرایی با وەرەن و وەک هەورە بروسکە تێپەر بن.»
١١.کاتێـک من لە هەوڵی شـەڕ دابم، هەر چەند دوژمن دەوری خۆی بە حەسـاری بەرز و خەندەکی قووڵی پڕ ئاو گرتبێ دیسان ناچار بە تێکهەڵچوونە، چونکە من هێرش دەکەمە سەر شوێنیک کە ئەو ناچار بێت هێزی پشتیوانی بۆ ڕەوانە بکا.
١٢.کاتێک من دووری لە شـەڕ دەکەم، ئیمکانی هەیە بە کێشـانی خەتێک لەسەر زەوی تەنیا دیفاع بکەم و لە ئاکام دا دوژمن ناتوانێ هێرشم بۆ بکا چونکە لەو حاڵەتەدا هەوڵ دەدەم دوژمن بە لارێ دا بەرم.

**تومۆ گوتی :**
«(شوکولیانگ) کە لە ناوچەی(یان پینگ) خێوەتی هەڵدابوو فەرمانی دا بە (وئی ین) و فەرماندەکانـی کە هێزەکانی خۆیان کۆبکەنەوە بـەرەو ڕۆژهەڵات حەرەکەت بکەن. (شـوکولیانگ) تەنیا دە هەزار پیاوی شەڕکەری بۆ پارێزگاری لە شار بە جێ هێشت و چاوەڕێی هەواڵ بوو.»
**سۆمائی گوتی :**
«(شـوکولیانگ) لە نێو شـاردا ڕادەی هێزەکانـی کەمە و پێگەیەکـی لاوازی هەیە و فەرماندە و ئەفسـەرەکانی ورەیان لە دەسـت داوە . لەو کاتەدا (شـوکولیانگ) وەک هەمیشە شاد و سەرمەست بوو، فەرمانی دا ئاڵاکان بێنە خوارێ و دەهۆڵ لێ نەدرێ و هیچ پیاویکی شەڕکەر نەچێتە دەرەوەی شار و فەرمانی دا چوار دەروازی شار بکەنەوە و شەڕکەرەکان خۆیان لە کۆڵانەکان حەشاربدەن.
سـۆمائی ترسـی ڕێ نیشـت و پێی وابوو ئەوە داوە هەر بۆیە بە پەلە سپاکەی خۆی کێشایەوە و بەرەو چیاکانی باکوور ڕۆیشت.»
١٣. ئەگەر بتوانین زانیاری وەدەسـت بخەین لەسـەر ڕادەی ئامادەگی ڕێکخستنی دوژمـن و لە هەمان کاتدا شـێوەی سـازماندەی و ڕادەی ئامادەگـی خۆمان بە نهێنی بهێلینەوە دەتوانین خۆمان جێگر بکەین. لە حاڵەتێکی ئاوا دا کە من هێزی خۆم جێگیر کردوە و هێزی دوژمن پڕش و بڵاوە دەتوانم هەموو هێزەکەی خۆم بۆ هێرش بۆ سـەر بەشـێک لە هێزی دوژمن تەرخان بکەم و لەو کاتەدا لە بواری چەندایەتیەوە دەتوانم

بە سەری دا زاڵ بم.

**تومۆ گوتی :**

«لەو شوێنە کە دوژمن چاوەڕوانی هێرش نییە، ئەو شەڕکەرانەی کە چەکی سووکیان پێیە و لەگەڵ سوارە نیزامی جست و چالاک بەکاریان دێنم بۆ داگیرکردنی پیگە گرینکەکان و ئاڵۆزکردنی خەتی لای چەپی دوژمن و سەر دەرهێنان لە لای ڕاستی ئەو و مەترسی خستنەسەر خەتی پێشەوە و بۆ لێدانی لەنەکاو لە دواوەی دوژمن لە مەتال هەڵگری باهۆدار و کەوانداری بە هێز کەلک وەردەگرم. لە چێشت هەنگاو بە وەجووڵە خستنی ئاڵاکان و نیشانەکان دوژمن فریو دەدەم و لە شەو دا بە دەنگی دەهۆڵ سەری لێ دەشێوێنم. لەو حاڵەتە دا دوژمن سەری لێ دەشێوێ و ترسی ڕێ دەنیشێ، هەر بۆیە سپاکەی خۆی بە تێبینیەوە دابەش دەکا.»

١٤. دوژمن نابێ بزانێ من لە کام لاوە بە تەمای هێرش کردنم، چونکە ئەگەر دوژمن نەزانێ شوێنی مەیدانی شەڕ لە کام شوێنە ناچار دەبێ لە چەندین شوێن لە حاڵی ئامادە باش دابێ و لە ئاکام دا لە یەکیک لەو شوێنانە لە بەرامبەر سپاکەی من دا قەرار دەگرێ کە هەم ڕادەی کەمە و هەم بێ هێزە.

١٥. چونکە ئەگەر لە خەتی پێشەوە خۆی تەیار و ئامادە بکا خەتی دواوەی لاواز دەبێ و ئەگەر خەتی دواوەی سپا ئامادە بکا خەتی یەکەم لاواز دەبێ و ئەگەر لای ڕاستی خۆی تەیار و ئامادە بکا لای چەپی بێ هێز و بێ دیفاع دەبێ و بە پێچەوانەوە ئەگەر لە هەموو لایەک لە حاڵی ئامادە باشی دابێ هێزەکەی بە تەواوی هیلاک و ماندوو کردووە.

**شانگ یۆ گوتی :**

«دوژمن نابێ بزانی عارەبانەکانی شەڕ لە کام شوێنی مەیدانی شەڕدا دەردەکەون، سوارە نێزامی من لەکوێ خۆ نیشان دەدا و پیادە نیزامی من لە کام شوێن دێتە نێو مەیدانی شەڕ. بەو هۆکارانەیە دوژمن سپاکەی خۆی دابەش دەکا و بەو شێوەیە هێزەکەی بڵاو و لاواز دەبێ و ئەو کاتەی کە من هێرشی بۆ دەکەم سپا گەورەکەی من لە بەرامبەر چەند یەکەیەکی بێ هێز و دابڕاو دا قەرار دەگرێ.

١٦. فەرماندەیەک کە ڕادەی نەفەراتی کەمە پێویستە هەموو کاتێک لە بەرامبەر

دوژمن دا ئامادەگی بەرپرچ دانەوەی هێرشی دوژمنی هەبێ و فەرماندەیەک کە ڕادەی نەفەراتی زۆرە پێویستە هەمووکات دوژمن لە حاڵەتی ئامادە باش دا ڕاگرێ.

١٧. شـوێن و مەکانی مەیدانی شەڕ ڕوون بێت ئەو کات هیزەکان دەتوانین «هەزار لی» رێ بپێوون و خۆ بگەینە مەیدانی شەڕ. بەڵام ئەگەر رۆژ و شوێنی شەڕ ڕوون نەبێ لای چەپی سپا ناتوانی یارمەتی لای ڕاستی سپا بدا و بە پێچەوانەکەشی هەر وا دەبێ لە حاڵەتی وا دا سپا ناتوانێ دیفاع لە دواوەی خۆی بکا و بە پێچەوانەشەوە دواوەی سپاش ناتوانێ پارێزگاری لە پێشـەوەی سپا بکا. لەسـەر یەک کاتێک پێک هاتەی سپایەک مەودای زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە و ناتوانن لە کاتی پێویست دا یارمەتی یەکتر بدەن بارودۆخیان بەو شێوە دەبێ کە لە سەرەوە باسمان کرد.

### تومۆ گوتی :

«بەو پێیە شارەزایانی شەڕ دەبێ بزانن لە کام شوێن و لە چ کاتێک دا شەڕ دەست پێ دەکا. چونکە دەبێ ڕێگای حەرەکەتی سپا هەڵسەنگێنن و پێوانەی بۆ بکەن و لە هەمان حاڵ دا ڕێکەوت و رۆژ بۆ یەکگرتنەوەی سپا و دەست پێکی هێرش دیاری بکەین و سپا بەسەر دەستەی جیاجیا دا دابەش بکەن و بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕەوانەیان بکەن، ئەو بەشـەی ڕێگایان دوورترە لە پێش دا حەرەکەت دەکەن و ئەو بەشەی رێگایان نزیک ترە دەرنگ تر وەرێ دەکەون. بەو شێوەیە پێک گەیشتنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان هەر چەند لێک دوور بن لە کاتی دیاری کراودا بە یەک دەگەنەوە. وەک ئەو کریارانەی دوورە شار فێربوون لە کاتی دیاری کراوە دا خۆیان بگەینە بازار بۆ کڕینی پێداویستیەکان .»

١٨.هـەر چەند ئەفرادی (یوئـە) لە ڕوانگەی منـەوە جۆراوجۆرەن بەڵام پرسـیاری من ئەوەیە ئەو سـەرکەوتنەی لە ئاکامی دەسـتدریژی دا وەدەسـت هاتـووە لە کاتی هەڵسنگاندن دا چ ئیمتیازیک وەردەگری[١].

١٩. بەو شـێوەیە کە باس کرا دەتوانین بەسـتێنی سـەرکەوتن دروست بکەین، لەو

١-لە ڕوانگەی بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەو بەرهەمە ئیشارەی نوسەر بە (وو) و (یوئە) نیشانەیەکە بۆ دەستنیشان کردنی مێژووی ئەو کتێبە.

حاڵەتەدا ئەگەر دوژمن ڕادەی نەفراتیشــی لە من زۆرتر بێ دەتوانم پێش بە هێرشــی ئەو بگرم.

**شالین گوتی :**

«ئەگەر ڕادەی دوژمن زۆر بێ بەڵام ئاشنا بە بارودۆخی نیزامی من نەبێ دەتوانم ئەو هان بدەم کە پەلە بکا لە هێرش کردن بۆ ســەر من. بە شێوەیەک تووشی پەلەپەلەی دەکەم کە ســەری لێ بشێوێ و نەتوانێ گەڵاڵە و نەخشەیەکی وا دارێژی کە بە سەرم دا سەرکەوێ.»

٢٠. بەو جۆرە لە کاتی خۆی دا نەخشەکانی دوژمن ئاشکرا بکەن، ئەو کات دەزانن کام ستراتیژی کاریگەرە و کام ستراتیژی کاریگەرە نییە.

٢١. دوژمــن هان و دەنە بــدەن و نیگەرانی بکەن و هەوڵ بــدەن گەڵاڵەی جووڵە و حەرەکەتی گشتی ئەو ئاشکرا بکەن.

٢٢. ڕادەی ئامادەگــی و شــێوەی ڕێکخســتنی دوژمن دیاری بکەن و بــەو جۆرە لە بارودۆخی مەیدانی شەڕ خاتر جەم بن.

٢٣. دوژمن لە هەموو بواریک دا هەڵبســەنگێنن و شــوێنە لاوازەکانی ئەو دەســت نیشان بکەن.

٢٤. کاتێــک فەرمانــدە ســپاکەی خۆی لــە ئیختیار دایــە ژیرانەتریــن کار ئەوەیە حەرەکەتێک نەکا بە ئاسانی شناسایی بکرێ و هەوڵ بدا لە بواری پاراستنی نهێنیەکان بەڕادەیەک قائیم بێت کە چالاکترین سیخووڕەکان نەتوانن زانیاری لەسەر کۆ بکەنەوە و زیرەکترین کارناسانی نیزامی نەتوانن گەڵاڵە و نەخشەی لەسەر دا بڕێژن.

٢٥. بە پێی شکل و وێنەی ڕێکخستن من نەخشەی شەڕێکی سەرکەوتوانە دادەڕێژم، بەڵام ئەو بابەتە وەک شــتێکی ئاســایی نایەتە بەرچاوی خەڵک چونکە هەموو لایەک ڕواڵەتی شــتەکان دەبینن. بەڵام کەس لەوە تێناگا کە من سەرکەوتن چۆن دەستەبەر دەکەم.

٢٦. کاتێک بە پێی تاکتیک و نەخشەیەک سەردەکەوم بۆ جاری دووهەم لەو تاکتیکە کەلک وەرناگرم بەلکۆ بە سرنج دان بە پێویستیەکانی جۆراوجۆر شێوەی کرداری خۆم بێ کۆتایی دەگۆڕێم.

٢٧. ئەگەر وایە دەتوانین سپایەکی نیزامی لە گەڵ ئاو بەراورد بکەین :
بەو جۆرە کە ئاو خۆلە دەستەو هەوراز نادا و بە دائیم بەرە و سەروژێر خۆ دە کوتێ، هەر بەو جۆرەش سپایەکی نیزامی خۆ لە بەهێزتر دەبویرێ و لاوازتر لە خۆی سەرکوت دەکا.

٢٨. دەبینین کە ئاو خۆی لەگەڵ بارودۆخی زەوی رێکدەخا، هەر بەو جۆرەش هێزیکی نیزامی بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن کرداری خۆی لەگەڵ بارودۆخی دوژمن هاوسەنگ دەکا.

٢٩. بەو جۆرەکە ئاو شکل و وێنەی نەگۆڕی نییە لە شەڕێش دا هەل و مەرجی دڵخواز دائیمی نییە.

٣٠. لە ئاکام دا کەسێک کە دەزانێ بە پێی بارودۆخی دوژمن و بە گۆرینی تاکتیک دەتوانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ جێی خۆیەتی وەک کەسێکی تایبەتی بیناسین.

٣١ . هیچ کام لەو پێنج هۆکارە بە شێوەی نەگور بە سەر هۆکارەکانی دیکە دا لە سەرتر نین، هیچ کام لە وەرزەکان بۆ هەمیشە نامێنەوە. لە نێو ڕۆژەکاندا هیندێکیان درێژترن لە هێندێکیان. مانگ دێتە دەری و پەناش دەگرێ.

# بەشی حەوتەم

## «مانۆر» چالاکی شەڕ بە شێوەی راهێنان و تاقیکاری[1]

١- وەرگێڕانی وشەیی ئەم وشەیە لە چینی دا بەمانای کێبرکێ یا شەڕ لە نێوان دوو سپادا لێکدراوەتەوە، هەر کام لەو دوانە دەیانهەوێ پێگەیەکی باشتر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

**سون تزو گوتی :**

١. کاتێک کە فەرماندە دەیهەوێ هێزی نیزامی بەکاربێنێ، یەکەم جار حوکم و فەرمان لــە حاکم وەردەگــرێ. هێزەکان کۆ دەکاتەوە و خەڵک ئامادە و تەیار دەکا و ســپایەکی تێکــەڵاو بەڵام هەماهەنگ لە هەمووان پێکدێنێ و لە ئوردووگایەک دا نیشــتەجێیان دەکا[١].

**لی شوان گوتی :**

«فەرماندە حوکم لە حاکم وەردەگرێ لە هەمان کات دا لەگەڵ بڕیارەکانی شــوورای پەرســتگا(معبد) کە بە مەبەســتی ســەرکەوتن دەردەچن و هەموو ئەو فەرمان و سزا ئاسمانیەکان کە دیاری کراون بە حورمەتەوە هەڵس و کەوتیان لە گەل دەکا .»

٢. هیــچ کارێک دژوارتر لە هونــەری مانۆر نییە. دژواریەکــەی ئەوەیە کە دەبێ بە ڕێگایەکی کەند و لەند و هەوراز و لێژ ڕێ ببڕێ هەر وەک ئەوە کە بە ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوان دا بــڕوێ و بێ شانســی و بێ بەختی بکەی بــە ئیمتیاز و بارودۆخی لەبار پێک بێنێ.

٣.بەلارێیــەکان دا پێــشرەوی بکەن و بەجێ هێشــتنی نێچیر هــەوڵ بدەن دوژمن ســەرگەرم بکەن. بە یارمەتی ئەو شێوە کارە ئیمکانی هەیە بۆ شوێنی مەبەست پێش دوژمــن بکــەوی. فەرماندەیەک دەتوانێ ئەو کارە بکا کە لە ســتراتیژی ڕاســتەوخۆ و ستراتیژی ناڕاستەوخۆ بزانێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«... وانیشان بدەن کە دوورن، بەڵام پێ لە ڕکێفی ئەسپ بنێن و پێش دوژمن بکەون و بگەنە شــوێنی مەبەســت. لەو حاڵەتە دافێری ئەوە دەبی کە چۆن مەوداکان دیاری بکەی و لێکدانەوەیان بۆ بکەی.»

---

١ - دەتوانین ئەو بەندە بەشــێوەی سەرەوە هاوسان لەگەڵ ڕوانگەی لی شوان و شیان لین یا هاوڕای ڕوانگەی تســائو تسائو و تومو بەشــێوەی خوارەوە باس بکەین: «فەرماندە، ئوردوی سپا بەشێوەیەک ڕێکدەخا کە هەموو لایەنەکان پێکەوە هەماهەنگ بن. یەکەم ئەرکی فەرماندە دوای کۆکردنەوەی سپا ڕێکخستن و سازمان دەهییە، یانی هەماهەنگ کردنی توخم و هۆکارە جیاوازەکانی ئەوان».

**تومو گوتی [٢] :**

«فەرماندەیەک کە دەیهەوی بگاتە ئەو شوێنەی کە مەبەستیەتی و بە ڕێگایەکی دوور و درێژ دا دەڕوا کە پڕە لە کەند و لەند دەبێ هەوڵ بدا ئەو ڕێگایە کورت بکاتەوە و بێ بەختی بگۆڕێ بە ئیمتاز. بە کوشتنی کات و خۆنیشان دان بە بێ موبالاتی دوژمن توشی هەڵە بکاو فریوی بدا و بەو جۆرە هەستی لە خۆبایی لە دوژمن دا زیاد دەکا و لەو حاڵەتە دا دەتوانین بە خێرایی و چالاکی هێرش بکەینە سەر دوژمن و زەربەی خۆمانی لێ بدەین.»

٤. لەهەر حاڵ دا زیان و قازانج بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەرێوە چوونی مانۆڕ [٣] .

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

فەرماندەی شارەزا و پسپۆر لە مانۆر بەهرە و سوود وەردەگرێ، بەڵام بۆ فەرماندەیەک کە شارەزای مانۆر نییە بە جێگای سوود زیانی لێ دەبینێ .»

٥. هەر کاتێک فەرماندەیەک هەموو سپاکەی خۆی بۆ مەبەستی وەدەست خستنی ئیمتازێکی تایبەت بەکارهێنا، بزانن ناتوانی سەرکەوتووبێت.

٦. ئەگەر فەرماندەیەک ئوردووگای تەنیا بە مەبەستی وەدەست هێنانی قازانجیک و ئیمتیازێک بەجێ دەهێڵێ، دەبێتە هۆی لە نێو چوونی کەرەسەکان.

**تومو گوتی :**

«لە کاتی حەرەکەت دا ئەگەر بە هەموو بارگەوبنەوە حەرەکەت بکەی، حەرەکەت و جووڵانی کەل و پەل و تداروکات بە ئەسپایی و هیواشی بەرێوە دەچێ و ئیمتازیک دەست ناکەوێ. باش وایە باروبنەی قورس بخەینە دواوەی حەرەکەتی سپا و بە دەستەی نیزامی چووک چووک و بە مەودای کەم بەرەو پێش حەرەکەت بکەین ولەو حاڵەتە دا کەرەسە قورسەکان زیانیان پی ناگا»

٧.کاتێک بە پەلە زرێیەکان تێکەوە دەپێچرین و بە خێرایی حەرەکەت دەکەن و بێ ڕاوەستان شەو و ڕۆژ ڕێگا دەبرن و دوو قۆناغ دەکەنە یەک، پێش ئەوەی بگەنە شوێنی

---

٢- ئەو شێوە لێکدانەوە لە دەقی ئەسڵی دا دوای بەندی ٢ هاتووە.

٣- ژێل کە یەکێک لە وەرگێڕەکانە ئەو بابەتەی بە شێوەی خوارەوە وەرگێراوەتەوە: «مانۆڕی سپایەک قازانج و بەهرەی هەیە بەڵام مانۆڕی دەستەیەکی گەورە و بێ نەزم مەترسی دارە».

مەبەست هەر سێ فەرماندەیی دەگیرێن. چونکە کاروانی نیزامی لە بواری جسمی یەوە لە بەهێز و لاوازەکان پێک هاتووە و لە هەموو حاڵەتەکاندا بە هێزەکان پێشتر دەگەنی و لە بارودۆخی ئاوادا سپا بە پرش و بڵاوی دەگاتە شوێنی دیاری کراو، و ئەگەر ئەو شێوە کارە ڕەچاو بکرێ یەک لەسەر دەی سپا ناگاتە شوێنی مەبەست [٤].

«... واباوە لە رۆژ دا سپا قۆناغێک واتە ٣ لی دەبرێ و کاتێک بەخێرای دەڕوا دوو بەرابەری ئەو ڕادەیە دەبرێ. لە حاڵەتیک دا دوو قۆناغ ببرێ کە بتوانی سەد لی ڕێگا ببردرێ و ئەوە کاتێکە کە شەو و رۆژ برۆی و حەسانەوە نەبێ، لەو جۆرە پێشرەویە دا لەبەر هیلاکی و ماندوویی لە کاتی تێکهەڵچوون لەگەڵ دوژمن دا ئەفراد بە دیل دەگیرێن .»

مەبەستی سون تزو ئەوەیە ئەگەر ئەو شێوە کارە ڕەچاو بکەین لە هەر دە شەڕکەر تەنیا یەک شەڕکەر دەگاتە شوێنی مەبەست، لە کاتی ڕووبە ڕوو بوونەوە لە گەڵ دوژمن ئەگەر هیچ ڕێگا چارەیەک نەبوو بۆ وەدەست هێنانی پێگەیەکی باش بە هەر قیمەتێک بووبێ دەبێ شەڕ بکەی لە هەر دە پیاوی شەڕکەر کامیان چالاکتر و توند و تۆڵترە بۆ پێشەنگ هەڵبژێرە و نۆ کەسەکەی دیکە بەدوای ئەودا حەرکەت بکەن. بەو جۆرە لە دە هەزار پیاوی شەڕکەر بۆ خۆرهەڵات هەزار کەس دەگەنە شوێنی مەبەست و ئەوانی دیکە بێ ئەوەی کاروانەکەیان پچرابێ بە دوای یەک دا دەستەیەک پێش نیوەرۆ و دەستەیەک دوای نیوەرۆ دەگەنە شوێنی مەبەست و بەو شێوەیە هیچ کامیان بەجێ نامێنن و لەو شێوە حەرکەتە دا هەنگاوی سەربازەکان بێ پسانەوە ڕێگا دەپێون بێ ئەوەی هیلاک وشەکەت ببون.

کاتێک بۆ وەدەست هێنانی ئیمتیازێکی تایبەت شەڕ دەکەن حەق وایە شوێنی بە یەک گەیشتنەوەی سپا شوێنیکی ستراتیژی بێت و لەو حاڵەتەدا بۆ دیفاع لەو شوێنە لانی کەم هەزار پیاوی شەڕکەر پێویستە هەتا هەموو هێزەکە دەگاتە جێ.

٨.ئەگەر بە خێرایی پەنجا لی پێشرەوی بکەین دەستەی پێش قەرەوڵان لە پێ

---

٤- بێ شک مەبەستی سون تزو لە تێکەوە پێچانی زریەکان ئەوەیە کە کەرەسەی قورسی تاکەکەسی بپێچرێتەوە و لە پێگە دابنرێت.

دەکەوێ و تەنیا نیوەی سـپا دەگاتە شـوێنی مەبەسـت و ئەگەر سی لی لە ڕۆژێک دا ببرین تەنیا دوو لەسەر سێ سپا دەگاتە شوێنی دیاری کراو.

٩. سپایەک کە تفاق و خواردەمەنی و تداروکات و کەرەسەی قورسی شەڕی پێ نەبێ تووشی شکان دەبێ .

**لی شوان گوتی :**

«... بەرگـری لە ڕێگای دیوار و لەمپەری ئاسـنین گرینگـی کەمترە لە تداروکات و خواردەمەنی.»

١٠. فەرماندەیـەک کـە لەسـەر بارودۆخی جوگرافیایـی ناوچەکە، بـەرزی و نزمی کێوەکان و چڕ و پڕی لێڕەوارەکان، ئاسۆک و بستووی مەترسیدار و قۆرغ و زنە و بێشە و مێشەڵانەکان شارەزایی نەبێ ناتوانێ ڕێبەری سپایەک بکا.

١١. فەرماندەیـەک کە لە شـارەزا و بەڵەدی خۆ وڵاتی کەلـک وەرنەگرێ ناتوانی لە بارودۆخی زەوی کەلک وەربگرێ.

**تومۆ گوتی :**

«لوکوان تزو دەڵێ : لەسەر یەک فەرماندە دەبێ پێشتر لەگەڵ نەخشەی زەوی ئاشنا بێ، پێویسـتە ئەو ڕێگایانە کە بۆ حەرەکەتی کەرەسـەی قورس و سوک مەترسیدارن باش بناسـی و شـارەزایان بێت، بۆ تێپەڕبوونی کەرەسەی گواسـتنەوە دەبێ شارەزای شـێو و دۆڵ و بەسـتووی چیاکان بێت و بواری ڕووبارەکان و بـەرزی و نزمی ناوچەکە بزانێ و شـارەزایان بێ، ئەو شـوێنانە بناسـێ کە لێڕەوار و قامیشەڵێنن. گرینگی شار و شارۆچکەکان و مەودای کورت و درێژی ڕێگاکان بزانێ. لە بارودۆخی شارە گەورەکان و هەڵکەوتی شارە وێران بووکان بزانێ ... فەرماندە دەبێ زانیاری تەواوی لەسەر ناوچەکە هەبـێ. فەرماندە دەبێ توانای ئەوەی هەبێ کە هەموو ئەو زانیاریانە لە فکر و هۆشـی خۆیدا هەڵبگرێ، بەو مەرجە دەتوانین ئیمتاز لە زەوی وەربگرین.

**لی شینگ گوتی :**

«... دەبێ ئازاترین و بەهوشترین و وردبینترین ئەفسەران هەڵبژێرین و بە یارمەتی

ڕێ نیشاندەری خۆ وڵاتی بە نهێنی و بێ دەنگی و جێ نەهێشتنی شوێن پێ لە لێرەوارە چڕەکان و چیا سەرکەشەکان تێپەربین. هیندێک جار لەو جۆرە پێڵاوانە کەلک وەرگرین کە لە شێوەی پەنجەی حەیوانات دەچن و هیندێک جار لەسەر کڵاوەکان شکل و وێنەی باڵندەیەک دادەنێین و زۆر بە ئاسانی لە نێولێرەوار دا خۆ حەشار دەدەین. گوێ بۆ دەنگە دوورەکان ڕادەگرین و بۆ ئەوەی باشتر ببینین چەند جارێک پێلوی چاوەکان لێک دەدەین و هۆش و فکر کۆ دەکەینەوە هەتا لە هەموو بارودۆخێک دا بریاری دروست بدەین کە قازانجی تێدابێ. نیشانەکانی کەش و هەوا بە هێند وەربگرین و وێرای ڕێڕەوی ئاو بین و بزانین نیشانەیەک لە تێپەربوونی دوژمنی لی نییە، جووڵەی دارەکان بخەینە ژێر چاوەدێری بۆ ئەوە ئەگەر دوژمن جموجۆڵی هەبوو لێی ئاگادار بین.»

**هوین هسی گوتی :**

« هەر کاتێک فەرمانی شەڕمان پێ کرا بۆ خاکێکی نەناسراو حەرکەت بکەین کە هێشتا شارستانیەت رووی تێ نەکردووە و هیچ پێوەندیکی بە دنیای دەرەوە نییە و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ قوڵایی شیو و دۆڵەکان ببرین، ئایا کارێکی دژوارمان دەست پێ نەکردووە ؟

بارودۆخی سپایەکی دوورکەوتوە لە وڵات و بە تەواوی دابڕاوە لە هێزی یارمەتیدەر بەڵام لە حاڵی پێشرەوەی دا و دوژمن لە بەرامبەری دا حاڵەتی هێرشی بە خۆیەوە گرتووە وەک ئەو کەسە دەچێ کە دەیهەوی دیفاع لە خۆی بکا. لە هەنگاوی یەکەم دا کاتێک دوژمن خەریکی فریو و فێڵە و ئێمە بێ ستراتیژی و بێ لێکدانەوە و بیرکردنەوە برۆنە پێشی و مەترسیەکان لەبەرچاو نەگرین لە ئاکام دا دەکەوینە داوی دوژمن و یا دەکەوینە بەرە هێرش و پەلاماری بەربڵاوتر لە کەمین. پێشرەوی بێ گەڵاڵە و نەخشەی ورد و دەقیق وەک ئەو کەسە وایە کە هۆشی لە دەست داوە و هەموو کات ئەو مەترسییە لەسەرە کە لە تێکهەڵچونێکی لە نەکاو دا توشی شکان بێت و شەوانە کاتی حەسانەوە بە بیستنی هەر جۆرە دەنگێک یا هەر هەواڵێک تەنانەت ئەگەر درۆش بێت تووشی دڵە ڕاوکێ وترس وخوف دەبێ ئەگەر بە پەلە و بێ ئامادەگی پێشرەوی بکەین

لە داوی دوژمن دەکەوین و لە ڕاستی دا سپایەکی ئازا و شەڕکەر توشی نەهامەتی و تێدا چوون دەکەین. لەو بارودۆخەدا چۆن دەتوانین حەسار بەندی دوژمن تێک بشکێنین و لە حەشارەگەی خۆی بیهێنیەدەرێ. لە خاکی دوژمن دا چیاکان و تەپۆڵکەکان و ڕووبارەکان و شوێنە بەرز و نزمەکان وەک خاڵی ستراتیژی لە لایەن دوژمنەوە دیفاعیان لێ دەکرێ. لە خاکی دوژمن دا لێرەوار و بێشە و شوێنی وا هەن کە دوژمن کەمینیان لێ دانێتەوە و بە مەبەستی زەربە وەشاندن خۆی تێدا حەشار دەدا.

مەودای درێژی ڕێگاکان وکوێرە ڕێیەکان، پانتایی شار و شارۆچکەکان، هەڵکەوتی ئاوایەکان ،کێڵکەکان بە پیت و بەرەکەتن یا ڕەق و تەقن، شێوەی ئاودێری و چۆنیەتی کەرەسەکان و بەر بڵاوی سپای دوژمن و توانای چەکەکانیان، پێویستە بە شێوەکی پوخت و کامڵ بناسرێن ئەو کاتەیە ئێمە بە نیسبەت دوژمن بەرچاو ڕوونی تەواومان هەیە و دەتوانین لەهەر بەربەرەکانێک دا بە سەری دا زاڵ بین.»

١٣. لە نزیک ئاوایەکان پێویستە بە خێرایی با تێپەربین. کاتێک پێشرەوی ئێوە لە قوناغی کورت کورت دا بەڕێوە دەچێ پێویستە شکۆی تەواوی سپا بپارێزرێ و وەک داری لێرەوارەکان ڕیزەکانیان قورس و قائیم بێت. لە هێرش بردن دا وەک بڵێسەی ئاور وابن و لە بەربەرەکانی دا وەک چیا خۆ ڕاگر و قائیم بن.

١٤.کاتێک ناوچەیەک تاڵان دەکەن هێزەکەی خۆتان دابەش بکەن وکاتێک وڵاتێک داگیر دەکەن دەسکەوتەکان دابەش بکەن.

١٥. لە سەرەتای هەر کارێک دا بارودۆخەکە هەڵبەسەنگێنن لە دوایی دا دەست بە کار بن.

١٦. فەرماندەێک کە دەتوانێ لە هونەری پێشرەوی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کەلک وەربگرێ بێ شک سەرکەوتوو دەبێ و چونکە هونەری مانۆر بەو شێوەیە.

١٧.کتێبی ئیداری کاروباری نیزامی و شەڕ بەو شێوەیە باسی هێماکانی مەیدانی شەڕ دەکا:

« لەبەر ئەوەی دەنگی ئەفراد لە کاتی شەڕکردن لە مەیدانی شەڕ دا نابیسترێ لە دەهۆڵ و شێپور کەلک وەربگرن و لەبەر ئەوەی هێزەکان لە کاتی شەڕ دا ناتوانن هەموو

لایەک ببینن لە ئاڵا و نیشانەکان کەلک وەربگرن.»

١٨. لەهەر حاڵ دا لە شێپوور و دەهۆل و ئاڵا و هێماکانی دیکە بە مەبەستی تێ گەیاندنی هێزەکان لە خالێکی مەیدانی شەڕ و لەو بارودۆخەی کە تێدان کەلک وەردەگرین بۆ ئەوەی بە هێزەکان بڵێین کە دەبێ پاشەکشە بکەن یا پێشرەوی بکەن. پیاوی ترسنۆک ناتوانی پاشەکشە بکا هەر بۆیە هونەری ڕێ دەرکردنی سپایەک لە هەر بارودۆخێک دا بەم شێوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد.

**تومۆ گوتی :**

«... قانوونی نیزامی دەڵێ : فەرماندەیەک کە لە هەلی لەبار دا پێشرەوی ناکا و فەرماندەیەک لە کاتی پێسویت دا پاشەکشە ناکا سزای ئیعدامە. کاتێک کە (ووشی ) بە دژی (شین) شەڕی دەکرد ئەفسەرێک پێش لە تێک هەڵچوونی دوو سپا نەیتوانی پێش بە هەڵچوونی خۆی بگرێ لە سپای دوژمن چوو پێشی و سەری دوو کەسی لە لەشیان جیاکردەوە و بۆ دواوەوە گەڕایەوە، هەر لەو کاتە دا (ووشی) فەرمانی کرد ئەو ئەفسەرە ئیعدام بکەن. فەرماندەی ناوەندی سپا بەو حوکمە نارەزایەتی دەربڕی و گوتی: ئەو ئەفسەرە یەکێک لە ئەفسەرە بە تواناکانە و نابێ ئیعدام بکرێ. (ووشی) وەڵامی دایەوە: من شک و گومانم لە توانا و لێ هاتووی ئەو ئەفسەرە دا نییە، بەڵام نافەرمانی کردووە و لەسەر فەرمان ڕانەوەستاوە و هێرشی کردووە.» بەو شێوەیە ئەفسەرەکەی ئیعدام کرد.

١٩. لە شەڕی شەوانە دا لە ڕادەیەکی زۆرمەشخەڵ و دەهۆڵ کەلک وەربگرن و بۆ شەڕ لە ڕۆژە دا ڕادەیەکی زۆر ئاڵا و نیشانەکان بەکاربێنن هەتا لەسەر چاو و گوێی هێزەکان کاریگەری هەبێ.

**تومو گوتی :**

« بەو جۆرە کە ڕێکخستنی گەورە و گرینگ، ڕێکخستنی بچووک لە خۆ دەگرێ هەر بەو جۆرەش خێوەتگا گەورەکانیش خێوەتگای بچووک لە خۆ دەگرن. پێشەنگ و پاشەنگ و لای ڕاست و لای چەپی ئوردوگای سەرەکی بە خێوەتگای گەورە و بچوک دەورە دەراوە. هەموو ئەو خێوەتگایانە لە یەکتر جیاوازن و بە شێوەیە بازنەی بە دەوری

قەرارگای فەرماندەی ســەرەکی دا دامەزراون . گۆشــە جیاوازەکانی هەر کامیان لەوی دیکە دا جێ دەگرێ بە شــێوەیەک خێوەتگا وێنەیەکی ئاسمانی (پی لەئی) دەخاتە بەر دیدەی هەر بینەرێک.

مەودایەک کە خیوەتگا جیاوازەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە لە سەد پێ زیاتر نییە و لە پنجاە پێ کەمتر نییە. رێگا و کۆڵانەکان بە شێوەیەک تەرتیب کراوەن کە هێزەکان بە ئاسانی بتوانن پێدا حەرەکەت و جووڵەی ئاسان بکەن و یارمەتی بگەینە هەر شوێنیک لە ئوردووگا کە پێویســتی هەبــێ. لە یەکتر بڕی هەر ڕێگایــەک دا بورجێکی بچووک دانراوە و دار بۆ خۆ گەرم کردنەوە لای ئەو بورجانە ئامادەکراوە و بە پێژە دەتوانی بچی بۆ ســەر بورجەکان و لەوێ پاسەوانی دەور و بەری خۆت بکەی. لە کاتی شەودا هەر کام لە پاسەوانەکان ئەگەر دەنگی دەهۆڵیان بیست ئاوری ئاگادار کردنەوە دا دەگریسێنێ. چونکە ئەگەر دوژمن بە شەو هێرش بکا ئیحتمالی ئەوە هەیە بتوانی پەرژینەکان تێک بشکێنێ و بێتە نێو ئوردوگا، بەڵام چونکە لە هەموو لایەک خێوەتگای بچووکی لێ یە و هەر کامیان بە توندی بەرگری لە شوێنی خۆیان دەکەن بۆیە دوژمن نازانی لە کام لاوە هێرش بکا.

لە ئوردووگای فەرماندەهی یا ئەو ئوردوگایانەی بایەخیان کەمترە، کاتێک کە هەست پــێ دەکەین کە دوژمن خۆی خزاندۆتە نێو ئوردووگا، خۆی لێ بێ دەنگ دەکەین هەتا هەموو هێزەکەی دێتە نێو ئوردووگا. ئەو جار لە هەموو لایەکەوە دەهۆڵەکان دەکوتین لــەو حاڵەتە دا لە هەموو ئوردوگاکانی دیکەش بــە دەهۆڵ وەڵام دەدەنەوە و لە تەواوی بورجە بچووکەکانی پاســەوانی ئاوری ئاگادار کردەنەوەی مەترســی دادەگریسێنن و بە یارمەتی ئەوان شــەوی تاریک وەک رۆژی ڕووناک لێ دەکەین. ئەفســەران و پیاوانی شــەڕکەر و ئــازا دەروازەکان دادەخــەن و لــە ســەنگەرەکانی خۆیان دا جــێ دەگرن و کەواندارەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە دوژمن تیرباران دەکەن.»

٢٠. ڕوودەدا کە ســپایەک لەبەر ئەوەی فەرماندەکەی بە غیرت و ئازا و کارامە نییە ورەی شەڕکردن لە دەست دەدا.

**هوین هسی گوتی :**

«ووشــی دەڵێ : بەرپرسیارەتی سپایەک لەسەر شــانی تەنیا یەک کەسە و هەر ئەو

یەک کەسەیە کە دەتوانێ ورەی سپاکەی بەرێتە سەرێ یا لاوازی بکا.»

**مەئی یا ئوشین گوتی :**

«ئەگەر سپایەک ورەی نەبێ کاریگەری لەسەر فەرماندەکەی دەبێ و ئەویش ئیمان و ئیرادەی خۆی لە دەست دەدا.»

**شانگ یو گوتی :**

«فەرماندە بە یارمەتی ئیمان بە کارەکەی دەتوانێ بەسەرکۆسپەکان دا سەرکەوێ و بەو پێیە نەزم و شێواوی، ئازایەتی و ترسنۆکی سیفەتێکن کە لە ژێر فەرمانی ئیماندا قەرار دەگرن. هەر بەو هۆکارە کەسێک کە کارناسی زەربەلێدان لە دوژمنە سەرەتا ورەی دوژمن لاواز دەکا و لە دوای ئەوە دا بە سەری دا زاڵ دەبێ.

فەرماندە بۆ بەلاریێ دا بردنی دوژمن و تێک روخاندنی ورەی ئەو هەتا خاڵی کۆتایی لە دوژمن دەچێتە پێش و پاشەکشە دەکا و بە مانۆر دوژمن ماندوو دەکا.»

٢١. بەرە بەیانیان مرۆڤ هەست بە کوڕوتین دەکا و بەرەبەرە لە درێژایی ڕۆژ دا ئەو کوڕوتینە نامێنی و لە کاتی ئێواران دا بیر و هۆشی مرۆڤ دەچێتەوە بۆ لای زید و نیشتمان و بنەماڵەکەی.

٢٢. لەو ڕووەوە شارەزایانی هونەری نیزامی کاتێک دەبێنن کە ورەی دوژمن پڕە لە هێزە و جوڵە دووری لێ دەکەن. بەڵام کاتێک هەست دەکەن سەربازەکانی دوژمن کەوتونەتە بیری زێد و نیشتمان و هێز و باوەڕیان سست و لاوازە گەلاڵەی هێرش کردنە سەریان دادەرێژن و هێرشیان بۆ دەکەن. «مانای لە ئیختیار دا بوون دا ئەوەیە.»

٢٣. کاتێک لە ڕوانگەی نەزم و ڕێک و پێکیەوە فەرماندەهی سپا لە باشترین حاڵەت دایە، شارەزای هونەری شەڕ لە چاوەڕوانی دوژمنی بێ نەزم دا دەمێنێتەوە و لە حاڵەتی ئارامی دا چاوەڕوانی دوژمنی نا ئارام دەبێ. «ئەو شێوە کارە بە مانای لە ئیختیار دا بوونی هۆکاری ڕێژەییە.»

**تومو گوتی :**

« هێدی و ئارامی دەبێتە هۆکارێک کە فەرماندە بە تواناکان لە ژێر باری ڕووداوەکاندا لە پێ نەکەون .»

**هوین هسی گوتی :**

«فەرماندەی سپایەکی یەک میلیونی کە لە بەرامبەر دوژمنێکی زێرەک و درندەخۆ دا قەراری گرتووە دەبێ توانای فەرماندەهی و مودیریەتی خۆی بە سەر ئەو سپا زەبەلاحەدا نیشان بدا. ئەو کارە زیان و قازانجی لێ دەکەوێتەوە و فەرماندە لە بەرامبەر ئەو قازانج و زیانانەدا بەرپرسیارە. ئەو فەرماندەیە لە بەرامبەر ئالوگۆرە چاوەروان نەکراوەکاندا کە دێتە پێش دەبێ نەرم و نیانی خۆی بپارێزی و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەسـائیلی شــەڕ دەبێ لە بیر و هۆشــی خۆی دا ڕاگرێ. لە حاڵەتێک دا کە فەرماندە بە جەرگ و ئازایە نابێ بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ دەست بۆ هیچ حەرەکەتێک بەرێ و پێویستە بێ سەر لێ شێواوی و پەلەپەل کارەکانی ڕێک و پێک بکا و لە کاتی تووش بوون بە گیروگرفتی چاوەڕوان نەکراو سەری لێ نەشیوێ و بێ لە دەست دانی هۆش و فکر بەسەر هەموو ڕووداوەکاندا زاڵ بێ.»

٢٤. فەرماندەی شــارەزا لە هونەری شــەڕ لە نزیک مەیدانی شەڕ چاوەڕوانی دوژمن دەکا کە لە دوورەوە دیارە و بەرێوەیە. فەرماندەی شــارەزا چاوەڕوانی دوژمنێکی ماندوو دەکا لە حاڵێک دا سپاکەی خۆی حەســاوەیە. فەرماندەی لێزان لەگەڵ سپایەکی تێر و تەســەل چاوەڕوانی سپایەک دەکا کە برسیەتی برستی لێ بڕیوە. «ئەو شێوە کارە لە ئیختیار دا بوونی هۆکاری ماددی یە.»

٢٥. شــارەزایانی هونەری شــەڕ هێرش ناکەنە سەر ســپایەک کە ئاڵا و نیشانەکانی ڕێک و پێکەو ڕێکخستن و سازماندەهی خاوەنی نەزمێکی تایبەت و بەرچاوە. «هۆکاری بارودۆخ ورەخساندنی هەلی گونجاو بەو مانابیە.»

٢٦.ئەگەر وایە، هونەری فەرماندەهی لەسەر ئەو ئەساسەیە کاتێک دوژمن شوێنێکی بەرزی داگیرکردوە و لێی دامەزراوە هێرشــی ناکاتە سەر وکاتێک پشتی بە چیایەکەوە داوە لە بەرامبەری دا قەرار ناگرێ.

٢٧. کاتێک دوژمن وادەنوێنێ کە لە حاڵی ڕاکردن دایە، وەدوای مەکەون.

٢٨. هێرش مەکەنە سەر کاروانی هەڵبژاردەکانی سپای دوژمن.

٢٩. بە پەلەو چاو چنۆکانە ڕاماڵی ئەو نێچیرانە مەدەن کە بە ئاسانی لەسەر ڕێگاتان

قەرار دەگرن.

**مەئی یا ئوشن گوتی :**

«ماسییەک کە ئارەزوی تەماحی گەورەی هەیە خۆی بە قوڵاپەوە دەبێ و سپایەک کە تەماح لە نێچیرێک دەکا خۆی بە داوی ڕاوچییەوە دەبێ.»

نامیلکەی سێ ستراتیژی دەڵێ «لە ژێر داوی نێچیری خۆش خەت و خاڵ ڕەنگە قۆلاپێک خۆی حەشار دابێ»

٣٠. هەوڵ مەدەن ڕێ لەو دوژمنە بگرن کە دەگەڕێتەوە بۆ زێد و نیشتمانی خۆی.

٣١. بۆ دوژمنێک کە ئابڵوقە دەراوە پێویستە ڕێگای دەرباز بوونی بۆ بهێڵیەوە.

**تومو گوتی :**

«ڕێی هەڵاتن بە دوژمن نیشان بدەن و لە دەروون و ناخی ئەودا بچەسپێنن کە ڕێگایەکی دیکە بێجگە لە هەڵاتن یا مەرگ بوونی نییە و کاتێک ورەی ڕوخا هێرشی بکەنە سەر.»

**هوین هسی گوتی :**

کاتێک (تسائو تسائو) گەمارۆی (هوکوان)ی دا فەرمانەی دەرکرد «کاتێک شارمان گرت پارێزەرانی کوژراوی شار بە خاک دەسپێرین چونکە ئەوان بوونە هۆکارکە شار بۆ ماوەی چەندین مانگ بە پێوە ڕاوەستی و نەکەوێ.»

**تسائو جن گوتی :**

«کاتێک شارێک گەمارۆ دەدرێ بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە دەرفەتی ژیان نیشانی گەمارۆدەراوەکان بدەی. گەورەم ئێوە واتان کرد کە گەمارۆدەراوەکان هەتا سنووری مەرگ و ژیان شەڕ بکەن هەر بۆیە ئەوان هەر کامیان بۆ ڕزگاری خۆی شەڕی دەکا. شار بە هێزە و پاشەکەوتی خواردەمنیشیان زۆرە هەر بۆیە ئەگەر ئێمە هێرش بکەینە سەریان ڕادەیەکی بەرچاو لە ئەفسەران و پیاوانی شەڕکەرمان دەکوژرێن و بریندار دەبن و پێداگری لەسەر ئەو ڕێبازە پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە. دامەزراندنی خێوتگا لە ژێر دیوارەکانی شارێکی بە هێز و هێرش بردنە سەر ئەو شارە کە پارێزەرانی هەتا لیواری مەرگ و ژیان دیفاعی لێ دەکەن کارێکی هەڵەیە و نەخشەیەکی ژیرانە نییە.»

٣٢.دوژمنێک کە تەواو بێ هێز و بێ توانا بووە لە ڕادە بەدەر زۆری بۆ مەهێنە.

## تویو گوتی فوشای دەڵێ :

« کاتێک ئاژەڵێکی دەڕندە لاواز و بێ هێز دەبێ لە کاتی تەنگانە دا هەر هێزێکی کە تێیــدا ماوە بۆ پارێزگاری لە خۆی بــە کاری دێنێ. کاتێک لە بابەتی وادا مرۆڤ دەبێتە کاراکتێری نێو گۆڕەپانی شەڕ ئەو ڕاســتییە زۆرتر خۆی دەردەخا واتا ئەگەر مرۆڤەکان بزانن کە هیچ ڕێگا چارەیەکیان نییە هەتا گیان لە دەست دەدەن دەجنگن.»

لە ســەردەمی حکومەتی (هســوان) لە زنجیرە پاشــای (هان)، (شــائۆ شونگ کوئو) شۆرشــی خێڵی (شیانگ)ی تێکشــکاند. (شــیانگ)کان کە ســپایەکی زۆر زەوەندی دوژمنیان چاوپێکەوت بار وبنەی قورسی خۆیان لە شوینێک حەشاردا و بۆ تێپەڕ بوون لە ڕووباری (جوان) بەرەو بواری ڕووبارەکە هەڵکشان، ڕێگایان بە تەنگەبەرێک دا تێپەڕ دەبوو، (شونگ کوئو) بێ ئەوەی پەلەبکا بە دوای (شیانگ)کاندا ڕێی دەپێوا لێیان دەچۆ پێش، کەســێکیان گوتی: ئێمە بەدوای قازانجی گەورەداین بەڵام زۆر بە لەسەرە خۆیی دەچینە پێش.

شــونگ کوئو وەڵامی دایەوە: دوژمن لە بارودۆخی خراپ و بێ هیوای دایە هەر بۆیە ناتوانین لە نزیکەوە بەدوایان دا برۆین. ئەگەر ئەوان هەســت بە مەترســی نەکەن بە لەســەرە خۆیی ڕێگا دەبرن و ئارام ئارام دەچنە پێش، بــەڵام ئەگەر لە نزیکەوە ئەوان تەنگەتاو بکەین بەرەو ئێمە دەگەرێنەوە هەتا ئاخر هەناسە شەڕمان لەگەڵ دەکەن.

هەموو فەرماندەکان گوتیان: ئافەرین و دەست خۆش.»

٣٣. بەو شێوەیە دەبێ ڕێبەری و فەرماندەهی هێزەکان بکرێ.

# بەشی هەشتەم

## نۆ بگۆڕەکان

### سون تزو گوتی :

١. بەشـێوەیەکی گشـتی ڕەواڵ وایە لە کاتی کەڵک وەرگرتن لـە هێزە چەکدارەکان، فەرماندەی گشـتی بۆ ئامادەکردنـی خەڵک و کۆ کردنەوەی سـپا فەرمـان لە حاکم وەردەگرێ.

٢. نابێ سپا لەسەر زەوی نزم، ئوردوو لێ بدا.

٣. لە گەڵ هاوپەیمانی خۆت لەسەر زەویەک کۆ ببەوە کە توانای پێکهێنانی پێوەندی هەبێ.

٤. لەسەر زەوی بێ ئاو و قاقڕ کات بە فیرۆ مەدەن.

٥. دامەرزران و نیشتەجێ بوون لە زەوی ئابلوقەدەراو پێویستی بە لێزانییە.

٦. بۆ مەیدانی شەڕ زەوی ڕەق و سفت و مەحکەم هەڵبژێرە.

٧. هێندیک رێگا هەن کە نابێ پێیان دا برۆی، هێندیک کاروان هەیە نابێ هێرشیان بکرێتە سەر، هێندیک شار هەن نابێ بکرێنە ئامانج و هێرشیان بکرێتە سەر، هیندێک زەوی هەن نابێ لەسەریان تووشی شەڕ بی.

### وانگ هس گوتی :

« لە ڕوانگەی منەوە نابێ هێرش بکرێتە سـەر ئەوانە: کاروانێکی نیزامی کە دوژمن وەک نێچیر دیخاتە بەرچاوی سپا، کاروانی هەڵبژاردەکانی نیزامی کە هەموویان هوشیار و کار ئازموودەن و دوژمنێک کە رێکخستنی رێک و پێکی هەیە.»

### تومۆ گوتی :

« مەبەسـت دوژمنێکـە کە لە پێگەی سـتراتیژیک، لە پشـت دیوارە بـەرزەکان و خەندەکـە قوڵـەکان دامەزراوە و خواردن و خوارنەوەی پاشـەکەوت کـردووە و لە ژێر دەسـتی خـۆی دایە و ئامانجی ڕاگرتـن و زەمین گیرکردنی سـپاکەی منە. ئەگەر من هێرش بکەمە سـەر ئەو شارە و داگیری بکەم دەسکەوتێکی ئەوتۆم دەست ناکەوێ و ئەگەر شـار داگیر بکەم زۆر ڕوونە کە هێرشێکی بێ ئاکام دەبێ و ئەوە توانای سپاکەی

من لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێ. بەو حاڵە نابێ هێرش بکەمە سەر شارێکی لەو بابەتە.»
٨- هێندیک حاڵەت ڕوودەدن کە فەرمانی حاکم کاری پێ ناکرێ .

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«کاتێک بارودۆخی مەیدانی شەڕ وادەخوازێ کە فەرمانی فەرماندە جێ بەجێ بکرێ نابێ بە هۆی فەرمانی حاکم دەست و پێ فەرماندە ببەسترێ.»

**تومو گوتی :**

«لەوئی لیا ئوتزو دەڵێ: چەک کەرەســەیەکی ناموبارەکە و شــەڕ دژبەری ئەخلاقە، فەرماندە وەزیری مەرگە و لەســەرەوە لە بەرامبەر ئاســمان و لەسەر زەوی لە بەرامبەر دوژمن و لە پشت سەریەوە لە بەرامبەر حاکم دا بەرپرس نییە.»

**شانگ یو گوتی :**

«فوشــائی پاشــا دەلێ: کاتێک لە شــێوەی ڕەفتاری هاوپەیمان تێ گەیشتی، خۆت دەست بە کار بە و چاوەڕوانی فەرمان و دەستوورمەبە ...»
٩ـ فەرماندەیەک کە هۆکارەکانی نۆ بگۆرەکان بە تەواوی دەناسێ، دەزانێ چۆن کاروانە نیزامیەکان ڕێبەری بکا.

**شالین گوتی :**

« فەرماندە دەبێ دڵنیا بێ کە بە پێی هەل و مەرج دەتوانێ بە سەر بارودۆخ دا زاڵ بێ، هەر بۆیە نابێ خۆی پابەندی ڕێکار و شێوەکانی سەلمێندەراو بکا.»
١٠. فەرماندەیەک کە زانیاری لەسەر سوود و بەهرەکانی نۆ بگۆرەکان نییە، ناتوانێ بە باشی سوود لە زەوی وەربگرێ تەنانەت ئەگەر شناختی باشیشی لەسەر زەوی هەبێ.

**شالین گوتی :**

«... فەرماندە ئال و گۆڕی هەل و مەرجە لەبارەکان هەڵدەسەنگێنی.»
١١. لە بەڕێوە بەری چالاکی نیزامی دا کەســێک کە ناتوانی تاکتیکەکانی هاوسەنگ بکا لە ئاست نۆ بگۆرەکان عاجزە، تەنانەت ئەگەر زانیاری لەسەر پێنج ئیمتازیش هەبێ

ناتوانێ بە شێوەی کارا لە هێزەکانی خۆی کەلک وەربگرێ.

**شالین گوتی :**

« لە حاڵێک دا دەزانین ڕێگایەک مەترسی داره و ئیمکانی هەیە لەسەر ئەو ڕێگایە دوژمن لە کەمین دابێ، هەر چەند ئەو ڕێگایە کورتترین ڕێگا بێت نابێ پێدا بڕۆین.

• لە حاڵێک دا بارودۆخ نالەبارە و دوژمن هەتا سنووری مەرگ ئامادەی شەڕە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئێمە توانای هێرش کردنیشمان هەبێ نابێ هێرش بکەینە سەری چونکە هێزی دوژمن هەرچی لە توانای دایە لەو شەڕە بە کاری دێنێ.

• هەر چەند شارێکی بە تەنیا بۆ هێرش بردنە سەر دەبێ بەڵام نابێ هێرشی بکرێتە سەر، چونکە ئەگەر ئەو ئیحتمالە هەبێ کە شار پاشەکەوتی خواردەمەنی زۆری هەیە و خاوەنی سپایەکی حەساوەیە و فەرماندەیەکی زانا و ژیر بەرگری لێ دەکا و وەزیرەکانی دەست پاک و دڵسۆزن و نەخشە و گەڵالەکانیان دەستی دوژمنیان وێراناگا و پارێزراون وا بە ئاسانی شار تەسلیم نابێ هەر بۆیە ئیمکانی سەرکەوتنیش لاواز دەبێ.

• هەرچەند کێشە لەسەر خاوەنداریەتی خاکێک هەبێ نابێ ببێتە بابەتی شەڕ و تێکهەڵچوونی دوو سپا بەتایبەتی لەو حاڵەتەدا کە دەزانین کاتێک دەستمان بەسەر داگرت پاراستنی دژوار دەبێ و یا لە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە هیچ قازانجیکمان دەست ناکەوێ و ئیحتمالی هەیە بکەوێتە بەر هێرشی ئەو لایەنانەی دیکە کە خۆی بە خاوەنی دەزانی و ڕەنگە لەو هێرشە دا زیان و زەرەری زۆرمان پێ بکەوێ.

• هەر چەند دەبێ فەرمانەکانی حاکم جێ بەجێ بکرێ بەڵام ئەگەر فەرماندە هەستی بەوەکرد کە کونترۆلی ناوەند بەسەر کاروبارەکانی دا زیانهێنەر و مەترسی دارە، نابێ ئەو فەرمانانە جێ بەجێ بکرێن.

«لەو کاتانەی لە بەرامبەر ئەو پێنج ئیحتمالە قەرار دەگرین دەبێ بە سەرنج دان بە بارودۆخەکە لەگەڵ یەکتر هەماهەنگیان بکەین، چونکە پێشەکی بڕیاردان لەسەریان ئیمکانی نییە»

١٢. فەرماندەی ژیر هەر بەو هۆکارانەی سەرەوە لە لێکدانەوەکانی خۆی دەبێ لە یەک کات دا هۆکارە لەبار و نالە بارەکان لەبەر چاوبگرێ.

**تسائو تسائو گوتی :**

«فەرماندە ئەو مەترسیانەی کە بەستراونەتەوە بە قازانج و قازانجەکان بستراونەتەوە بە مەترسیەکان سەنگ و سووکیان بۆ دەکا»

١٣. فەرماندە بە سرنج دان بە هۆکاری لەبار گەلاڵەی خۆی دەوام پێ دەدا و لەسەری دەڕوا بەڵام بە سرنج دان بە هۆکاری نالەبار پێویستە دژواریەکان چارەسەر بکا.

**تومۆ گوتی :**

«... کاتێک ئێمە دەمانهەوێ ئیمتیاز لە دوژمن وەربگرین تەنیا نابێ بیر لە ئیمتاز بکەینەوە بەڵکو لە هەنگاوی یەکەم دا دەبێ سرنج بدەینە ئەو مەسەلەیە ئەگەر کارێکی وا بکەین دوژمن لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانێ زەربەمان لێ بدا»

**هوین هسی گوتی :**

«قازانج و زەرەر، هەرکام کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەیە، لەو بابەتە دا فەرماندەی ژیر ڕاوێژ و تەکبیر دەکا»

١٤. حاکمێک کە دەیهەوی دراوسێکانی بکاتە فەرمانبرداری خۆی نابێ زیانیان پێ بگەێنێ، دەنا لە مەبەستی خۆی دا سەرکەوتوو نابێ»

**شالین گوتی :**

«گەلاڵە و نەخشەکانی دژ بە دوژمن لە چوار چێوەیەکی دیاری کراو دا ناگونجێ. هەوڵ بدەن لە دوروبەری دوژمن کەسانی ژیر و بە تەکبیر دوور بکەنەوە بۆ ئەوەی کەسانی ژیر و وردبینیان نەبێ. کەسانی خۆفرۆش بنێرنە وڵاتەکەیان هەتا ئیدارەی ئەو وڵاتە بروخێ. هێندێک جار بە یارمەتی کەسانی فێڵەزان وەزیرەکان لە حاکم جیابکەنەوە و یا پێشەگەرانی بە توانا ڕەوانەی وڵاتی دوژمن بکەن هەتا خەڵکی ئەو وڵاتە تووشی زیادە خرجی بن و یا ئاهەنگ ساز و سەماکەری بێ پروا ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکەن هەتا داب و نەریتەکان تێکبدەن و ئالوگۆریان بەسەر دابێنن و یا ژنانی جوان و لەباریان بۆ ڕەوانە بکەن هەتا هۆشیان لەسەر دا نەمێنێ»

١٩. ئەگەر فەرماندە ترسنۆک و لرزۆک بێت، بە دیل دەگیرێ.

**هوین هسی گوتی :**

«لە کتێبی سومافا دا دەخوێنینەوە : کەسێک کە ژیان لە سەرەوەی هەموو ئامانجێک

دادەنێ بە هۆکاری دڵە ڕاوکی و سەر لێ شێواوی لە پێ دەکەوێ، دڵە ڕاوکی و ڕاڕای فەرماندە بەڵایەکی گەورەیە»

٢٠. لەهەر هەلومەرجێک دا فەرماندە نابێ تووڕە و تەنگەتاو بێت دەنا لەلایەن ژێر دەستانیەوە تووشی گاڵتە پێ کردن دەبێت.

**تویو گوتی :**

«مرۆڤی تووڕە و هەڵچوو ڕەنگە لە پڕدا تووشی هەڵچوون و تەنگەتاوی بێت و لە ئاکام دا بکۆژرێ. کەسێک کە بە ئاسانی تووشی هەڵچوون و تووڕە بوون دەبێ زۆر بە پەلە دەست بۆ کارێک دەبا و گوێ ناداتە دەرئەنجام و گیر و گرفتەکان»

**وانگ هسی گوتی :**

«ئەوی بۆ فەرماندەیەک گرینگە ئیدامە کاریە»

٢١. ئەگەر کەسایەتی خۆت زۆر خۆش دەوێ ئیزن مەدە بوختان و تۆمەتی بۆ هەڵبەسترێ.

**مەئی یاشین گوتی :**

«کەسێک هۆگری ناوبانگی خۆیەتی، بیر لە هیچی دیکە ناکاتەوە»

٢٢. ئەگەر فەرماندە دڵ ناسک بێت بە ئاسانی دەتوانری ئازار بدرێ.

**تومۆ گوتی :**

«کەسێک هەستی ئینسان دۆستی و ڕوحم و بەزەیی هەبێ تەنیا لە نەبوونی مرۆڤ دەترسێ، ناتوانی بە خاتری قازانجێکی درێژ خایەن لە ئیمتیازێکی کاتی خۆش بێ»

٢٣. ئەو تایبەتمەندیانەی لەسەرەوە باسیان کرا نابێ لە کەسایەتی فەرماندەیەک دا خۆ بنوێنێ، چونکە بوونی هەر کام لەوانە لە مەیدانی شەڕ دا کارەسات دەخوڵقێنێ.

٢٤. بە بوونی ئەو خاڵە لاوازانە لە ئاکام دا تێداچوونی سپا و مەرگی فەرماندەی بە دواوە دەبێ. هەربۆیە دەبێ بە ورد بینی و سرنجەوە ئەو بابەتانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

# بەشی نۆیەم

## جووڵەکان

**سون تزۆ گوتی :**

١. یاسای گشتی ئەوەیە دوای تێپەربوون لە چیاکان دەست بەسەر شوێنێک دادەگری و لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو دەبی. هەوڵ بدەن قەرارگای خۆتان لە شوێنێکی وا دامەزرێنن کە بەرزایی بێت و بەسەر شیو و دۆڵدا بڕوانێ.

٢. لەکاتی هاتنە خوارەوە لە چیا بە هەموو هێزەوە شەڕ بکەن و لەکاتی بەر و سەر هەڵکشاندا هێرش مەکەن.

٣. ئەو بابەتە تایبەت بەو کاتەوە کە لەسەر چیا دامەزراوی.

٤. دوای پەڕینەوە لە ڕووبار پێویستە مەودایەکی لی دوور بکەویەوە.

٥. کاتێک دوژمن لەکاتی پێشرەوی دا لە ڕووبار دەپەڕێتەوە نابێ لە قەراغ ئاوەکە لەگەڵی ڕووبەڕوو بی باشتر وایە نیوەی سپاکەی دوژمن پەڕیبێتەوە و ئەوکات هێرشی بکە سەر.

**هوین هسی گوتی :**

«لە وەرزەکانی بەهار و پاییز دا (دوک سونگ) نیازی هەبوو هێرش بکاتە سەر سپای (شو) لە درێژەی حەرەکەتی خۆی دا گەیشتە سەر ڕووباری هونگ پێش ئەوەی سپای (شو) بە تەواوی لە ڕووبارەکە تێپەر بن، سپای سونگ ریزەکانی خۆی ڕێک خست. وەزیری جەنگ پێی گووت: ژمارەی دوژمن گەلێک زۆرە و ئێمە ڕادەمان گەلێک کەمترە، ئیزن دەخوازم پێش ئەوەی کە بە تەواوی لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە هێرشیان بکەمە سەر. (دوک سونگ) وەڵامی دایەوە و گوتی ئیزنتان نییە. کاتێک سپای (شو) بە تەواوی لە ڕووبارەکە پەڕیەوە پێش ئەوەی ریزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە، دووبارە وەزیر ئیزنی خواست هێرش بکا. بەڵام ئەو جارەش (دوک) گوتی نا، کاتێک سپای ئەوان ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە هێرشیان دەکەینە سەر. لە ئاکام دا سپای (سونگ) شکستی خوارد و (دوک) ڕانی بریندار بوو و ئەفسەرانی خەتی پێشەوە زۆربەیان کوژران»

٦. کاتێک نیازی شەڕتان هەیە لە نزیک ڕووبار بە گژ دوژمن دا مەچوون. لە کاتی جێگر بوون دا لە شوێنێکی بەرز و بەرە و خۆر دامەزرێن و بە پێچەوانەوە لە شوێنێ نزم و دەشتایی جێگیر مەبن.

٧. ئەو بابەتە لەوکاتەدا کە لە ڕووبار جێگیر بووی، دروستە.

٨. لــە زۆنــگاوە و شــۆرەکاتەکان ئەوەندەی بۆتــان دەکرێ خۆ مەعتــەل مەکەن و بەخێرایی تێپەر بن چونکە ئەگەر لەو شــوێنانە لەگەڵ دوژمن توشی تێکهەڵچوون بن پێویستی زیاترتان بە ئاو و خواردەمەنی و لەوەڕ بۆ ئەسپەکان دەبێ.

٩. لە دەشــتایی لە شــوێنێک جێگیر بن کە هەڵسووران و چالاکی ئێوە ئاسان بێت. کاتێک لە پشت سەرت چیا هەڵکەوتووە و ڕووبەڕووت دوژمن قەراری گرتووە نێو خۆی وڵات لە ئەمان دایە.

١٠. لەسەر یەک ئوسولی کردەوە ورەفتار بۆ ئوردووگا لەو چوار بارودۆخی سەرەوە کە باسمان کرد بە قازانجە و بە یارمەتی ئەو چوار ئەسلە (جائۆنی ئیمپراتوور) بەسەر چوار حاکم دا سەرکەوت.

١١. ســپا دەبێ شــوێنی بەرز هەڵبژێری و دووری لە شــوێنی نزم بکا، بەر خۆرەتاوی خۆشــتر بویێ لەبەر ســێبەر ئەگــەر وای کرد هەم ســڵامەتی خۆی پاراســتووە و هەم شوێنێکی قائیمی بۆخۆی دەســتەبەر کردووە، سپایەک کە بەدەست نەخۆشی زۆرەوە ناناڵێنی لەسەرکەوتن زۆر نزیکە.

١٢. لــە کاتــی جێگیر بوون لە نزیــک تەپۆڵکە و زندۆل و خاک ڕێژ و شــوێنی خاک هەڵکەندراو دا دەبێ شــێوەی جێگیربوون و دامەزران ڕووی لە ڕۆژ بێت. لەمپەرەکان دەبێ لە پشتی سەری و لای ڕاست قەرار بگرن.

١٣.کاتێک دوژمن لە نزیک ئێوە لە پێدەشتیک دا جێگیر بووە و باردۆخیکی لەباری بۆ خۆی ڕەخساندووە و لە دوورەوە ئێوە هان دەدا بۆ هێرش بردن لە هەڵکەوتی نیشتەجی بوونی خۆی خاتر جەمە و لێکدانەوەی وایە کە سەرکەوتن هی ئەوە.

١٤. لە لێرەواردا کاتێک کە دارەکان دەجولێن بزانە دوژمن لە حالی پێشرەوی دایە.

١٥. لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنانە بۆ سپا بە سوودە و دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتنی لەبار لە زەوی.

١٦. کاتێک کە باران دەبارێ و بەهۆی سێڵاو ئاوی ڕووبارەکان بەرز دەبێتەوە پێویستە لەســەر بوارەکان خۆمان مەعتەل بکەین و چاوەڕوانی نیشتنەوەی ئاوی رووبار بکەین.

**تسائۆ تسائۆ گوتی:**

«ئـاوی کوێسـتانەکان سـێڵاوی بە جۆش و خـرۆش پێک دێنن. پێدەشـتێک لە بەرزایی کە بە چیا بەرزەکان ئابڵۆقە دراوە پێی دەگوتری چاڵاوی ئاسمان. ئەو رێگاییە کە بە قەدی چیادا تێدەپەرێ و وەک هێلانە داپۆشراوە پێ دەگوتری زیندانی ئاسمان. ئەو شـوێنەی کە هێزەکانی دوژمن لێی دەداو دەکەون پێی دەگوتری تۆری ئاسـمان و شـوێنی قووڵ لە زەوی دا پێی دەگوترێ داوی ئاسـمان. بەو شـوێنە لە چیا دەگوتری درزی ئاسمان کە تەنگەبەرە و بە دائیم رێگا لە حاڵی خراپ بوون دایە»

١٧. من لەو شـوێنانە دوری دەکەم و هەوڵ دەدەم دوژمن بەرەو ئەو شـوێنانە پەل کێش بکەم و لە بەرامبەر ئەو شوێنانە دا جێگیر دەبم و وا لە دوژمن دەکەم پشتی لەو شوێنانە بکاو رووبەڕووی من راوەستێ.

١٨. کاتێک دوو لای سپا بە باسک و تەپۆلکە و گۆماوی مەترسی دار گیراوە و یا چیا و شاخی نووک تیژ و تێکەوە پێچراو ئەولا و لایان گرتووە دەبێ زۆر بە وردی دەوروبەر پشـکنینی بۆ بکرێ چونکە کەمینەکان لەو جۆرە شوێنانە دادەنرێن و سێخورەکان لەو جۆرە جێگایانە خۆیان حەشار دەدەن.

١٩. کاتێک لە خاک و خۆڵ و دەوەن دا لەمپەری زۆر هەبوو ڕەنگە گرفتێک هەبێ.

٢٠. هەلفرێنـی باڵندەکان نیشـانەی ئەوەیە کـە دوژمن لە کەمیـن دایە و کاتێک حیواناتی دەرندە و کێوی بە ترسـەوە ڕادەکەن نیشـانەی ئەوەیـە کە دوژمن دیهەوێ غافلگیرمان بکا.

٢١. کاتێـک کە تۆزو و خۆلێکـی زۆر وەک گێژەلووکە بەرە و ئاسـمان تندوورە دەکا نیشانەی ئەوەیە کە چەکە قورسەکانی دوژمن «عارەبانەکان» نزیک دەبنەوە. کاتێک کـە تەپو تۆزێکی زۆر لەسـەر بەرزایەکان وەک هەور بڵاو دەبێتەوە نیشـانەی نزیک بوونەوەی پیادە نیزامی دوژمنە.

**شانگ یو گوتی :**

«... هەر بۆیە کاتێک سـپا لە حەرکەت دایە دەبێ تاقمی شناسایی و تیمی پێشرەو لە پێشـدا حەرەکەت بکەن، ئەو دەسـتەیە هەر کاتێک هەستیان بە نزیک بوونەوەی دوژمن کرد دەبێ بە پەلە فەرماندەی خۆیان ئاگادار بکەنەوە»

٢٢. کاتێــک لێــرە و لــەوێ تۆزوخۆڵ بەرز دەبێتەوە، نیشــانەی ئەوەیــە کە دوژمن خەریکە لە کۆ کردنەوەی ســوتەمەنی دەگەڕێتەوە و کاتێک وا دێتە بەرچاو کە پەڵەی بچووک بچووک لە حاڵی هاوشۆ دان ئەوە وا دەگەێنێ کە دوژمن لە حاڵی جێگیر بوون و خێوت هەڵدان دایە.

٢٣. کاتێک نێردەراوەکانی دوژمن بە هێمنی و لەسەرەخۆیی قسەتان لەگەڵ دەکەن بەڵام لەولاوە سپای دوژمن خەریکی خۆ ئامادە کردنە بزانن نیازی پێشرەوی هەیە.

**شانگ یو گوتی :**

«کاتێک کە (تی ین تان) دیفاعی لە (شی مو) دەکرد، ژێنەڕال (شی شە) لە دەوڵەتی (ین) ئەو شارەی ئابلوقە دا. (تی ین تان) بۆ خۆی پێمەرەی ‹بێڵی› بە دەستەوە گرت و هاو شانی هێزەکانی خەرێکی سەنگەر دروست کردن بوو. ژنە مارە بڕاوەکان و سیغەکانی خــۆی ناردە خزمەتی هێزەکانی و خواردنی خۆی لەگەڵ ئەفســەران دابەش کرد. هەر وەها بۆ پرســیار لە وەزعییەتی تەســلیم بوون هیندێک لە ژنانی ناردە سەر دیوارەکانی شــار. ژینەرالی دەوڵەتی (ین) زۆر خوشــحاڵ و ڕازی بوو. (تی ین تان) لە هەمان کات دا بیســت و چوار ئونس زێری کۆ کردەوە و بە هۆی دەوڵەمەندانی شــار نامەیەکی بەو ناوەرۆکە بۆ ژێنەڕال (ین) نارد کە شــار لە حاڵی تەســلیم بوونە و تەنیا خواســتی ئێمە ئەوەیە کە ئێوە ژنەکانی ئێمە بە دیل نەگرن. سپای (ین) لە جووڵە کەوت و بە تەواوی بــێ موبالات بوو. لــە هەلی لەبار دا (تی ین تان) لە شــار وەدەرکەوت و دوژمنی تێک شکاند»

٢٤. ئەو کاتەی گوفتاری نیردەراوەکانی دوژمن هەڵخەڵێنن لە هەمان کات دا دوژمن بە ئاشکرا دێتە پێشێ و یا لە کاتی پاشەکشە دا شەڕ دەکا.

٢٥.کاتێک نێردەراوەکانی دوژمن بە وشە و دەستەواژەی زمان لوسانەوە قسە دەکەن ماناکەی ئەوەیە کە دوژمن خواستی کۆتایی هێنانی شەڕەکەیە.

٢٦.کاتێــک دوژمن بــێ ڕێکەوتن و توافق ویســتیاری کۆتایی هێنانی شــەڕە، بزانن پیلانیک لە گۆری دایە.

**شن هائۆ گوتی:**

«... ئەگەر بێ هۆکار دوژمن داوای ڕاگرتنی شــەڕی کرد لە ڕاســتی دا بارودۆخی نێو خۆیی شێواوە و نیگرانە لە وەزعی ناوخۆی، هەر بۆیە دەیهەوی مۆلەت وەدەست بێنێ بۆ ئەوە خۆی ئامادە بکا و نەخشــە دەکێشــێ و یا بارودۆخی ئێمە وادەبینێ کە دەتوانی فریومان بدا و لەو حاڵەتە دا دەیهەوی بە داواکاری ڕاگرتنی شــەڕ شک و گومانی ئێمە بڕەوێنیتەوە و لە ئاکام دا لە نەبوونی ئامادەیی ئێمە کەڵک وەربگرێ.

٢٧. کاتێــک دوژمن عارەبانەکانی خۆی بە خــەت دەکا و بە خێرایی پێشڕەوی دەکا نیازی وایە تێکەڵ بە هێزە یارمەتی دەرەکان بێ.

٢٨. کاتێــک نیوەی هێــزی دوژمن دێتە پێش و نیوەکەی دیکەی پاشەکشــە دەکا دوژمن ئامانجی ئەوەیە لە داوتان بخا.

٢٩. کاتێک کە ئەفرادی سپا خۆیان هاویشتە سەر چەکەکەیان نیشانەی ئەوەیە کە سپا برسی یە.

٣٠. کاتێک ئاو هێنەرەکان پێش ئەوەی ئاو بگەینە سپا خۆیان ئاو دەخۆنەوە نیشانەی ئەوەیە کە دوژمن تینوایەتی زۆری کێشاوە.

٣١. کاتێک کە دوژمن ئیمتیازێک دەبینی بەڵام بۆ وەدەســت خستنی نایەتە پێش ماناکەی ئەوەیە کە ماندو و هیلاکە.

٣٢. کاتێک باڵندەکان لەســەر ئاســمانی ئوردووگای دوژمن خوول دەدەن نیشانەی ئەوەیە ئوردووگایەکە بەتاڵ و چۆڵە.

«لێرە دا سون تزو شێوەی زاهیری ڕاست و دروستی کاری سپای دوژمن باس دەکا»

٣٣. کاتێک لە شــەودا لە ئوردووگای دوژمن هەراو هوریایە نیشانەی ئەوەیە دوژمن دەترسێ.

٣٤. بێ نەزمی لە ســپای دوژمن دا نیشانەی ئەوەیە کە فەرماندەکەیان بێ تەفاوەتە بە وەزعەکە.

«کاتێــک کە فەرمانەکانی فەرمانــدە ڕوون نەبێ و ڕەفتاری جێگای پەســەند نەبێ، ئەفسەران خۆیان خولقینەری شێواوی دەبن»

٣٥. کاتێک ئاڵاکان و نیشــانەکانی دوژمن بە دائیم شوێن دەگۆڕن نیشانەی ئەوەیە

کە دوژمن خاوەنی سازماندەهی نییە.

**تومۆ گوتی :**

«(روک شـوانگ) سەر بە دەوڵەتی (لو) بەسـەر (شیا) و (شانگ شو)دا سەرکەوت. (تسـائو کوئەئی) ئیزنی خواسـت وە دوای دوژمن بکەوی، دوک لە هۆکارەکەی پرسی (تسـائو) وەڵامی دایەوە : دەبینم کە شـوێنی تەگەری عارەبانەکان رێک نییە و ئاڵا و نیشـانەکانیان بە شـێوەیەکی بێزارکەر داچۆراون و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سازمانی دوژمن تێکچووە و بەو هۆکارە دەمهەوێ بە دوایان دابرۆم»

٣٦.ئەگـەر ئەفسـەرەکان بە ئاسـانی تـووڕە دەبن هۆکارەکـەی ئەوەیە کـە توانای هێزەکانیان بەرەو لاوازی رۆیشتووە.

«کاتێک کە ئیدارە کردن و فەرمانەکان سەقامگیریان نییە ورەی ئەفراد لە خوارەوەیە هەر بۆیە ئەفسەرانیش بە توندی هەڵس و کەوت دەکەن»

٣٧. کاتێک کە دوژمن کاوجۆ دەدا بە ئەسـپەکانی و گۆشت دەدا بە ئەفرادی سپا و پیاوانی شەڕکەر کەرەسەکانی خۆیان توندوتۆل ناکەن و خەریکی ڕابواردنن و ناگەرێنەوە بۆ سەنگەرەکانیان نیشانەی ئەوەیە کە بارودۆخی دوژمن حاڵەتی شەڕکەری لە دەست داوە.

«دوژمن جۆ دەدا بە ئەسپەکانی خۆی و گۆشت دەدا بە پیاوانی شەڕکەر بۆ ئەوە هێز و توانایان هەبێ. ئەگەر لەشـکر کاسـەی نەبێ خواردن ناخوا و ئەگەر پیاوانی شەڕکەر نەگەرێنەوە بۆ پناگاکانیان خەیاڵی نیشتمان ناکەن و لەو حاڵەتەدا خۆیان ئامادە دەکەن بەشداری بکەن لە شەڕێکی یەک لاکەرەوە»

٣٨. کاتێک کە پیاوانی شەڕکەر بە دائیم لە دەستەو تاقمی بچووک بچووک دا پێکەوە کۆ دەبنەوە و بە ئەسپایی لە بن گوێی یەکتر بە سرکە قسە دەکەن نیشانەی ئەوەیە کە سپا باوەر و ئیعتمادی بە فەرماندە نەماوە.

٣٩. دانی پاداش و تەشـویق بە دوای یەک دا نیشـانەی ئەوەیە کە فەرماندە توانا و هێـزی بەرێوەبەری نەماوە و سـزای بە دوای یەکدا نیشـانەی ئەوەیە کە فەرماندە لە بواری زاڵ بوون بەسەر سپادا لەو پەڕی ماڵ وێرانی دایە.

٤٠. ئەگەر ئەفسەرەکان لەسەرەتا دا بە تووڕەیی و توندوتیژی لەگەڵ پیاوانی شەڕکەر

ڕەفتار بکەن و لە دوایی دا لەوان بترسین لەو حاڵەتەدا ئیمکانی هەیە ئەفراد سەرپێچی لە فەرمانەکان بکەن.

٤١. کاتێک کە سپای دوژمن خاوەنی ورەیەکی بەرزە بەڵام هێرش ناکا و خەریکە پاشەکشە دەکا پێویستە لەو حاڵەتەدا زۆر بە وردی بارودۆخەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ.

٤٢. لە شەڕدا تەنیا ڕادەی نەفرات جێگای گرینگی پێدان نییە، تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی نیزامی پێشرەوی مەکەن.

٤٣. چەندە پێویستە بارودۆخی دوژمن بزانی ئەوەندەش پێویستە هێزی خۆت بناسی ورێکی بخەی. فەرماندەیەک کە دورئەندێش نییە و دوژمنی خۆی بەکەم دەگرێ حەتمەن تێکدەشکێ.

٤٤. پێش ئەوەی هێزەکان وەفاداری خۆیان بسەلمێنن ئەگەر سزا بدرێن سپا بەرەو نافەرمانی دەڕوا و لە حاڵەتی وا دا دەستوور و فەرمان دەرکردن گەلێک دژوا دەبێ و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هێزەکان وەفادار بن بەڵام سزاکان بەرێوە نەچن دیسان بە شێوەی کارا ناتوانرێ کەڵک لە هێزەکان وەربگیردرێ.

٤٥. هەر بۆیە بە تێروانینی ورد لە بارودۆخەکە فەرمان بدەن، هەمووان وەک یەک بە هەستی نیزامی و شەڕکەری هان بدەن لەو حاڵەتە دا دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتن بەرێوەیە.

٤٦. ئەگەر فەرمانەکان بێ جیاوازی کاریگەریان هەبێ، هێزەکان فەرمانبردار و گوێ ڕایەل دەبن و ئەگەر فەرمانەکان کاریگەریان نەبێ هێزکان نافەرمانی دەکەن.

٤٧. ئەگەر دەستوور وفەرمانی فەرماندە لە هەموو هەلومەرجێک دا جێگای پەسندبن وسپا بێ دوودلی بەرێوەی برد نیشانەی ئەوەیە پێوەندی نێوان فەرماندەی گشتی و هێزە چەکدارەکان جێگای باوەڕ و متمانەیە.

# بەشی دەیەم

## زەوی

**سون تزو گوتی:**

١. بە سرنج دان بە سروشتی زەوی دەتوانین تواناکانمان بۆ گەیشتن بە : غافڵگیری، بێ کاریگەری، سنووردار بوونی نارێک و دووره دەست دەستەبندی بکەین.

٢. زەویەک کە هەر دوولایەنی شـەڕ بە ئاسـانی دەتوانن لێ تێپەر بن پێ دەگوتری «شـیاوی پێ گەیشـتنە». فەرماندەیەک لەسـەر ئەو زەوی یە قەراری گرتوه سەرەتا لەبەر ڕۆژ شوێنیکی بەرزتر و لەبارتری بۆ گواستنەوەی تداروکات داگیر کردووە لە کاتی تێکهەڵچوون لەگەڵ دوژمن دا ئیمتیازێکی باشتری بە دەستەوەیە.

٣. زەویــەک کــە هاتنــەدەر و چوونە مەیدانی شــەڕی لێ ئاســانە بــەڵام گەڕانەوە بۆ ئــوردوگای لــێ دژوارە، زەویەکی هەڵخەڵتێنە. سروشــتی ئەو زەویە بە شـێوەیەک هەڵکەوتــووە کە ئەگەر پێش لە دوژمن لەوێ ئامادە بی ئیمکانی ســەرکەوتنت هەیە. بەڵام کە دەگەیە میدانی شــەڕ ئەگەر دوژمن ئامادەگی هەبێ ناتوانی بە سەری دا زاڵ بــی و لەو کاتەدا گەڕانەوە بۆ ئــوردووگا دژوار دەبێ، هەر بۆیە ناتوانین لەو جۆرە زەویانە کەڵک وەربگرین.

٤. زەویــەک کە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ دوژمن نالەبارە و هیچ ئیمتیازێکی تێدا نییە، زەویەکی بێ کار و بێ کاریگەرە. سروشتی ئەو زەوییە بەو شێوەیە هەڵکەوتووە کە دوژمن بۆ لە داوخستنی ئێمە دەستەیەک وەک نێچیر ڕەها دەکا بەڵام ئێمە نابێ بە داوەکەیەوە ببین بەڵکو پاشەکشــە دەکەین و هەوڵ دەدەین دوژمن بکێشینە ئەو شوێنە. کاتێک نیوەی ئەفرادی دوژمن لە خێوەتگا هاتنە دەرێ بە هەموو هێزەوە هێرشی بۆ دەکەین و تێکی دەشکێنین.

«لە کتێبی هونەری شەڕی (لی شینگ) دا دەخوێنینەوە : زەویەک کە بۆ هیچ لایەک قازانج و ئیمتیازی تێدا نییە بە پاشەکشەی زاهیری دەبێ وابکەین دوژمن لە ئوردووگای خۆی بێتە دەرێ و هەرکات نیوەی سپاکەی هاتەدەرێ بێ ڕاوەستان هێرشی دەکەینە سەری و لەو شوێنە کە مەبەستمانە پێشی پێ دەگرین»

٥. ئەگەر زەویکی سنووردارمان لەسەرەتاوە داگیر کردبێ پێویستە ڕێگاکانی گەیشتن بــەو زەویە ببەســتین و چاوەڕوانی دوژمــن بین. ئەگەر دوژمن پێشــتر زەویەکی لەو

بابەتەی داگیر کردووە و زاردۆڵ و ڕێگاکانی بەستووە نابێ لە کاتی پاشەکشە دا وەدوای بکەوین بەڵام ئەگەر ڕێگاکانی بەتەواوی نەبەستووە دەتوانین وەدوای بکەوین.

٦. لە زەویە نارێک و نالەبارەکاندا دەبێ شـوێنی دامەزرانی خۆمان لە بەرزایەکان کە بەر ڕۆژن دابمەزرێنین و چاوەروانی دوژمن بین و ئەگەر دوژمن لە زەویەکی لەو بابەتە دامەزراوە دەبێ بە جوڵەی پاشەکشە کردن وای لێ بکەین وەدوامان بکەوێ و لە شوێنی خۆی بێتەدەرێ. بەڵام نابێ لەو شوێنانەدا وەدوای دوژمن بکەوین.

**شانگ یو گوتی :**

«ئەگەر ئامانج ئەوەیە پێش لە دوژمن لە زەویەکی دەشتایی و دیاری کراودا جێگیر بین وا باشە ئەو کارە لە شوێنی دژوار و مەترسی دار دا بکەین.

٧. کاتێـک هێزەکانمان لەگەڵ دوژمن بەرابەرە بەڵام مەودامان لێک دوورە ناتوانین دوژمن هان بدەین بۆ شـەڕ کردن و بە هێرش کردن بۆ سـەر پێگەکانی ئەویش ئەو هەلومەرجە دورست نابێ.

٨. ئوسولی تایبەت بە شـەش جۆر زەوی بەشێوەی سەرەویە. فەرماندە بۆ وەدست خستنی زانیاری ورد و دەقیق لەسەر ئەو زەوییانە بەرپرسایەتی گەورەی لەسەر شانە.

**مەئی یائوش گوتی :**

«سروشـتی زەوی وەک هۆکارێکی بنەرەتی بۆ وەدسـت هێنانی سەرکەوتن یارمەتی سپا دەدا»

٩. خەتای فەرماندەیە کە ئەفرادی سپا تووشی هەڵاتن یا نافەرمانی دەبن و یا هەست بە نائومیدی دەکەن، هیچ کام لەوانە پێوەندی نییە بە هۆکاری سروشتی.

١٠. کاتێک هەموو هەلومەرجێک یەکسـان بێت ئەگەر سپایەک هێرش بکاتە سەر سـپایەکی دیکە کە ڕادەی نەفراتی دە بەرابەر زیاترە سـپای هێرش بەر توشـی شکان دەبێ.

**تومو گوتی :**

«کاتێــک یەک بە دە هێرش دەکەیــن، لە هەنگاوی یەکەم دا دەبێ باڵا دەســتی و ستراتیژی فەرماندەکانی بەشدار لە دوو بەرەی شەڕ دا و ئازایەتی و ترسنۆکی هێزەکان و بارودۆخــی کەش و هــەوا و ئیمتیازاتی زەوی و مەیدانی شــەڕ هەڵبەســەنگێنین و بەراوردی هێزەکان بکەین و لە بواری شــێوەی پێ ڕاگەیشتن لێ پرسینەوە بکەین کە ئایا هێزەکانی هەر دوو ئوردوگا باش بە خێوکراوەن یابرســی و ماندو و هیلاکن و یا بە پێچەوانە وە توند و تۆل و سەری حاڵن»

١١. کاتێک نەفەراتی ســپا بە هێزن بەڵام ئەفسەرکانیان لاوازن سپا توشی نافەرمانی دەبێ.

**تومو گوتی :**

«لــەو بەندەدا باس لە ســەرباز و پلەدارانی بێ نەزمە کە بــادی هەواو لە خۆ ڕازین و فەرماندەکانیش کەسانی لاواز و بێ دەسەڵاتن.

لە ســەرەتای دەسەڵاتدارەتی شانگ ســینگ (٨٢٥-٨٢٠) فەرمان کرا بە (تی ین پۆ) فەرماندەی ناوچەی (وئی) بگرێتە ئەســتۆی خۆی و هێرش بکاتە ســەر (وانگ تینگ شــو). لە ئوردوگای سپادا( پۆ) حورمەتی نەبوو و گاڵتەی پێ دەکرا و بە هەزاران پیاوی شــەڕکەر رۆژانە بێهودە و بێکار دەخولانەوە. (پۆ )نــەی دەتوانی ئەوانە کونترۆڵ بکا و بە چەندین مانگ لە پێگەکەی خۆی مایەوە و کاتێک ویســتی ســپا بۆ شــەڕ ئامادە بکا ئەفســەران و سەربازەکان دەستە دەســتە بڵاوەیان کرد و هەرکامیان بە لایەک دا ڕۆیشتن بە دوای ئەو روداوەدا (پۆ) خۆی کوشت»

١٢. هەر چەند ئەفسەران ئازا و نەترس بن بەڵام نەفەراتی سپا ئامادەگیان نەبێ و خۆ لە کارەکان بدزنەوە، ســپا لەو حاڵەتەدا سپایەکی یەک دەست و هەماهنگ نییە بەڵکو سپایەکی بێ نەزم و سەر لێ شێواوە.

١٣. کاتێک ئەفســەرانی پلە بەرز، تووڕە و نافەرمان بن و بە پەلە پەل هێرش بکەنە ســەر دوژمن بێ ئەوەی چاوەڕوانی فەرمان بن، وەزعی ســپا تێــک دەچێ وردە وردە لە بەریەک هەڵدەوەشێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«مەبەســت لە ئەفســەرانی پلە بەرز، فەرمانده‌کانی ژێر دەستە، ئەگەر ئەوانە تووڕە بن و بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هێزەکانی ئامادە لە مەیدانی شەڕ دا هێرش بکەنە سەر دوژمن شتێکی ئاشکرایە سپا تێکدەشکێ»

١٤. کاتێــک فەرمانده لە بواری ورەوە لاواز بێ و لە بواری نەزمەوە توند و تۆڵ نەبێ و دەســتوور و فەرمان و ڕێنوێنیەکانی ڕوون نەبێ و بۆ ئەفســەران و سەربازانی سپا یاسا وڕێســایەکی ورد و دەقیق بوونی نەبێ و سیستمی دابەش کردنەکان هەماهەنگی تێدا نەبێ، سپا سەرگەردان دەبێ.

١٥. کاتێک فەرماندەی گشــتی لە هەڵســنگاندنی تواناکانی دوژمندا بێ توانایە و بە هێزێکی کەم لە بەرامبەر هێزێکی گەورەدا ڕادەوەستێ و یا لە کەسانی لاواز بۆ سەرکوتی کەســانی بە هێز کەلک وەردەگرێ و یا لە هەڵبژاردن و دیاری کردنی تاقم و دەستەی زەربــەت لە خەتی پێشــەوەی بەرەکانی شــەڕ خــۆ دەپارێزی لە ئاکامــدا فەرماندەی سپایەکی لەو بابەتە بە خاتر جەمی تووشی شکان و لێک هەڵوەشان دەبێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«لەو هەلومەرجە دا فەرماندە، هێزێک فەرماندەهی دەکا کە ئامادەی هەڵاتنە»

**هوین هسی گوتی :**

«... لە زنجیرەی پاشایەتی هاندا (ئازاکانی سێ ڕووبار)بە توانایەکی بێ وێنە لە سپادا بوون و لە سەردەمی (وو) دا تاقمەکانی زەربەت بەناوی (لە بین بردنی بەربەستەکان) پێک هێنرابوون و لە دەورەی (شــی) بە (خاوەننانی چارەنــووس) و لە دەورەی (تانگ) دا بــە (قەڵمبازبــردن و دنەدان)ناودێــر کرابــوون. ئــەو عینوانــە جۆراوجۆرانــە ناوی دەســتەکانی زەربەت بوو. بەکار هێنانی ئەوتاقم و دەستانە لە تاکتیکی شەڕدا گرێنگ ترین مەســەلەیە. لەسەر یەک، کاتێک هەموو ســپا لە یەک شوێن جێگیرە فەرماندە ئەو ئەفسەرە جست و چالاک و ئازایانە هەڵدەبژێرێ و بۆ پێکهێنانی تاقمێکی تایبەت کۆیان دەکاتەوە و بە سەرنج دان بە دەسکەوتە نیزامییەکان یەکێکیان وەک پلە داری یەکەم دیاری دەکا. لەهەر دە کەس یەک کەس و لەهەر دەهەزار کەس هەزار کەس

هەڵدەبژێرێ»

**شانگ یۆ گوتی :**

«... ئەوی لە شەڕدا گرینگە ئەوەیە کە دەستە و تاقمی هەڵبژاردە وەک دەستەیەکی چالاکی پێشرەو بەکار بهێندرێن. ئەوکارە زۆرتر پێگر و سوورمان دەکا لەسەر شەڕ و لە هەمان کاتدا ئەو دەستەو تاقمانە لە توندوتیژی دوژمن کەم دەکەنەوە»

١٦. کاتێک یەکێک لەو هەلومەرجانە دێتە پێش سـپا لە خەتی شـکان دەکەوێ و فەرماندە لە هەڵسەنگاندنی ورد و دەقیقی ئەو شەش مەرجە بەرپرسایەتێکی گەورەی لە ئەستۆیە.

١٧. لە شەڕ دا هەڵکەوتی جوگرافیای ناوچەکان دەتوانێ یەکیک لە هۆکارە گرینگەکانی سەرکەوتن بێت هەر بەو هۆکارە یەکێک لە هونەرەکانی فەرماندەی بە توانا ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دوژمن و ئەژمار کردنی مەوداکان و هەروەها شناسایی ڕادەی دژواریەکانی زەوی بە شێوەیەک بکا کە بتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ. کەسێک کە شەڕ دەکا پێویستە ئەو هۆکارانە بە تەواوی بناسێ ئەو کات ئیمکانی سەرکەوتنی هەیە و بە پێچەوانەکەشی  شکان لە کەمینی دایە.

١٨. ئەگەر بارودۆخەکە بۆ سـەرکەوتن لەبار بێت بەڵام حاکم فەرمانی هێرشـی  بۆ سەر دوژمن  دەرنەکردبێ، ئیمکانی هەیە لەو بابەتە دا بەڵگە و هۆکاری پێوەندی داریان لەبەر چاو نەگرتبێ.

١٩.هـەر بەو هـۆکارە فەرماندەیەک لە حاڵەتی پێشرەوی دا بــە دوای ناو و ناوبانگ دەرکردنـی خـۆی دا نییە لە کاتی پاشەکشـەش دا بیر لە سـزادان ناکاتـەوە. بەڵکو تەنیا ئامانجی پشــتیوانی و پاراســتنی خەڵک و خزمەت بــە  بەرژەوەندیەکانی بەرزی حکومەتەکەیەتی. فەرماندەی ئاوا بۆ دەوڵەت گەوهەرێکی بە نرخە.

**لی شوان گوتی :**

«فەرماندەیەکی ئاوا قازانج پەرست نییە»

**تومۆ گوتی :**

«لەو جۆرە فەرماندانە زۆر کەم دەست دەکەون»

٢٠. لەو ڕوانگەوە فەرماندەیەکی ئاوا پیاوانی شــەڕکەر وەک منداڵەکانی خۆی چاو لێ دەکا، ئەوانیش لە دژوارترین کاتەکاندا هاوکاری فەرماندەکەی خۆیان دەکەن و ئامادەن لەگەل فەرماندەکەیان گیان بدەن.

**لی شوان گوتی :**

«ئەگەر فەرماندە ئەفرادی ژێر دەستی خۆی بەو شێوەیە خۆش بوێ زۆرترین کاریان پێ دەکا. بەو شـێوەیە (ویکنت شـۆ) تەنیا یەک وشــەی دەگوت و سەربازەکان وایان هەست دەکرد کە بە جلی گەرم داپۆشراون»

**تومۆ گوتی :**

«لە ســەردەمی ئیمپراتوری شــەڕکەرەکاندا،کاتێک (وو شــی) فەرمانــدە بوو، وەک هەژارترین کەس خواردنی دەخوارد و جلی دەپۆشی. رایەخی نەبوو بۆ خەوتن و لە کاتی حەرکەت و جووڵەی ســپادا ســواری ئەسپ نەدەبوو و بەشــە خواردنی خۆی بۆ خۆی هەڵدەگــرت و لە دژوارتریــن کارەکان و لە کاتی تەنگانە و لێ قەوماندا هاوکار و هاوڕێ سپا دەبوو»

**شانگ یۆ گوتی :**

«هەر بەو هــۆکارە، لەکۆمەڵەی قانوونی نیزامی دا دەڵــێ : فەرماندە دەبێ لە یەکەم کەســەکان بێ کە شان وەبەر کارە دژوار و سەختەکانی سپا بدا. ئەو لە گەرمای هاوین دا خۆی لەبەر سێبەر دانانیشێ و لە سەرمای زستاندا جلی گەرم ناپۆشێ. بە پێی پیادە لە گەڵ ســپادا دەچێتە پێش و لە کاتی تەنگانــە دا خۆی پێش قەدەم دەبێ و لە کاتی تینوایەتی دا چاوەروان دەبێ کاتێک بیری ئاوی سپا تەواو بوو ئەو کات ئاو دەخواتەوە، ڕادەوەســتێ هەتا خواردنی ســپا ئامادە دەبێ ئەو کات نان دەخوا و لە کاتی ئیستقرار و جێگیر بوون دا لە پەناگا دا نامێنێتەوە هەتا سەنگەرەکانی سپا تەواو دەبێ»

٢١. ئەگەر فەرماندە ئەفرادی ژێر دەستی خۆی خۆش نەوێ و نەشتوانێ لەوان کەلک وەربگــرێ و یا ئەگەر ئەوانی خۆش بوێ بــەڵام نەتوانێ ئەوان بێنێتە ژێر فەرمانەکانی خــۆی، دەبێ بڵێین کە فەرماندەی لەو چەشــنە وەک منداڵی لــوس و نازدار وایەکە لە ئاکام دا بوونی بێ سوودە.

**شانگ یۆ گوتی :**

«... ئەگــەر تەنیــا بە چــاوی رازی بوون چاو لە ســپا بکرێ ئەفــراد وەک منداڵان سەرســەری دەبن و ناتوانرێ لە کاتی خۆی دا کەلکیــان لێ وەربگرین هەر بەو هۆکارە (تسائۆ تسائۆ) پرچی خۆی هەڵپاچی. تاکەکانی سپا ئەو فەرماندانەی کە بە توانان هەم خۆشیان دەوێن و هەم لێیان دەترسێن»

٢٢. ئەگەر من بزانم کە هێزەکانم ئامادەگی و توانای هێرش کردنیان بۆ سەر دوژمن هەیە بەڵام لە هەمان کات دا زانیاریم نەبێ لەســەر تواناکانی دوژمن کە لەو هێرشەدا زەربە دەخوا یا نا، ئیحتمالی سەرکەوتنم پنجاە لەسەدە.

٢٣.ئەگەر بزانم دوژمن زەربە پەزیرە بەڵام ئاگام لە تواناکانی هێزەکەی خۆم نەبێ کە ئایا دەتوانم بەسەر دوژمندا سەربکەوم، ئیحتمالی سەرکەوتنم پنجاە لەسەدە.

٢٤. ئەگەر بزانم وەزعی دوژمن بۆ ئەوە دەبێ هێرشــی بکرێتە ســەر و هێزەکانیشــم توانــای هێرش بردنیان هەیە بەڵام سرنجــم نەدابێتە بارودۆخی زەوی کە یارمەتی دەر نییە بۆ سەرکەوتنی من، لەو هێرشەدا ئیحتمالی سەرکەوتنی من تەنیا پنجاە لە سەدە.

٢٥. هەر بەو پێیە کاتێک شارەزایانی شەڕ بە کردار دێنە مەیدان تووشی هەڵە نابن و کاتێک کە عەمەل دەکەن کەرەسەکانیان بێ سنوورە.

٢٦. هەر بەو هۆکارانە دەڵێین: دوژمن بناسن، خۆتان بناسن لەو حاڵەتەدا هیچ کات ســەرکەوتنتان تووشی مەترسی نابێ. زەوی بناسن، بارودۆخی کەش و هەوا بناسن لەو حاڵەتەدا سەرکەوتنتان کامڵتر دەبێ.

# بەشی یازدە

## نۆ جۆری زەوی یا مەیدانی شەڕ

**سون تزۆ گوتی :**

١. بـۆ کەڵک وەرگرتن لە زەوی یا مەیدانی شـەڕ ئیمکانی هەیە زەوی بەو شـێوەیە دەستە بندی بکرێ :

(زەوی دووبەرەکـی)، (زەوی سـەر سـنوور)، (زەوی مەبەسـت)، (زەوی پەیوەندی)، (زەوی لێک نزیک بوونەوە)، (زەوی مەترسـی دار)، (زەوی دژوار)، (زەوی ئابلۆقەدەراو) و (زەوی مەرگ هێنەر).

٢. کاتێک کە حاکم لە نێو وڵاتی خۆی دا شەڕ دەکا لەسەر زەوی دووبەرەکی و لێک بڵاو بوون قەراری گرتووە.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«هەر کاتێک کە ئەفسـەران و سـەربازان پەلەیان هەبوو بگەرێنەوە بۆ سـەر ماڵ و ژیانی ئاسـایی خۆیان نیشـانەی ئەوەیە مەیدانی شەڕ لە نزیک شـوێنی ژیانی ئەوان هەڵکەوتووە»

٣.کاتێک کە سـپا بە ڕادەیەکی کەم دەچێتە نێوخاکی دوژمن لەسـەر زەوی سنوور قەراری گرتووە.

٤. زەویەک کە بۆ هەر دوولا بە یەک ڕادە مەبەسـتە پێی دەگوتری زەوی گرینگ و سەرەکی.

٥. زەوێک کە بۆ هەر کام لە لایەنەکان قابیلی دەسـت وێڕاگەیشـتنە پێی دەگوتری زەوی پەیوەندی.

**تومۆ گوتی :**

«مەبەست ئەو زەوییە کە دەشتایی و پان و بەرینە و هاتووچۆی ئازاد لەو دا ئیمکانی هەیە و بۆ هێرش بردن و دروست کردنی لەمپەر و سەنگەری قائیم و قۆڵ ڕووبەرێکی باشی هەیە»

٦. کاتێک دەوڵەتێک لەلایەن سێ دەوڵەتی دیکەوە ئابلۆقە دەراوە و سنووردار کراوە خاکی ئەو دەوڵەتە پێی دەگوترێ زەوی پێک گەیشتن یا لێک نزیک بوونەوە،کەسێک کە زووتر لە کەسانی دیکە دەست بە سەر ئەو زەویە دابگرێ زووتر دەتوانی پشتیوانی ئیمپراتوور بە دەست بێنێ.

٧. کاتێک سـپا نفوزی کردۆتە قووڵایی خاکی دوژمن و شار و شارۆچکەکانی دوژمن کەوتۆتە پشت سەری، بەو زەویە یا «مەیدانی شەڕ» دەگوتری یا «زەوی مەترسی دار».

**تسائۆ تسائۆ گوتی:**

«پاشەکشە و گەڕانەوە لەو زەویە زۆر سەخت و دژوارە»

٨. کاتێک لەشکر لە کێوەکان و لێڕەوارەکان و ناوچە نالەبار و دژوارەکان تێپەردەبێ و یا بەتنگەبەر و دەربەندەکان و زۆنگاوەکان و ئەو شـوێنانەی تێپەر بوونیان پێدا دژوارە پێشرەوی دەکا لەو حاڵەتەدا لەسەر زەوی دژوار قەراری گرتووە.

٩. زەویەک کە تەنیا یەک ڕێگای هەیە بۆ دەست وێڕاگەیشتن کە ئەویش ڕێگایەکی پـڕ لە کەند و لەند و هـەوراز و هەڵەموتە و بەهێزێکی کەمی دوژمن کە هەلی لەباری بۆی برەخسـێ دەتوانی هێزێکی گەورەی من لە داوبخا و زەربەی خۆی بوەشـێنێ بەو جۆرە زەویە دەگوترێ زەوی ئابلۆقە دەراوکە نابێ خۆی لێ بدەین.

**تومۆ گوتی:**

«لەوزەویـەدا کەمین کردن ئاسـانە و مەترسـی تێک شـکان لـە فەزایەکی کەم دا ئیمکانی هەیە»

١٠. لـە زەویەک دا کە لە ڕووی نائومیدیەوە شـەڕی مـان و نەمان بۆ زیندوومانەوە دەکەی ئەو زەویە پێی دەگوتری زەوی مەرگ هێنەر.

**لی شوان گوتی:**

«کاتێک لە پشـت سـەرت چیایـە و لە رووبـەرووت رووبـارە و خواردەمەنی بەرەو تەوابوون دەچێ باشـترە بە خێرایی دەسـت بەکار بیت بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە و نابێ کات بە فیرۆ بدرێ چونکە حاڵەتی وا مەترسی دارە»

١١.هـەر بۆیـە دەڵێین لەسـەر زەوی «دووبەرەکی» یا لێک دابران شـەڕ مەکەن و لەسەر زەوی سنووری خۆتان مەعتەل مەکەن .

١٢.هێرش مەکەنە سـەر دوژمنێک کە زەوی (سـەرەکی و گرینگی)دەست بەسەر داگرتووە و لەسەر زەوی (پەیوەندی) وریابن هەتا پێک هاتەی رێکخستنی نیزامی ئێوە تێک نەچێ.

١٣.لەسەر زەوی (پەیوەندی و لێک نزیک بوونەوە) لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێ یەک

بگرن و لەسەر زەوی(قووڵای)تالان و برۆ مەکەن.

١٤.لەسـەر زەوی (دژوار)، هەنـگاوەکان خێراتر بکەن و لەسـەر زەوی (ئابلۆقە دراو) هەوڵ بدەن فێڵ تەڵەکی شـەڕ بەکاربێنن و لەسـەر زەوی (مـەرگ هێنەر) بە هەموو تواناوە شەڕ بکەن.

١٥. لەسـەر زەوی(دووبەرەکـی) لـە هێـزە نیزامیـەکان سـپایەکی یەکگرتووی بە ئیرادەیەکی پتەو دابمەزرێنن.

١٦.لەسـەر زەوی (سنووری) هێزەکان بە شێوەیەک دابمەزرێنن وڕێکیان بخەن کە بە دائیم لەگەڵ یەکتر پێوەندیان هەبێ.

مەئی یائوشن گوتی :

«لـە کاتی حەرکـەت وجووڵان، یەکە جیـاوازکان لەگەڵ یەکتر لـە پێوەندی دان و لـە کاتی ڕاوەسـتان و جێگیر بـوون و یا لە ئوردووگاکاندا قائیـم و توندو و تۆڵ پێکەوە پەیوەندیان دەبێ.

١٧. لەسەر زەوی سەرەکی (گرینگ) هێزی پشتیوان دەبێ پەلە بکا.

**شن هائۆ گوتی:**

«مانای ئەو بەندە ئەوەیە ئەگەر دوژمن بە خاتر جەمی بە هۆی زۆری ڕادەی نەفەرات لە هەوڵی وەدەسـت هێنانی زەویەکـی لەو بابەتە دابێ شـەڕ ڕادەگەیەنێ و منیش بۆ پاشەکشە پێ کردنی ئەو هێزی پشتیوان بەکار دێنم»

**شنگ یۆ گوتی :**

١٨.لەسـەر زەوی پێوەندی (بەیەکتر گەیشـتن) سرنجی تەواو دەدەم بە سیستمی بەرگری خۆم.

١٩.لەسـەر زەوی لێک نزیک بوونەوە هاوکاری و یەکیەتیم لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە هێز دەکەم.

**شانگ یوگوتی :**

«مـن سرنجـی هاوپەیمانانی بە هێـز بە پێشـکەش کردنی کەل و پەلـی بە نرخ و ئاوریشم بۆ لای خۆم ڕادەکێشم و لە ڕێگای ڕێکەوتنامەی ڕەسمی لەگەڵ ئەوان دەبمە هاوپەیمان. ناوەرۆکی ڕێکەوتننامەکان لەبەر چاو دەگرم و پێیان پابەند دەبم و بەو جۆرە

حەتمەن هاوپەیمانەکان یارمەتی من دەدەن»

٢٠. لەسەر زەوی مەترسی دار، بە شێوەی دائیمی هەوڵی پەیدا کردنی خواردەمەنی دەدەم.

٢١. لەسەر زەوی دژوار چەند قۆناغ پێکەوە دەبرم.

٢٢. لەسەر زەوی ئابلوقە دراوەکان ڕێگاکانی هاتن و دەرچوون دەبەستم.

«لە دوکتورینی نیزامی دا ئەو نوکتەیە هەیە کە کاتێک هێزێک ئابلوقەی هێزێکی دیکە دەدا ڕێگایەک بۆ دەربازبوونی هێزی ئابلوقە دەراو دەهێڵێتەوە و نیشانیان دەدا کە ڕێگایەکی هەڵاتن هەیە و لە ئاکام دا هێزی ئابلوقەدەراو هەوڵ نادەن شەڕی مان و نەمان بکەن. وا دابنیین کە من ئابلوقە دراوم ئەگەر دوژمن ڕێگایەک بکاتەوە حەتمەن هێزەکەی من وەسوەسە دەبێ بەرەو ئەو شوێنە پاشەکشە دەکەن کە ڕێگای دەربازبوونە، بەڵام من ئەو شوێنە دەبەستم بۆ ئەوەی هێزکەم شەڕی مان و نەمان بکا»

٢٣. لە زەوی مەرگ هێنەر دا وا نیشان دەدەم کە بۆ زیندو و مانەوە هیچ شانسێک بوونی نییە. چونکە سروشتی جەنگاوەر وایە لە کاتی ئابلۆقەدراوی دا بەرگری لەخۆی دەکاو کاتێک هیچ چارەی نەبێ شەڕی مان و نەمان دەکا و تەنانەت لە کاتی وادا لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە هیچ هێزێکی لەبەر دا نەمابێ دیسان فەرمان لە فەرماندەکەی وەردەگرێ.

٢٤. لە ئاڵوگۆری تاکتیکی دا چاوەدێری بەسەر نۆ جۆر زەوی یا مەیدانی شەڕ «ئیمتازاتی ڕێکخستنی کۆکراوە یا بەربڵاو و ئوسوولی زاڵ بەسەر کردار و ڕەفتاری ئینسانی» کۆمەلە مەسەلەێکن کە خوێندنەوەی دروستی ئەوان لە ئەستۆی فەرماندەیە.

٢٥. لە سەردەمی کۆندا شارەزایانی هونەری شەڕ ڕێگر بوون لە پێک گەیشتنی پێشهەنگ و دواهەنگی دوژمن لە ئوردوگا دا و ئیزنیان نەدەدا مۆرە گرینگ و لاوازەکان لە نێو خۆیاندا هاوکاری دوو لایەنەیان هەبێ و دەستەو تاقمی زیرەک هاوکاری دەستەو تاقمی لاواز بکەن وخاوەن پلەکان و ژێر دەستەکان هاوکاری یەکتر بکەن و ببنە پشتیوانی یەکتر.

٢٦. کاتێک هێزەکانی دوژمن بڵاون، فەرماندەی ژیر و بە تەجروبە و شارەزا لە هونەری شەڕ لە کۆبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئەوان پێشگیری دەکا و بە پێچەوانەوە کاتێک هێزی

دوژمن کۆک و یەک جێ یە هەر ئەو فەرماندەیە هەوڵ دەدا تۆوی دووبەرکیان لە نێودا بڵاو بکاتەوە و پەرە بەبی نەزمیان بدا بۆ ئەوە هێزی دوژمن لێکهەڵوەشـی و بڵاوەی لێ بکا.

**منگ گوتی :**

«بۆ فریـو دانی دوژمن چالاکی نیزامی جۆراوجۆر بکەن، لـە خۆرئاوا خۆ دەربخەن و لە خۆرهەڵاتەوە هێرش بکەنە سـەر دوژمن. وابکەن دوژمن بەرەو باکوور ڕاکێش بێ و ئێوەش لە باشـورەوە پێشرەوی بکەن. هەوڵ بدەن دوژمن دەسـتە پاچە بکەن و بیر و هۆشـی فەرماندەی دوژمن ئاڵۆزبکەن و هەتا ئەو جێگایە بچنە پێش کە ئاڵۆزی ببێتە هۆی بڵاوە پێ کردنی سپای دوژمن»

**شانگ گوتی :**

«بە هێرشی کوت و پڕ لەو جێگایانەی کە دوژمن ئامادەگی نییە غافڵ گیری بکەن و بە تاقمی زەربەت هێرشی بکەنە سەر»

٢٧. شارەزایانی هونەری شەڕ کاتێک خۆکۆدەکەنەوە و حەرەکەت دەکەن کە سوودی هەبێ و ئەگەر پێچەوانە بوو، ڕادەوەستن.

٢٨. لە من دەپرسی چۆن دەتوانین بەسەر سپای دوژمن دا کە نەزم و ئینزباتی تەواوی هەیە و ئامادەی هێرشە زاڵ بین؟ وەڵامت دەدەمەوە ئەو شتە کە دوژمن دەیهەوی بە سەری دا زاڵ بێ ئەتۆ دەستی بەسەر دابگرە ئەو کات ئەوی دەتهەوی دەتوانی بەسەر دوژمنی بێنی.

٢٩. خێرایی و چالاک بوون جەوهەری شـەڕە، لە نەبوونـی ئامادەگی دوژمن کەلک وەربگـرن و ئەو ڕێگایانـە بگرنە بەر کە بۆ دوژمن پێش بینی ناکرێ و لەو شـوێنە کە دوژمن پارێزراوی بۆ خۆی دروست نەکردووە هێرشی بکەنە سەر.

**تومۆ گوتی :**

«کورت کراوەی سروشتی شەڕ وخاڵی بە هێزی هونەری فەرماندەهی سپا ئەوەیە»

**شنگ یو گوتی :**

«لێرە دا سـون تزو بە دەر برینێکی نوێ باس لە و بابەتە دەکا : ئەگەر شـتێک بێتە ئەژمار هەمان خێرایی و چالاک بوونە»

٣٠. سەبارەت بە هێزی داگیرکەر ئەسلێکی گرینگ کە دەبێ سرنجی پێ بدرێ ئەوەیە کـە دوای چوونە نێو قوڵایی خاکی دوژمن سـپا یەکگرتووتر دەبـێ و وڵاتی بەرگریکار ناتوانێ بەسەر ئەو سپایە دا سەرکەوێ .

٣١. بە مەبەستی دابین کردنی خواردەمەنی پێویستە دەست بەسەر ناوچە بە پیت و بەرەکەتەکانی دوژمن دا بگرێ.

٣٢. دەسـتان بـە خواردەمەنی سـپای خۆتانەوە بێـت، کاری زۆر تاقەت پروکێن بە سـەربازەکان مەکەن، هەوڵ بدەن هەموویان ورەیان بەرز و وەک یەک بێ و بۆ گەڕان و چالاکی سپا ئامادەگیان هەبێ، وابکەن نەخشەکانی شەڕ قابیلی ئاشکرابوون نەبن.

٣٣. ئەفرادی سـپا لە هەلو مەرجێک دا ڕابگرە کە لە مردن هەراسیان نەبێ. چونکە ئەگەر ئەفراد ئامادەی مەرگ بن لەتەنگانە دا لە هیچ شتێک ناترسن و کاتێک ڕێگایەک بۆ پاشەکشـە نەبێ سسـت و بێ ئیرادە نابن چونکە کاتێـک چوویە نێو خاکی دوژمن ئەفراد هەر کامیان بە ئەوی دیکە وابەسـتە دەبێ و لەو شوێنە کە هیچ ڕێگا چارەیەک نەبێ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن شەڕی مان و نەمان دەکەن.

٣٤. بەو جۆرە کەسانە نابێ بگوترێ وریا و هۆشیار بن چونکە پێویستیان بە ڕێنوینی نییە و فەرماندە نابێ بە هەرەشە و گورەشە پشتیوانی ئەوان بە دەست بێنێ.

٣٥. ئەفسەرانی من سامانی ئیزافیان نییە، بەڵام بە خاتری ئەوە نییە کە ماڵ و سامانی دنیایان لا پەسـند نەبێ. ئەفسەرانی من چاوەڕوانی پیری ناکەن بەڵام لەبەر ئەوە نییە کە ڕقیان لە تەمەنی درێژ بێ.

**وانگ هسی گوتی :**

«کاتێک ئەفسەران و ئەفرادی سپا تەنیا لە ئەندێشەی ماڵ و سامان دابن لە هەموو شتێک زیاتر ژیانیان خۆشتر دەوێ»

٣٦. ڕۆژێک کە فەرمانی حەرەکەتی سپا دەدرێ فرمێسکی ئەو کەسانەی دانیشتوون دەرژێتـە سـەر چەکمەکانیان و لا ڕوومەتی کەسـانێک کـە درێژ بوون پـڕ دەبێ لە فرمێسک.

## تومۆ گوتی :

«هەموو مرۆڤێک لەگەڵ مەرگ پەیمانی بەستووە و ڕۆژێک پێش شەڕ هاوار دەکا: کەسێک کە ئەورۆ دێتە مەیدانی شەڕ و بەشدار دەبێ لەو یاری تایبەتیە و بە چاوی خۆی تەرمی کەسانیک کە ژیانی خۆیان لەو یاریە دا لە دەست داوە دەبینێ و ئەو تەرمە یا دەبێتە کوودی مەزراکان و یا بە شێوەی لاشەی مندار بوو دەبنە خۆراکی باڵندە و ئاژەڵە دڕندەکان»

٣٧. هەر ئەو کەسانە بخەنە بارودۆخێکی بێ گەڕانەوە دەبینین ئازایەتی لە بیر نەکراوی (شوان شو) و (تسائۆ کوئەئی) لە خۆیان نیشان دەدەن.

٣٨. ئەو هێزانەی کە فەرماندەکەیان لە هونەری شەڕ شارەزان وەک ماری چیای «شانگ» وان کە لەیەک کات دا تەواوی بازنەکانی لەشی دژ کردەوە لە خۆی نیشان دەدا. کاتێک لە سەری مارەکە دەدرێ ئەو بە کلکی شەڕ دەکا و کاتێک لە کلکی دەدەی بە سەر هێرش دەکا و کاتێک لە نیو قەدی دەدەی بە سەر و کلکی شەڕ دەکا.

٣٩. ئەگەر لە من بپرسن «ئایا لە یەک کاتدا بە خێرایی دەتوانرێ ئەفرادی سپا هەماهەنگ بکرێ. لە وەڵام دا دەڵێم ئیمکانی هەیە. چونکە بە هەر ڕادەیەک پیاوانی شەڕکەری (وو) و (یوئە) ڕقیان لە یەکتر بێت بەڵام ئەگەر لە کەشتییەکی تۆفان لێ دراو دا لە داو بکەون وەک دەستی چەپ و ڕاست هاوکاری یەکتر دەکەن.

٤٠. هەر بۆیە پشت بەستن و باوەڕبوون بە ئەسپە بستراوەکان و عارەبانەی لە قوڕ چەقیوو، بەس نییە بۆ ئەوەی ڕێ لە هەڵاتنی ئەفراد کە حاڵەتی دیفاعیان بە خۆوە گرتووە بگرێ.

٤١. فەرماندەی نیزامی بابەتی چاو نەترسی و ئازایەتی لە ئاستێکی وێکچوو دا وەک یەک ڕادەگرێ و بە باشترین شێوەکەڵک لە زەوی و هێزی زەربەت و هێزە چالاکەکانی دیکە وەردەگرێ.

## شانگ یو گوتی :

«ئەگەر ئیمتازی زەویمان هەبێ ڕەنگە بە ئەفرادی لاوازو ڕاڕاش بتوانین سەر بکەوین. لەو حاڵەتەدا ئەفرادی شەڕ دیتوو و کار لێ هاتوو لە یەکەم هەنگاودا سەر

دەکــەون. کەلک وەرگرتنــی کارێگەر لە ئەفراد لەهەر دوو حاڵــەت دا ئەوەیە کە هەر یەک لەو دوو دەستەیە بە سرنج دان بە بارودۆخی ئەو زەویە کە لێی دامەزراون چۆنی کەلک لێ وەردەگرن»

٤٢. فەرماندە لەسەریەتی کە ئارام و بێ لایەن و بەسەر خۆی دا زاڵ بێ و هیچ شتێک کاری تێ نەکا.

**وانگ هسی گوتی :**

« ئەگەر ئارام بن لە بەرامبەر لەمپەرەکاندا هەستیار نابن و بە پەلە بریارنادەن، ئەگەر دادپەروەربن و بە حورمەت و رێزەوە کاردەکەن و ئەگەر بەســەر هەســتی خۆتاندا زاڵ بن لە کاتی تەنگانەدا توشــی سەر لێ شێواوی نابن و جڵەوی بیر و ئەندیشەی خۆتان لە دەست نادەن»

٤٣. فەرماندە دەبێ بتوانێ کە ئەفســەران و ئەفرادی ژێردەســتی خۆی وا باربێنی کە نەتوانن بە دوای زانیاری لەســەر نەخشــەو گەڵاڵەکانی فەرماندە دابن. تەنیا لە کاتی پێویست دا هەر کەس بە ڕادەی پێویستی خۆی لەسەر نەخشەکان زانیاریان هەبێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«... ئەفرادی سپا دەتوانن لە شادی و خۆشی سەرکەوتن دابەشدار بن بەڵام ناتوانن لە دارشتنی گەڵاڵە و نەخشەی شەڕی فەرماندە دابەشداری بکەن»

٤٤. فەرماندە باس و خواستی پڕوپوچ و بێ بنەما لە نێو سپادا قەدەغە دەکا و بەو جۆرە هێزەکانی لە دەســت شــک و گومان ڕزگار دەکا و لە ئاکامدا لە نێو سپا گیروگرفت لە سەر مەبنای باوەڕی دوور لە ڕاستی سەرهەڵنادا.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«پشــگۆیی و قســە و باســی دوور لە ڕاستی قەدەغە بکەن و شــک و گومان لەسەر گەڵالە و نەخشەکان بسڕنەوە»

**شانگ یۆ گوتی :**

«سومافا دەڵێ : بیر و باوەڕی پڕوپوچ لە نێو بەرن»

٤٥. فەرماندە لە ڕێکارەکانی خۆی ئاڵوگۆر پێک دێنێ و نەخشەکانی خۆی دەگۆڕێ بۆ

ئەوەی کەس نەزانی نەخشەی ئەسلی ئەو چییە.

**شانگ یۆ گوتی :**

«ئەو ڕێکارانەی کە پێشتر بەکار هاتوون و ئەو نەخشە کۆنانەی کە لە ڕابردوودا بە باشی چوونەتە قۆناغی جێ بەجێ کردن دەبێ ئالوگۆریان بەسەر دا بێ»

٤٦. فەرماندە شوێنی ئوردوگای خۆی دەگۆڕێ و بە کوێرە ڕێگایاندا دەچێتە پێشی و بەو شێوەیە نەخشەو گەڵاڵەکانی پتەو وریَ تێچوو دەکا.

٤٧. فەرماندەی سپا خۆی دەچێتە قووڵایی خاکی دوژمن و یەکەم چەغماغەی شەڕ لێ دەدا.

٤٨. فەرماندە کەشتی و بەلەمەکان دەسووتێنێ و مەنجەڵەکان دەشکێنێ و وەک شوانان هەر جاری سپا بەلایەک دا دەباتە پێش، لەو حاڵەتەدا هیچ کەس نازانێ نیازی فەرماندە چییە.

٤٩. فەرماندە رێکەوتێک بۆ هەمووان دیاری دەکا و دوای ئەوە کە هەمووان گەیشتن و کۆبوونەوە، ڕێگای گەڕانەوەیان لێ دەبەستێ، ڕاست وەک ئەوە وایە کە پێژەیەک لەبن پێ واندا بشکێنی.

٥٠. فەرماندەیەک کە نەخشەی دەوڵەتی دراوسێ نەزانێ ناتوانی لە کاتی خۆی دا پەیمانی یەکیەتی لەگەڵ ببەستێ. ئەگەر بارودۆخی جوگرافیایی تایبەت بە کێوەکان و لێڕەوارەکان و زەلکاوەکان نەزانین ناتوانین سپا ڕێبەری بکەین و ئەگەر نەتوانین لە بەڵەد و ڕێ نیشاندەری خۆجێی کەلک وەربگرین ناتوانین لە زەوی کەلک وەربگرین. ئەوەندە بەسە کە فەرماندە یەکێک لەو سێ هۆکارە لەبەر چاو نەگرێ ئەو کات وەک فەرماندەی سپای وڵاتیک نایتە ئەژمار.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«فەرماندەیەک نەتوانێ لە هێز و توانای سپاکەی خۆی بە باشی کەلک وەربگرێ قابیلی سەرکۆنە و تەنبێیە»

٥١. کاتێک پاشایەکی دەست ڕۆیشتوو هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتێکی بەهێز، هەوڵ دەدا بارودۆخێک بخولقێنی کە دوژمن توانای کۆکردنەوەی هێزەکانی نەبێ و لەهەمان کات دا ڕێگری دەکا لە هاوپەیمانانی کە هاوکاری بکەن.

**مەئی یائوشن گوتی :**

«کاتێک هێرش دەکەیە سەر دەوڵەتێکی گرینگ، هەوڵ بدە ئەگەر دەتوانی دابەشی بکە ئەو کات ئیمکانات وکەرەسەکانی ئێوە زیاد لە پێویست بەش دەکا»

٥٢. ئاکامی باسەکە ئەوەیە فەرماندەی لێزان لەگەڵ هاوپەیمانەتی بەهێز خۆی تووشی شەڕ ناکا و ڕێگا خۆشکەرنابێ بۆ خۆنیشاندانی هێزی دەوڵەتانی دیکە و مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ئەو ڕاستییە بەسەر نەیارەکانی خۆی دا دەسەپێنێ و بەو شێوەیە دەتوانێ شارەکانی دوژمن داگیر بکا.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«مەبەست لە پاشای دەست ڕۆیشتوو کەسێکە لەگەڵ ئاغا و دەرەبەکەکان نابێتە هاوپەیمان و هەموو پەیمانەکان و هاوپێوەندیەکان لەگەڵ ئیمپراتوری دەپسێنێ و حاکمیەتی خۆی پەرە پێ دەدا و لە کەسایەتی و ئیعتیبار و ئازایەتی خۆی کەلک وەردەگرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی»

**تومۆ گوتی :**

«ئەو بەندە دەڵێ ئەگەر لە ڕێگای بەستنی پەیماننامە باوەڕمان بە یارمەتی دەوڵەتانی دراوسێ نەبێ لە هەمان حاڵدا نەخشەکانی شەڕ بە شێوەی گونجاو و بە سرنجدان بە بارودۆخەکە ڕێک نەخرێن و بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆمان و سەپاندنی ئەوان بەسەر دوژمن دا تەنیا پشت بە هێزی نیزامی و شەڕکەری خۆمان ببەستین ئەو مەترسیە هەیە کە شارەکانمان بکەونە دەستی دوژمن و دەوڵەتەکەمان بروخێ»

٥٣. بێ سرنجدان بە داب و نەریتی باو تەشویق بکەن و خەڵات بدەن و فەرمانەکان بێ لەبەر چاوگرتنی داب و نەریتی کۆن دەربکەن. بەو شێوەیە دەتوانن هەموو سپا وەک یەک کەس هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەن.

**شانگ یوو گوتی :**

«... ئەگەر کۆمەڵێک ڕێو شوێنی تایبەت بە تەشویق و تنبیەکان بە دروستی دارێژراوبن و بە خێرایی بەڕێوەبچن دەتوانین ڕادەیەکی زۆر لە کەسەکان وەک کۆمەڵە کەسێک بە کاریان بێنین»

٥٤. بێ ئەوە تاکەکانی سپا لە ناوەرۆکی گەڵالە و نەخشەکان ئاگادار بکەنەوە، بەکاریان بێنین بێ ئەوەی باس لە مەترسییەکانی چالاکی و عەمەلیاتی نیزامی بکەین و لەوان بۆ وەدەست خستنی ئیمتیاز کەلک وەربگرین. ئەوان لە بارودۆخێکی مەترسی دار بهاوێین چونکە توانایان هەیە لەو باردۆخە رزگاریان ببێ. ئەوان بخە نێو زەوی مەرگ هێنەر بە ساغ وسڵامەتی رزگاریان دەبێ. چونکە کاتێک سپا لە بارودۆخێکی وا دا قەرار دەگرێ بێ ئەوە شکان قەبووڵ بکا ئیمکانی هەیە سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

٥٥. لەهەر حاڵەتێک دا ئەوەی لە چالاکی نیزامی گرینگە جێ خستنی ئەو بابەتەیە کە خۆمان لەگەڵ گەڵالە و نەخشەکانی دوژمن هەماهەنگ بکەین.

٥٦. هێزی خۆت بە دژی دوژمن رێک بخە، لە مەودای «هەزار لی» دەتوانی فەرماندەی دوژمن بکوژی، گەیشتن بە ئامانج لە رێگای فێڵ و فریودان و تەردەستی و خێرایی پێ دەگەگوترێ هونەری شەڕ.

٥٧. ئەو ڕۆژەی کە هێرش دەستی پێ کرد ڕێگاکان بگرن و ئیجازەکانی هاتووچۆ هەڵوەشێنەوە. هەموو پەیوەندیەکان لەگەڵ نێردەراوەکانی دوژمن بپچرێنن شورای پەرستگا هان بدەن بۆ ئەوەی نەخشەکانی جێ بەجێ بکا.

٥٨. کاتێک دوژمن بۆ ئێوە هەل و دەرفەتێکی رەخساند، ئەو هەلە بقۆزنەوە و بە داگیرکردن و دەست بەسەر دا گرتنی شتێک کە بۆ ئەو گرینگە بە سەری دا زاڵ بن و لەو کات و ساتەی کە بە نهێنی دیاریتان کردووە دەست بەکاربن.

٥٩. بە پێی رێ و شوێنی دوکتورینی نیزامی بۆ بریار دانی شەڕ دەبێ لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ و وەزعی دوژمن بن.

٦٠. هەر بەو هۆکارە لە سەرەتا وەک کچۆڵەیەک ئارام و لەسەرە خۆ بن و کاتێک دوژمن کەلێنێکی تێ کەوت وەک پڵینگێکی خێرا و چالاک دەست بەکار بن لەو کاتە دا دوژمن لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئێوە عاجز و داماو دەبێ.

# بەشی دوازدە

## هێرش بە ئاور

**سون تزو گوتی :**

١. هێــرش کردن بە ئاور پێنچ ڕێگای هەیە : یەکەم ســووتاندنی نەفەرات، دووهەم سووتاندنی ئازووقە، سێهەم ســووتاندنی کەلوپەل، چوارەم سوتاندنی ئەنباری چەک و چۆل، پێنجم کەلک وەرگرتن لە ماددەی سووتێنەر لە ڕێگای هاویشتن.

٢. بۆ کەلک وەرگرتن لە ئاور دەبێ لە هێندیک کەل و پەل کەلک وەربگرێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«لەو خەیانتکارانە کە لەریزەکانی دوژمن دان کەلک وەربگرن»

**شانگ یو گوتی :**

«هێرش کردن بە ئاور بەندە بە بارودۆخی کەش و هەوا»

٣.کەل و پەل و ماددەی سووتەمەنی هەمیشە دەبێ لەبەر دەستان دابێ.

**شانگ یوگوتی :**

«هەموو کات دەبێ کەرەسەکان و ماددەی سووتەمەنی لە پێش دا ئامادە کرابن»

٤. بۆ هەڵکردن و داگریسانی ئاور پێویستمان بە قۆناغی لەبار و گونجاو هەیە.

٥. مەبەســت لە قۆناغی لەبار ئەو کاتەیە کە وەرزی گەرماییە و مەبەســت لە کاتی گونجاو ئەو کاتەیە کە مانگ لە ڕوخساری فەلەکی چەماوەی دایە چونکە لەو کاتانەدا با هەڵدەکا.

٦. لە هەر حاڵەتیک دا لە کاتی هێرش کردن بە ئاور دەبێ لە بەرامبەر ئالوگۆرەکاندا دژ کردەوە لە خۆت نیشان بدەی.

٧. کاتێک نێو ئوردووی دوژمن ئاوری تێبەر بوو بێ خۆ مەعتەل کردن هەموو چالاکی یەکان هەماهەنگ بکەن بەڵام ئەگەر ئەفرادی سپای دوژمن ئارامی خۆیان پاراست لە هێرش کردن پەلە مەکەن.

٨. کاتێک ئاور گەیشتە ئاخرین ڕادەی سووتێنەری خۆی بەو جۆرەکە ئیمکان دەبێ بە دوای کارەکە دا برۆن و ئەگەر نەکرا چاوەروان بمیننەوە.

٩. ئەگــەر دەتوانن ئاور لــە دەرەوی ئوردووی دوژمن بکەنەوە بەشــێوەیەک بێ کە

ئاورەکە بەرەو ناوەوەی خێوەتگاکانی دوژمن بڕوا پێویست ناکا ئەو ئاورە لە نێو ئوردووگاوە دیار بێت. لە کاتی پێویست دا ئاگرکە داگریسێنن و خۆتان لە گەزەندی ئاورەکە دوور بگرن.

١٠- کاتێک کە باو و ئاور پیکەوە هاوکارن هێرش مەکەن.

١١- هەر کاتێک لە ڕۆژدا بایێ هات، شەو ڕادەوەستێ.

١٢- ئەگــەر وایە دەبێ ســپا پێنج بابەتــی جیاوازی هێرش بە ئاوربناســی و بە دائیم لەسەر هەست و وریابێ.

١٣- کەســانێک کە ئاور بۆ پشــتیوانی هێرشــەکانی خۆیان بە کاردێنن، هاودەست و پێوەندی نهێنیان هەیە وکەسانیک شاڵاوی ئاو بەکاردێنن خاوەنی هێزن.

١٤- ئاو دەتوانی دوژمن تەریک بکاتەوە بەڵام ناتوانی زەخیرەی خواردەمەنی و کەل و پەلی ئەو لە نێوبەرێ.

١٥- کەلک وەرنەگرتن لە ئاکامی ســەرکەوتن لە شــەڕەکان بۆ وەدەســت خســتنی ئامانجەکان شتێکیناموبارەکە و بە فیروودانی کاتە.

١٦- هەر بەو هۆکارە گوتراوە کە حاکمانی گەش بین سەبارەت بە نەخشە و گەڵاڵەکانی شەڕ پێکەوە راوێژ دەکەن و فەرماندە بە تواناکانیش ئەو نەخشانەی ئیجرادەکەن.

١٧- ئەگــەر کارێک بە قازانجی دەوڵەت نەبێ بۆ لای مەچــن، ئەگەر دەزانی ناتوانی ســەرکەوتووبێ پەنا بۆ هێزە چەکــدارەکان مەبە و ئەگەر لەمەترســی دانەبووی خۆت تووشی شەڕ مەکە.

١٨. حاکم ناتوانێ ســپایەک تەنیا لەبەر تووڕەیی خۆی ئامادە بکا و فەرماندەکانیش ناتوانن لە ژێر کاریگەری ڕق و بێزاری ئەو دا شەڕ بکەن. چونکە ئیمکانی هەیە مرۆڤی تووڕە دوای ماوەیەک ئارامی خۆی وەدەست بێنێتەوە و مرۆڤی بریندار بۆ جارێکی دیکە هەست بە ئاسوودەیی بکاتەوە بەڵام دەوڵەتێک کە تێک ڕووخاوە جارێکی دیکە ناتوانێ دروســت بێتەوە و سەقامگیری خۆی وەدەست بێنێتەوە وەک ئەوە وایە کە مردووکان جارێکی دیکە بۆ ژیان ناگەرێنەوە.

١٩- هــەر بەو هۆکارە حاکمی گەش بین بــە پارێزە و فەرماندەی باش بە ئاگاییەوە و پێشگیری لە حەرەکەتی بێ لێکدانەوە و سەرە ڕۆیانە دەکەن.

# بەشی سێزدە

## کەڵک وەرگرتن لە مەئمورینی نهێنی

**سون تزۆ گوتی :**

١-کاتێک سـپایەکی سـەد هەزار کەسی ئامادەیە و ڕەوانەی شـەڕێکی دووردەست دەکرێ، هەزینەیەک کە خەڵک تەحمولی دەکەن بە ئیزافەی ئەو ڕادەیە کە خەزێنەی دەوڵەت خەرجی دەکا لەسـەر یەک هەر ڕۆژێک دەکاتە سـەد هەزار سکەی زێر. لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دڵەراوکێ و دوو دڵی و هاسۆزی دروست دەکا و خەڵک بە هۆی دروسـت کردنی کەلوپەل و پێویستیەکانی ڕاگواسـتن لە پێ دەکەوێ و لەو حاڵەتەدا کاروباری حەوت هەزار بنەماڵە پەکی دەکەوێ.

**تسائۆ تسائۆ گوتی :**

«لەسـەردەمی کۆندا کۆمەڵگایەک لە هەشـت بنەماڵە پێک دەهات،کاتێک پیاوی یەکێک لە بنەماڵەکان ڕەوانەی سەربازی دەکرا بە حەوت بنەماڵەکەی دیکە کاروباری بنەماڵەی هەشتەمیان ڕادەپەراند. بەو پێیە کاتێک سپایەکی سەد هەزار نەفەری ئامادە دەکرا حەوت هەزار بنەماڵە نەیاندەتوانی زەویەکانیان بۆ کشتوکاڵ ڕەعەمەل بێنن»

٢- فەرماندەیەک کە چەندین سـاڵە لـە بەرامبەر دوژمن دا ڕاوەسـتاوە و چاوەڕوانە لە شـەڕێکی چارەنووس سـازدا سـەربکەوێ بەڵام بە هۆکاری پێ نەدانی پلە و پایە و عینوانی جێ شانازی و یا دانی چەند سەد دراوی زێر توورە دەبێ و لە بارودۆخی دوژمن بێ خەبەردەبێ، ئەو کردارە دوورە لە نیشـتیمان پەروەری و کەسێکی لەو بابەتە نازانی فەرماندەی یانی چی و بە هیچ جۆر پشـتیوانی حاکمی خۆی نییە و ئەو جۆرە کەسـانە ناتوانن سەرکەوتن بە دەست بێنن.

٣- هەر بۆیە پاشای گەشبین و فەرماندەی ئاگا هەر جارێک کە دوژمن هێرش دەکا بە یەکەوە ئەوی تێکدەشـکێنن و ئەگەر گرینگی ئەو کارانە کە بەرێوە چووە لە ڕادەی چاوەروان کراو زیاتر بوو هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ بوونی زانیاری پێشوو.

**هوین هسی گوتی :**

«لە کتێبی «شـعائر» زنجیرەی (شـو)، لە بەشی ئەفسـەرانی نیزامی دا بە عینوانی بەرێوەبەری سیخوری نەتەوەیی هاتووە. ئەو ئەفسەرانی عەمەلیاتی نهێنی لە دەرەوی وڵات ئیدارە دەکەن»

٤- ئەوەی بە عینوانی زانیاری پێشــوو باســی لێــوە دەکرێ لە ئــەرواح، خواکان و لە هەڵســەنگاندنیان لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو ســەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو دەبێ ئەو زانیاریانە لە مرۆڤەکان وەربگیرێ هەتا هەلو مەرج و بارودۆخی دوژمن بناسین.

٥- لەبەر ئەوە دەتوانین لە پێنج مەئموری نهێنی کەلک وەربگرین :«مەئمورینی خۆ وڵاتی، ناوخۆیی، دووسەرە، باڵندە، بە سەربازکردن لەڕیزی دوژمن»

٦- کاتێک ئەو پێنج جۆرە لە مەئمورین هەموویان هاوزەمان لە کار دابن و هیچ کەس بە کاریان نەزانی پێیان دەگوترێ (کلافی پیرۆز) و گەنجینەی حاکم دروست دەکەن.

٧- مەئمورەکانی خۆوڵاتی هاووڵاتی  وڵاتی دوژمنن.

٨-مەئمورینی ناوخۆیی لە کار بەرێوەبەرانی دوژمنن.

**تومو گوتی :**

«لە چینی موچە خۆرانی دەوڵەت دا کەسانی شایستە هەن کە لەسەر کار لادراون و کەسانی دیکەش هەن کە بەهۆی خەتاو هەڵەوە سزادراون و هیندیک سیخوریش هەن کە  لە ئارەزوی ســەروت و ســامان دان و کەسانێکیش هەن کە بە هەڵە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە مەسئولیەتی بچووک دا ڕاگیراون و کەسانیکیش هەن کە بە پۆست و پلە و پایە نەگەیشــتوون و کەسانیکیش هەن کە تەنیا بیریان لەسەر ئەو کاتانەیە کە هالۆزی و بێ ســەروبەرەیی ڕوودەدا و هەتا ئــەو بارودۆخە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. کەســانێک هەن کە دوو ڕوون و هەمووکات چاوەڕوانی ئەوەن کە بزانن بای دەسەڵات لە کام لاوە هەڵدەکا. لە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە باسکرا دەتوانین بە نهێنی وەزعییەتی ماددی ئەوان هەڵبســنگێنین و زێر و ئاوریشــمیان پێ بدەین و بەو جۆرە ئەوان وابەســتەی خۆمان بکەین و ئەو کاتەی پێوەندیەکە بە تەواوی دروســت بوو بۆ وەدەست خســتنی زانیاری لەســەر بارودۆخی دوژمن کەڵکیان لێ وەربگرین. بێجگە لەوانە ئەو کەسانە دەتوانن ببنە هۆی پێکهێنانی دووبەرەکی و نێوان ناخۆشی لە نێوانی حاکم و وەزیرەکان و کارێک بکەن کە لە نێوانان‌دا لێک حاڵی بوون و یەکیەتی نەمێنێ»

٩- مەئمــووری دوولایەنــەی کــە ئێمــە دەمانهەوێ کەڵکــی لێ وەربگریــن لە نێو سێخوورەکانی دوژمن هەڵیاندەبژێرین.

**لی شوان گوتی:**

«کاتێک دوژمن سیخورەکانی دەنێرێ هەتا لەسەر ئێمە زانیاری کۆ بکەنەوە من لەوپەڕی دەست ئاوەڵەیەوە بەرتیل بە ئەوان دەدەم و بەرەو ناوچەی دوژمن دەیانگێرمەوە و بەو جۆرە دەیانکەم بە مەئموری تایبەتی خۆم»

١٠- مەئمورینی «بە سەربازکراو» لە ڕیزی سیخورەکانی ئێمەن و خۆمان زانیاری دورست کراو و هەڵەیان پێ دەدەین.

**تویو گوتی :**

«لە ڕاستی دا ئەو زانیاریانە لە بنەڕەت ڕا هەڵەن و بە ئانقەست دزیان پێ دەکەین هەتا لە ڕێگای مەئمورینی خۆمانەوە بگاتە بە دەستی دوژمن. کاتێ ئەو مەئمورانە لەسەر خاکی دوژمن دەست بەسەر دەکرێن ئەو زانیاریە ناراستانە دەدەن بە دوژمن و دوژمن ئەو زانیاریانە باوەڕ دەکا و بە پێی ئەوانە خۆی ئامادە دەکا بەڵام سروشتیە ئێمە بە جۆرێکی دیکە و بە پێی گەڵاڵەی خۆمان عەمەل دەکەین و کاتێک بۆ دوژمن ڕوون دەبێتەوە کە زانیاری سیخورەکە هەڵە بووە و دەسبەجی ئەوی دەکوژن»

**شانگ یو گوتی :**

«لە سەردەمی پاشایی ئێمە دا (تسائۆ) سەرۆکی ناوەندی سپا ڕۆژێک مەحکوم بە ئیعدامێک دەبەخشێ و ئەوی بە ڕوخساری پیاوێکی ئاینی دەرهێنا و کەمێک مۆمی کە بە ڕادەی کەلاشووشەیەک بچووک دەبوو دەرخواردی کابرای دا و ناردی بۆ لای «تانکو»کان. ئەو کەسە هەر کە گەیشتە لای تانکوکان لەگەڵ خەڵکی دیکە دەست بەسەریان کرد و ڕەوانەی زیندانیان کرد. کابرا لە ترسان باسی ئەو مۆمەی کرد کە دەرخواردی دەرابوو و مۆمەکە لە پیسایی کابرا دا دۆزرایەوە. دوای ئەوە کە مۆمەکەیان کردەوە نامەیەکی تێدابوو کە تسائۆ سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ مودیری بەرنامە ڕێژی ستراتیژی خۆی نوسیبووی، نامەکەیان خوێندەوە و بەپێ ناوەڕۆکی نامەکە جووڵانەوە، بەڵام لە ئاکام دا زانیان فریویان خواردووە هەر بۆیە سەرۆکی تانکۆکان خۆی پێ نەگیرا و وەزیر و کابرای سیخووری کوشت»

١١- مەئمورینی باڵندە ئەو مەئمورانن کە زانیاری دەگوازنەوە.

**تویو گوتی :**

«پیاوانی بە هۆش و بە پارێز هەڵدەبژێرین کە بتوانن لەگەڵ ئەو کەسانە لە ئوردووی دوژمن دان و لەگەڵ حاکم و شــازادەکانی وڵات دۆستایەتی و هاموو شۆیان هەیە. ئەو کەســانە دەتوانن جم و جۆڵەکانی دوژمن لە نزیکەوە ببینن و لە کردار و نەخشــەکانی ئەوان بزانن. کاتێک وەزعییەتی ڕاستەقینەی دوژمنیان زانی دەگەڕێنەوە و زانیاریەکان دەدەنەوە بە ئێمە. هەر بۆیە ئەو جۆرە مەئمورانە مەئموری جووڵاویان پێ دەڵێن»

**تومۆ گوتی :**

«ئەوان ســیخوورێکن کە دەتوانن بڕۆن و بگەڕێنەوە و ڕاپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوە. بۆ ســیخووری جولاو دەبێ لە کەسانێک کەلک وەربگری کە بە هۆش و زیرەکن بەڵام ڕوخساریان وەک کەسێکی گەمژە دەنوێنی و بە پێچەوانە ئەو ڕوخسارە کەسێکی ئازا و نەترسە و بۆ ئەنجام دانی کاری خۆی لە سەرما و گەرما و برسیەتی ناترسێ و تەحەمولی هەموو نارەحەتیەک دەکا»

١٢- لــە نێو ســپادا مەئمورینــی نهێنی لە هەموو کــەس زیاتر لــە فەرماندەی هێزە چەکدارەکان نزیک ترە و ڕادەی موچە و پاداشتی هیچ کام لە ئەفرادی سپا لە مەئموری نهێنی زیاتر نییە و لە نێو بابەتەکاندا هیچ بابەتێک بە ڕادەی ڕاپۆرتی مەئموری نهێنی گرینگ نییە.

**مەئی یائوشین گوتی :**

«مەئمورینی نهێنی ڕاسپاردە و فەرمانەکانی خویان ڕاستەوخۆ لە فەرماندەی گشتی هێــزە چەکدارەکان وەردەگرن و ئەو بابەتانەی کە لە نێوان فەرماندە و مەئموری نهێنی دا باس دەکرێن بابەتی نهێنین کە کەرەسەی گواستنەوەیان لە ڕیگای زار بۆ گوێ یە»

١٣- فەرماندەیەک کە وریا و وشیار و بەپارێز نەبێ ناتوانی مەئموری نهێنی بەکار بێنێ و کەسێکی وردبین و تەردەست نەبێ ناتوانی ڕاستیەکان لە ژێر زمانیان دەربکێشی.

**تومۆ گوتی :**

«پێش هەر شتێک پێویستە کە تایبەتمەندی سیخورەکان هەڵسنگاندنیان بۆ بکرێ و دیاری بکرێ کە ئایا ئەوانە ســادق و جێگای باوەڕن و زیرەک و بە هۆشن یانا؟ دوای ئەو هەڵســنگاندنە دەتوانین بەکاریــان بێنین. لە نێو مەئمورەکاندا کەســانیک هەن

تەنیا مەبەستیان دەوڵەمەند بوونە بێ ئەوە لە هەوڵی ئەوە دابن کە بارودۆخی دوژمن شناسایی بکەن و ئەو جۆرە کەسانە وەڵامی داواکانی من بە وەڵامی بێ بنەما دەدەنەوە و لەو کاتانە دا دەبێ زیرەکی و فێڵەزانی بەکاربێنم دوای ئەوە دەتوانم ڕاستی و دروستی وتەی سیخورەکان دەست نیشان بکەم و لە نێوان ڕاستی و ناڕاستی کامیان لەگەڵ واقع دەگونجیێ جیاوازی دابنێم»

**مەئی یائوشن گوتی :**

«لە بەرامبەر سیخورێک دا کە بۆتە پیاوی لایەنێکی دیکە ئیحتیاتی پێویست لەبەر چاوبگرن»

١٤- لە ڕاستی دا بابەتی سیخوور بابەتێکی زۆر ورد و زەریفە چونکە لە هیچ جێگاو شوێنێکدا نییە کە کەڵکی لێ وەرنەگیرێ.

١٥-ئەگەر نەخشەکانی تایبەت بە چالاکی و عەمەلیاتی نهێنی پێشتر ئاشکرابێ، هەموو ئەو کەسانەی کە سەبارەت بەو بابەتە قسەیان لەگەڵ کراوە دەبێ بکوژرێن.

**شن هائو گوتی :**

«... دەتوانی ئەوان بکوژی بۆ ئەوەی زاریان ببەستی هەتا دوژمن گویێ لە قسەی ئەوان نەبێ»

١٦- لە سەر یەک ئەگەر دەتانهەوێ لە هێزە چەکدارەکانی دوژمن بدەی یا هێرش بکەیە سەر شارەکان دەبێ ناوی فەرماندەی سپا و ئەفسەرانی ناوەندی فەرماندەهی سپا، مەئموورانی جێبەجێ کار، دەرکەوان و پاسەوانەکانی بزانی. پێویستە سیخوورەکانی خۆت ڕاسپێری کە لەسەر ئەو بابەتانە زانیاری کۆبکەنەوە.

**تومۆ گوتی :**

«ئەگەر دەمانهەوێ هێرش بکەین دەبێ ئەفرادی سپای دوژمن بناسین و بزانین کە کەسانیکی وریا و زیرەکن یا کورت بین و ناهوشیارن، ئارامن یا توندوتیژن. کاتێک ئەو تایبەتمەندیانە زاندرا بە و پێیە ئامادەکاری دەکەین. کاتێک پاشای هان (هان هسین)، (تسائۆتسائۆ)، (کوان ینیک) ڕەوانەی دەکردن هەتا هێرش بکەنە سەر (وئی پائو)، پرسیاری کرد فەرماندەی گشتی سپای دەوڵەتی(وئی) کێیە؟ وەڵامیان داوە

گوتیان (پوشه). پاشا گوتی زاری بۆنی شیری خاو دەدا ئەو ناتوانی لەگەڵ (هان هسین) بەرابەری بکات. دوای ئەو پرسیارە پاشا دیسان پرسی کە فەرماندەی سوارە نیزامیان کێ یە؟ وەڵامیان دایەوە (فنگ شینگ) پاشا گوتی ئەوە کوری ژێنەڕاڵ (فنگ ووشە) سەر بە هۆزی (شین)ە هەر چەند پیاوێکی بە توانایە بەڵام ناتوانی لەگەڵ (کوان ینیک) بەرابەری بکا. دیسان پاشا پرسی فەرماندەی پیادە نیزامیان چ کەسێکە؟ وەڵامیان داوە (هسیانگتو)یە، پاشا گوتی : جیاوازی نێوان ئەو (تسائۆ تسائۆ) زەوی هەتا ئاسمانە، هەر بۆیە هیچ هۆکارێک شک نابم کە نیگەران بم»

١٧- ناسینی ئەو مەئموورانەی دوژمن کە لە هەوڵی ئەوە دان زانیاری لەسەر ئێوە کۆ بکەنەوە و ئێوە بەکاریان بێنن و بیانخەنە خزمەتی خۆتان گرینگی زۆری هەیە. ئەوان پەروەردە بکەن و ئاگاتان لێیان بێت و بەو جۆرە سیخوری دوولایەنە دروست دەبێ و دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین.

«بۆ سیخوری دوولایەنە لە نێو هاوولاتیانی خۆتان کەسانێکی ماڵ پەرست هەیە کە بۆ ماڵی دنیا هەموو کارێک دەکەن دەتوانن ئەوانە بێننە ژێر ڕکێفی خۆتان و کاریان پێ بکەن».

١٨- بەو جۆرە ئەو مەئمورەی کە بە سەرباز کراوە بە زانیاری هەڵەوە ڕەوانەی لای دوژمن دەکرێ بۆ ئەوەی زانیاری هەڵە بگاتە دەستی دوژمن.

**شانگ یو گوتی :**

«لەو ڕوانگەوە کە سیخورە دوولایەنەکان دەزانن کە دوژمن لە چ ئاستیک دایە و نوقتەی لاوازی کوێیە و لە کوێ زەربە دەخوا دەتوانی لە ڕێگای سیخووری بە سەرباز کراو زانیاری هەڵە بدەی بە دوژمن»

١٩- بەو شێوەیە لە کاتی پێویست دا لە سیخووری جووڵاو و لە حاڵی حەرەکەت دا کەلک وەردەگرین.

٢٠- حاکم دەبێ لە کار و تێکۆشانی ئەو پێنج سیخوورە ئاگادار بێ بۆ ئەوەی زانیاریەکان لە کاتی خۆیدا بگاتە دەستی حاکم و لە هەمان کات دا پێویستە لەگەڵ ئەو کەسانە بەو پەڕی دەست ئاوەڵەیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ.

٢١- زنجیرەی پاشــایی (یین) بۆ بە دەسەڵات گەیشتین قەرزداری (ئی شیە) بوو کە خزمەتی بە (هیســا)ی دەکرد و (شو)کان بە یارمەتی (لویر) کە لە خزمەتی (یین)کان دا بوو بە دەسەڵات گەیشتن.

**شانگ یو گوتی :**

«(ئی شــیە)، وەزیری (هســیاکان ) بــوو و کەوتە خزمەتی (ییــن کان) و (لو وانگ) وەزیری (یین)کان بوو کەوتە خزمەتی(شوو)»

٢٢- لــەو ڕووەوە تەنیا حاکمی ڕۆشــەن بین و فەرماندەی بە توانــا دەتوانن بۆ بەڕێوە بردنی کارە گەورەکان زیاتر لە کەسانی بە هۆش و زیرەک کەڵک وەربگرن و سەرکەوتن بە دەست بێنن.

٢٣- لە شــەڕ دا پاراستنی نهێنی پایە و ئەساسێکی گرینگە بۆ حەرکەتی سپا و پیادە کردنی ئەو نەخشە و پیلانەی کە داڕێژراوە.

**شالین گوتی :**

«ســپایەک کە ســێخووری نهێنی نییە ڕاســت وەک ئەو مرۆڤەوایە کە چاو و گوێی نییە»